


# کۆرۆنانامەی ژنێک

نووسینی: د نەزەند بەگیخانی

کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: رەحمان نەقشی

# کۆرۆنانامەی ژنێک



نەزەند بەگیخانی زانکۆی سیانسپۆ - پاریس

## ناوڕۆک:

١

ڤایرۆسی کۆرۆنا داعشێکی نادیارە و لە هەموو شوێنێکە

سیستەمی سەرمایەداری مرۆڤایەتیمان هەڵدەلوشێ

بەسەربردنی کات لەناو چوارچێوەیماڵدا

نیگەرانییەکانی ژنێکی مەغریبی

ڤایرۆسی کۆرۆنا و جێندەر

٢

رۆژەکانی هەفتەی دووەم

تۆتالیتاریزمی چاودێری و مەترسییەکانی ئایندە

پەروەردەی ڤێرتوال و قووڵبوونەوەی نایەکسانی

رۆلی کولتوور لە تێپەڕاندنی ئەم دۆخە

سیانسپۆ و تێلەکۆنفرانس

ئێتیکی کۆلۆنیالی و پۆست - کۆلۆنیالی

جەژنی نەورۆز لەبەر رۆشنایی مۆمێک

پێچەوانەی ئەوە دڵی تاریک بوو؟

ڕەنگکردنی ڕۆژەکان بە پێکەنین

٣

بۆچی و بۆ کێ خۆمان جوانپۆش دەکەین؟

جوانپۆشی و ئارایشکردن وەک پرسێکی ئێتیکی و ئێستێتیکی

کێ دەڵێ بە کردەی جوانپۆشی مرۆڤ بۆشاییەکی ڕۆحی پڕ ناکاتەوە؟

جەنەراڵ و سەگەکەی لە ڕۆژگاری کۆرۆنادا

پەتای کۆرۆنا یا پەتای بێباکی و تاکڕەوی؟

نایەکسانی و توندوتیژی لە زیادبوون دان

ساتێ بۆ پیاسەی مراوییەکان لە شانزەلیزێ

خۆگونجاندن لەگەڵ دۆخە سەختەکان

٤

کەرەنتینە یا ماڵنشینکردن

مەرگی ڕەش و ڕەگی وشەی کەرەنتینە

گوندی لوبین لە نێوان دوێنێ و ئەمڕۆدا

جەنگەکان و ژیانی پەرتوبڵاوی مرۆڤی کورد

زینێ وەرتێ و مۆتەکەی جەنگ

دوا کۆرسی زانکۆ و وتەکانی کچێکی فیلیپینی

لە فەرەنسا چ باسە؟

جیهانی سبەینێ

سڵاوێک لە جوانی

٥

ئازادیی دوای کۆرۆنا

یەکەم سەفەری دوای ماڵنشینکردن

دواساتەکانی ماڵنشینکردن

کوردبوون: کاتێک جەستە و سەر لێک دەترازێن و دەبین بە دوو لەتەوە

سەردەمی پاش حەقیقەت

کۆتایی ساڵی ئەکادیمی

سەدای گریانی گۆی زەوی و تەنیایی ئێمە

دوا گوتە

## پرۆفایل - Profile

## د. نەزەند بەگیخانی



د. نەزەند بەگیخانی نووسەر و شاعیر، مامۆستای زانکۆیە لە بەریتانیا، زانکۆی بریستل. لە ١٩٨٧ ەوە لە مەنفا دەژی و خوێندنی باڵای لە زانکۆی سۆربۆنی فەرەنسی تەواو کردووە. نامەی دکتۆراکەی تایبەت بووە بە "وێنەی ژنی کورد لەناو ئەدەبییاتی ئەوروپی سەدەی نۆزدە و سەرەتای سەدەی بیستەم" کە بە پلەی شەرەفی باڵا لە ١٩٩٧ پێی بەخشراوە.

د.نەزەند بەگیخانی وەکو شاعیرێکی جیهانی ناسراوە و جگە لە کوردی بە ئینگلیزی و فەرەنسیش دەنووسێ. بە کوردی شەش دیوانی شیعری و بە ئینگلیزی و فەرەنسی سێ دیوانی هەیە. لە ساڵی ٢٠١٢ دیوانی "دوێنێی سبەینێ" خەڵاتی فێمینی شیعری فەرەنسی بەناوی سیمۆن لاندری وەرگرتووە.

**دیوانە چاپکراوەکانی:**

دوێنێی سبەینێ، پاریس، کۆمەڵەی هونەرمەندانی کورد لە فەڕەنسا، ١٩٩٥

ستایش، هەولێر، دەزگای ئاراس، ٢٠٠٤

ڕەنگی خۆڵ (بە هاوکاری لەگەڵ دلاوەر قەرەداغی)، هەولێر، دەزگای ئاراس، ٢٠٠٥

دیوانی زەنگوڵی وتن، سلێمانی، چاپخانەی ڕەنج، ٢٠٠٧

عەشق غیابێکە ئیلهام رایدەژەنێ، سلێمانی، چاپخانەی ڕەنج، ٢٠٠٨

پیاسەیەک لەگەڵ جۆن دۆن، تاران - سلێمانی، غەزەلنووس، ٢٠١٧

د.نەزەند بەگیخانی یەکەمین سەرنووسەری ژن بووە لەناو کوردان کە بۆ ماوەی پێنج ساڵ سەرنووسەری مانگنامەی لومۆند دیپلۆماتیک بووە کە ئێستا لەبەر کێشەی دارایی هەڵپەسێنراوە. هەروەها وەکو سەرنووسەری تایبەت - میوان لە لایەن "کوردیش ستەدیس جۆرناڵ"ەوە داوەتکراوە بۆ دەرکردنی ژمارەیەکی تایبەت بە "ژن و جەنگ" بە هاوکاریی وەندی هەملیت و نێرینا وەیس. ئەم ژمارە تایبەتەی گۆڤارەکەکە لە مانگی حوزەیرانی ٢٠١٨ لە چاپ دەدرێت.

د. نەزەند بەگیخانی خاوەنی چەندەها وتار و کتێبی ئەکادیمییە و بە زمانانی کوردی و ئینگلیزی و فەڕەنسی، هەروەها لەناو میدیای کوردیدا ڕۆڵ و پایەکی مەعریفیی تایبەتی هەیە. دوا کتێبی بە زمانی ئینگلیزی لە ساڵی ٢٠١٥ لە لەندەن چاپکراوە و تایبەتە بە توندوتیژیی بە بیانوی شەرەف لە کوردستانی عێراق و لەناو دیاسپۆرای کوردی لە بەریتانیا (لەگەڵ هاوکارانی د. جیل و د. هەیگ، دەزگای ئاشگەیت). دوا وتاری ئەکادیمیشی بە زمانی ئینگلیزی لە "کوردیش ستەدیس جۆرناڵ" بلاودەکرێتەوە (لەگەڵ هەملیت و وەیس) بەناوی

'Theorising Women and War in Kurdistan. A feminist and critical perspective'

شایانی باسە کە د. نەزەند بەگیخانی لە چەندەها کۆنفرانسی نێودەوڵەتی بەشداری کردووە وەکو کۆنفرانسی نێودەوڵەتی یوئێن دەربارەی ژن لە پەکین (١٩٩٥)، ڕێپێوانی جیهانی ژنان لە واشینتن و بەشداری لە کۆنگرەی یوئێن لە نیۆرک (٢٠٠٠)، کۆنفرانسی نێودەوڵەتیی لە سوید بۆ بەرەنگاربوونەی تاوان لەسەر بنەمای شەرەف (٢٠٠٤). هەروەها ڕۆڵێکی دیاری هەبووە لە ئاراستەکردنی ستراتیژیی تایبەت بە کوشتن و تاوانەکانی شەرەفپارێزی لەسەر ئاستی ئەوروپا و کوردستان و یوئێن دا. وەکو پسپۆڕ لەگەڵ یوئێن ویمێن و یونامی و حکومەتی سویدی و سکۆتلەندیاردی بەریتانی کاری ڕاوێژکاری کردووە. ئێستاش وەکو پسپۆڕ ڕاوێژکاری نێودەوڵەتیی خوێندنی باڵاو جێندەرە لە هەرێمی کوردستان و دامەزرێنەری سەنتەری خوێندنی جێندەر و توندوتیژیی زانکۆی سلێمانییە، هەروەها لە ڕێگای نووسینی پرۆپۆزەڵەوە بناغەی دوو سەنتەری دیکەی ئەکادیمی

لە کوردستان داناوە، لەوانە زانکۆی سۆران و زانکۆی ئەمریکی. دوا توێژینەوەی د. نەزەند بەگیخانی تایبەتە بە وێنەی ژن لەناو میدیا لە کوردستان کە بەهاوکاری سەنتەری خوێندنی جێندەر و توندوتیژی زانکۆی سلێمانی ئەنجامی داوە.

جگە لە خەڵاتی شیعریی فێمینی فەڕەنسی سیمۆن لاندری، کارەکانی د. بەگیخانی چەندین خەڵاتییان پێبەخشراوە، لەوانە خەڵاتی ئێما هەمفریس بۆ چالاکی و خەباتی دژی تاوان بە بیانوی شەرەف (٢٠٠٠)، خەڵاتی یەکسانیی جێندەریی کوردستان (٢٠١٥) و خەڵاتی سەید ئیبراهیم بۆ سەرجەم بەرهەمەکانی (٢٠٠٩).

لە ئێستادا نەزەند بە هاوکاری هاوکارانی لە زانکۆی بریستڵ و ئەنجومەنی بەریتانیی بۆ توێژینەوەی ئابووری و کۆمەڵایەتی و بریتیش کاونسڵ، سەرپەرشتی توێژینەوەیەکی نێودەوڵەتی دەکات دەربارەی دۆخی ژن لەناو ئاوارە و پەنابەران لە هەرێمی کوردستان و بەریتانیادا.

https://www.nazandbegikhani.com/info/profile-638.html

-----------------------------------------------

١

# کۆرۆنانامەی ژنێک

### نەزەند بەگیخانی زانکۆی سیانسپۆ - پاریس

ماوەی هەفتەیەکە ژیانم بە تەواوی وەرگەڕاوە: هەموو شتێک وەستاوە و وا هەست دەکەم ئەوەی دەگوزەرێ ئەفسانەیە و لە حیکایەتە کۆنەکاندا بیستوومە، بەڵام هەرگیز چاوەڕوانی ئەوە نەبووم ڕۆژێک لە ڕۆژان بەسەرمان بێت.

ئەگەر ئەم دۆخە لە شێوەی داستانێکی زانستی لە فیلمێکی هۆلیوود پیشان درابا، هەرگیز نەدەچووم بۆ بینینی، ئەگەر کوڕەکەشم زۆر سووربوایە لەگەڵی بچم ئەوە بە دڵنیاییەوە لەوێ خۆم گرمۆڵە دەکرد و چاوم لەبەرامبەر هەندێ دیمەنەکان دەنووقاند و ترسێکی زۆر دایدەگرتم.

ترس و نادڵنیایی ئەو هەستە گەورەیەن کە ئەمڕۆ ناخی هەموومانی تەنیوە: لە لایەک ترس لە تووشبوون بە ڤایرۆسی کۆرۆنا و داخران و دەرنەچوون لە ماڵ، لەلایەکی دیکەش ترس لە سرووشتی ئاژەڵیانەی مرۆڤ و نادڵنیایی لە بەرامبەر داهاتوو، لە رووداوە لەناکاوەکان. ئەمڕۆ هەموو مرۆڤەکانی سەر گۆی زەوی هەست بەو ترس و نادڵنیاییە دەکەن و هەر یەکەشمان بە جۆرێک ئەزموونی ئەو قۆناخە ناهەموارە دەکەین.

## ڤایرۆسی کۆرۆنا داعشێکی نادیارە و لە هەموو شوێنێکە

من ماوەی دوو مانگ و نیو بوو وەک هەڵگری خەڵاتی ڤینست رایت و پرۆفیسۆری میوان لە زانکۆی سیانسپۆی پاریس دەست بەکاربووم. ئەو ئێوارەی سەرۆک ماکرۆن رایگەیاند کە دەبێ پێوەری خێرا وەربگرن و دام و دەزگاکان دابخەن، سامێکی گەورە بەسەر پاریسدا زاڵ بوو.

گەڕەکی لاتینی و سانت جێرمەن کە رۆژانە مۆنجەیان دەهات لە خەڵک و گەشتیار، وردە وردە چۆڵ دەبوون. ئەو ئێوارەیە لەگەڵ مسیۆ فرێدریک تیسۆ، کۆنسوڵی پێشووی فەرەنسا لە کوردستان، بە تەلەفۆن قسەمان کرد. باسی هەستکردن بە حاڵەتی جەنگمان کرد. من کە زۆر جەنگم بینیوە، پێموت ڤایرۆسی کۆرۆنا وەک داعشێکی نادیارە و لە هەموو شوێنێکە.

باسی ئەوەم کرد کە دۆخەکە سام و ترسی هاوینی ٢٠١٤ دەهێنێتەوە یاد کاتێ داعش لە مەخموور نزیک ببووەوە و مەترسی هێرشکردنە سەر هەولێر دەکرا. ئەوکات من لە هەولێر بووم و بینیم چۆن خەڵک شپرزە و تێکچوو بوون و هەندێکیان لە ترسی هێرشی داعش دەستیان بە کۆچ کرد، شاریان بەجێهێشت.

لە پاریسیش هەمان هەست زاڵ بوو، بەڵام خەڵک نەیاندەویست باوەڕ بهێنن و هەندێک گەنجی لاسار شەو تا درەنگان لەسەر جادەکان بوون و بە دەنگی بەرز قسەیان دەکرد و گۆرانیان دەوت. لە پلاس سانت میشێل پیاوێک جیهازێکی گەورەی دانابوو و بە بڵندگۆ میوزیکێکی خێرای سەمائامێزی پەخش دەکرد تا خەڵک لە ترس بڕەوێنێتەوە و بیانهێنێتە سەما. پەنجەرەی ئەپارتمانەکەم دەیڕوانییە سەر جادە و من ئەو شەوە تا بەیانی لەبەر نیگەرانی و دەنگەدەنگ نەمتوانی بخەوم.

ئەپارتمانەکەم لە باڵەخانەی زانستی مرۆڤ بەناوی فۆنداسیۆنی سووژێر بوو، کە کەوتووەتە گەڕەگی لاتینی پاریس. سیانس پۆ ئۆفیسێکی بۆ تەرخان کردبووم لە یەکێ لە ناوچە دڵڕفێنەکانی پاریس لە سانت جێرمەن، شەقامی جاکۆب کە

بە پێ حەوت دەقیقە لە ئەپارتمانەکەم دوور بوو. زانکۆی سیانسپۆ هەموو کاروبارەکانی ڕێکخستبوو بەجۆرێک کە گونجاوترین کەش بڕەخسێنی بۆ پێشوازیم و بۆ ئەوەی لە ماوەی مانەوەم بە تەواوی سەرقاڵی کاروبار و کۆنفرانس و کۆرسەکانم بن.

جگە لە یۆگا و مێدیتەیشنی بەیانیان، ژیانی ڕۆژانەم بریتی بوو لە کار: کۆبوونەوە و کۆڕ و کۆنفرانس و سیمینار و ئامادەکردن و وتنەوەی کۆرسەکان. وتنەوەی کۆرسیش واتە چەندەها کاژێر خوێندنەوە و ڕاڤەکاری و نووسین. ئەمانە هەموو وزە و کاتێکی زۆریان لێ دەبردم، بەڵام سەرەڕای سترێس، چێژم لێ وەردەگرت و ببوونە مایەی ڕێکخستنی ڕۆژەکانم، ڕێکخستنی کات لە پاریس.

## سیستەمی سەرمایەداری مرۆڤایەتیمان هەڵدەلوشێ

دەوامی ڕۆژانە کات ڕێکدەخات و ستروکتوری بۆ دادەنێت. لە دەرەوەی دەوامیش لە پاریس، هەمیشە شتێک مەشغولت دەکات. جگە لەمە، لە ڕۆژە ئاساییەکان گەڕەکی لاتینی و سانت جێرمەن مۆنجەیان دەهات لە خەڵک؛ بەرهەیوان و تارمەی قاوەخانە و ڕێستۆرانەکانی پڕدەبوون بە جۆرێک کە یەک کورسی بەتاڵ دەستنەدەکەوت بۆ پشوودانێک. ویکێندەکان، ئەگەر بە بێ حیجزکردنی مێز رووت بکردایەتە ڕێستۆرانێک، ئەوە بەدڵنیاییەوە شوێنت دەستنەدەکەوت و بە "پاردۆن ئۆنا پلو دوپلاس" وەدەردەنرای.

دەبوایە بۆ هەموو شتێک، هەموو دەرچوون و دانیشتن و دیدارێک پێشوەخت کات ڕێک بخەیت، مەوعید دابنێی، تەنانەت لەگەڵ هاوکارەکانیشم کە لە هەمان باڵەخانە و نهۆم کارمان دەکرد، دەیان ئیمەیلمان دەگۆڕییەوە تا مەوعیدێکمان ڕێکدەخست بۆ کۆبوونەوەیەکی کورت و خواردنەوەی قاوەیەک. هەموومان ببووینە ئامێری کار و لە مەکینەیەکی گەورەدا خولمان دەخوارد، مەکینەی سیستەمی سەرمایەداری کە مرۆڤایەتیمان هەڵدەلوشێ و لەناو ئاووهەوایەکی پیسبوودا ژیانمان دەگوزەرێنێ.

ئێوارانیش مرۆڤەکان هەموو ماندوو بوون، حەسانەوەش ئاسان نەبوو چونکە مێشکمان باربوو بوو بە شتە لاوەکییەکان و ئەستەم بوو بە هێمنی بگەڕێینەوە لای جەوهەر، لای ڕۆح، لای خود و ساتێکی ئارام لەگەڵ خۆمان و خۆشەویستەکانمان بەسەر ببەین.

ئەوە جگە لەوەی وەکو کوردێکی تاراوگە، من هەمیشە هەست دەکەم دابەش بووم لە نێوان دوو جیهان و خەمی دوو جیهان دەخۆم. پەیوەندییەکانم لەگەڵ قوتابییەکانم و کۆرس و گفتۆکان خۆشترین کاتم بوون، چونکە لەگەڵ مرۆڤدا ڕاستەوخۆ لە

پەیوەندیدا بووم و ئاڵوگۆڕێکی جوان هەبوو.

ئەو شەوە لە یەکەم گوتاریدا سەرۆک ماکرۆن وشەی جەنگی بەکارنەهێنا، بەڵام هەمووان هەستمان بە حالەتی جەنگ دەکرد. لە دووەمین گوتاریدا، ماکرۆن پێنج جار وشەی جەنگی دووبارە کردەوە و باسی ئەو 'دووژمنە نادیارەی' کرد کە دەشێ هەموومان لەناوبەرێ. بۆ بەیانی، دەبوایە لە ماڵی دکتۆر ئێڤا ڤەی لەگەڵ مامۆستایەکی سیانسپۆ کۆببینەوە بۆ ژەمی ئێوارە کە ماوەی مانگێک بوو دوای دەیان تەلەفۆن و ئیمەیل ڕێکمان خستبوو. بێگومان بڕیارماندا دانیشتنەکە دوا بخەین.

دوای ئەوە یەک بە یەک هەموو کۆڕ و کۆنفرانسەکانم ئیلغاکران، داوای لێبوردنم لە ئەکادیمیای بڕۆتەین کرد کە شەش مانگ پێش ئێستا ئێوارەیەکی شیعرییان بۆ سازکردبووم، بۆم نووسین کە "ئەوەی ڕوودەدات لە ئێمە بەهێزترە و ناچارمان دەکات بە ئیلغاکردنی ئێوارەکە"، ئەوانیش وەڵامیان دامەوە: "ڕاست دەکەیت، ئەوەی ڕوودەدات ئەمڕۆ لە ئێمە بەهێزترە و دەرەقەتی نایەین".

لەو ئێوارەیەوە خەڵک جیدیتر مەسەلەکەیان وەرگرت و هەندێکیان کەوتنە کۆچ بۆ جهێشتنی پاریس. منیش پاریسم بەجێهێشت و گەڕامەوە ماڵ کە لە لادێیەکی بچکۆڵەیە و لە سرووشت نزیکە. بەشی ناوخۆی کوڕەکەشم داخرا و ئەویش بڕیاری دا بێتەوە ماڵ.

### بەسەربردنی کات لەناو چوارچێوەی ماڵدا

ئەوە چەند ڕۆژێکە من و کوڕەکەم پێکەوە لە ماڵەوەین. هەوڵ دەدەم ساتەکانم بە هێمنی و جوانی پڕ بکەمەوە و چێژ لە کات و لە پێکەوەیی وەربگرم. هەندێ لە ڕۆتینی ڕۆژانەم وەکو یۆگا و مێدیتەیشن و پیاسە بەناو دارستان دەست پێکردووتەوە و ڕۆژانە لەگەڵ کوڕەکەم هاوکاری یەکدی دەکەین بۆ ڕاپەڕاندی کاری ناوماڵ، ماوەی کاژێرێک بە پێ لە چۆلایی دەڕۆین. کاتێ کەسێک دەبینین، لە دوورەوە بە زەردەخەنەوە ڕۆژباش لە یەکدی دەکەین، وەکو ئەوەی مرۆڤایەتیمان تۆخ بکەینەوە.

دوێنێ بۆ یەکەم جار لەگەڵ دراوسێیەکم قسەم کرد کە ماوەی هەشت مانگە لەوەتای ئەو خانووەم بە کرێ گرتووە، ڕۆژێک سڵاوی نەکردووە. بەڵام لەم دۆخەدا بە زەردەخەنەوە لەکاتێکدا هەردوولامان هۆشیارین کە دەبێ لە یەکدی نزیک نەبینەوە، لە پشت تامانی باخچەکەمانەوە سڵاومان لە یەکدی کرد و هەندێ ڕستەشمان دەربارەی ئەو دۆخە ناهەموارە گۆڕییەوە.

ئەمەش لەوانەیە جۆرێک بێت لە دڵنیایی و ڕەواندنەوەی ترس بۆ ئەو کە هەموو ژیانیی برتییە لە تەنهایی.

لەگەڵ کوڕەکەم لە یەک کاتدا پێکەوەین و لە هەمان کاتیش ڕێز لە فەزا و تەنهایی یەکدیی دەگرین. پێکەوە خواردن ئامادە دەکەین، گوێ لە میوزیک دەگرین، زۆرجار نەوزاد پیانۆ لێدەدات و منیش لە سەر کورسییەکەمەوە گوێی لێ دەگرم و کە تەواویش بوو چەپڵەی بۆ لێدەدەم، ئەویش بە پێکەنینەوە سوپاسم دەکات.

ئێوارانیش پێکەوە سەیری فیلمێک دەکەین کە زۆربەی جار کۆمیدی و ڕەخنەئامێزە. لەکاتی پیاسەکردنیش هەمیشە گفتوگۆ دەکەین، گفتوگۆی جددی و فەلسەفی. دوێنی باسی مافیا و سیستەمی سەرمایەداریمان دەکرد. بەڕای نەوزادی کوڕم دەزگا زەبەللاحەکانی وەکو بانکی جیهانی و یەکێتیی ئەوروپی لە مافیا ترسناکترن، چونکە بوونیان پابەندە بە دەوڵەمەندکردنی چینێک و هەژاریی چینێکی دیکە بەوپەڕی بێباکییەوە. ترسام کاتێ وتی مافیا لەوانە ئینسانیترە چونکە لە خەڵک نزیکە و لە کاتی پێویستدا هاوکاریان دەکات، منیش وتم ئەگەر گوێڕایەڵیان بیت. لە درێژەی قسەکانیدا نەوزاد وتی:

چالاکییەکانی ئەو دەزگا زەبەللاحانە بەناوی بەرگری لە مافی مرۆڤ بەتاڵە لە مانا، چونکە لە بنەڕەتدا مافی مرۆڤ بەشێک نییە لە ئامانجیان: ئامانجیان بریتییە لە پاراستنی بەرژەوەندیی ئابووری و پەیوەندیی هێز و دەسەڵاتی خۆیان.

ئەو گفتوگۆیە زۆر درێژ بوو و بە پرسیارێک کۆتاییهات: ئایا ڤایرۆسی کۆرۆنا دەبێتە هۆی گۆڕانکارییەکی بنەڕەتی لە سیستەمی سەرمایەداری و گەڕانەوە بۆ بەها مرۆڤایەتییەکان؟ بێگومان جیهانی دوای کۆرۆنا جیاواز دەبێ لە جیهانی دوێنێمان، بەڵام من زۆر گەشبین نیم و شتێک لە سرووشتی دڕندانەی مرۆڤ وام لێدەکات بە ڕەهایی دڵنیا نەبم.

## نیگەرانییەکانی ژنێکی مەغریبی

کە پاریسم بەجێهێشت دڵم لەلای لەیلا بوو، ئەو ژنە مەغریبییەی کە لە فۆنداسیۆنی سووژێر کاری پاککردنەوەی دەکرد. لە یەکەم ڕۆژی نیشتەجێبوونم لەوێ، کاتێ بە گەرمی سڵاوم لێی کرد، لەیلا زانی کە من خەڵکی دەڤەرێکی دیکەم و ڕۆژئاوایی نیم. ئەمە وایکرد دڵی خۆی بکاتەوە و باسی ماندووبوونی خۆی و ئازارەکانی بۆ کردم. باسی ئەوەی کرد کە سەرەڕای کاری هەشت سەعاتی لە دەرەوە، لە ماڵەوەش ئەرکی مێرد و دوو کوڕەکەی بەجێدەهێنێت و کەس هاوکاری ناکات.

وتی تەنانەت، کوڕەکەی سەگێکی هەیە و ئەرکی ئەو سەگەشی کەوتووەتە سەرشان. ئینجا باسی ئەوەی کرد کە مێردەکەی

شەوانە داوای سێکسی لێدەکات و ئەویش ئەوەندە ماندووە ناتوانێ رازی بکات، ئەمەش بەرەورووی توونودتیژی دەکاتەوە. کە رۆیشتم، پێی وتم، خۆزگە دەمایەوە و زیاتر قسەمان دەکرد و لێتەوە فێردەبووین. منیش وتم ئێمە هەمووماں لە یەکدی فێردەبین، تاکە شتێک کە دەمەوێ پێت بڵێم ئەوەیە کە هەرگیز خۆت بە کەم مەزانە و متمانەت بەخۆت هەبێت. بە چاوێکی پڕئاوەوە سەیری کردم و هەستم بە بێدەسەڵاتی کرد.

ئێستا کە ئەم کۆرۆنانامە دەنووسم، دەمەوێ لە رەهەندی جێندەرییەوە لێی بڕوانم. لێرەدا بیرم لەلای لەیلا و هەموو ئەو ژنانەیە کە خۆیان بێدەسەڵات دەبینن. ئەو ژنانەی لەم بارودۆخە سەختەدا لەناو چوارچێوەی ماڵ، لە ئەپارتمانێکی بچووک لەگەڵ پیاوانێک ژیان دەگوزەرێنن کە نەک هەر هاوکاریان ناکەن، بەڵکو توندوتیژیشن لەگەلیان، بۆ بەتاڵکردنەوەی غەریزە و تێکردنی ئارەزوو سێکسییەکانیان ژنەکانیان هەراسان دەکەن، بگرە لاقەیاشیان دەکەن.

## ڤایرۆسی کۆرۆنا و جێندەر

توێژینەوە زانستییەکان دەریانخستووە کە ل کاتی پەتا و کارەساتە سرووشتییەکان، ژنان زیاتر لە پیاوان بەرەورووی نەخۆشی و سەرەنجامە نەرێنییەکان دەبنەوە. ئەمانە رەگیان دەگەڕێتەوە بۆ نایەکسانی و نادادوەری کۆمەڵایەتی.

رۆژنامەی مێدیکالی بەریتانی لانسێت، هەفتەی رابردوو وتارێکی دەربارەی جێندەر و ڤایرۆسی کۆرۆنا بڵاوکردووەتەوە و باسی ئەوە دەکات کە چۆن نایەکسانی و نادادوەریی کۆمەڵایەتیی دەبنە مایەی کاردانەوەی خراپ لەسەر ژیان و تەندروستیی ژنان، چۆن ژنان و کچان لە دۆخی پەتادا باجی گەورەی سیستەمی سەرمایەداری دەدەن. لەم بارودۆخەدا، نەک تەنها ژنان بەشدارییان پێناکرێ لە دەستە و بۆردەکانی ستراتیژیی بەرەنگاربوونەوەی پەتا (لە ئێستادا ڤایرۆسی کۆرۆنا)، بەڵکو دام و دەزگاکان کەمتر گرنگی بە ژنان و دابینکردنی پێداویستییەکانیان دەدەن. ئەمەش زیاتر ژنان لە چارەسەر و بەدەنگەوەهاتن بێبەری دەکات و زیاتر دەیانخاتە ناو حاڵەتی بێدەسەلاتی و متمانە بەخۆنەبوون و باری ناتەندروستییەوە.

ئەمڕۆ هەموو مرۆڤایەتی لە سەرانسەری جیهان بەرەورووی مەترسییەکانی ڤایرۆسی کۆرۆنا بووەتەوە. هەمووماں لە بارودۆخێکی ناهەمواردا دەژین کە پێشتر پێی رانەهاتبووین. ئەم دۆخە لەوانەیە بمانگەڕێنێتەوە لای شتە جەوهەرییەکان، لەوانەشە سرووشتی مرۆڤ رووت بکاتەوە و لایەنە ئاژەڵییەکە زیاتر دامانپڵۆسێنێ. لێرە و لەوێ باس لە گیانی هاوکاری و پشتگیری و بەدەنگەوەهاتنی لانەوازان دەکرێ. ئەمە ئاماژەیەکی دڵخۆشکەرە و پێویستە هانمان بدات هەموو فۆکەسمان

بخەینە سەر سێ لایەن: تەندروستی، پەروەردە، ئاسایش و خۆشیی پێکەوەبوون.

تەندروستی ئێستادا گەورەترین سەرمایەیە، جیهان ئێستا بەئاگا هاتووەتەوە کە بۆ خۆپاراستن لە مەترسییەکانی سەردەم، سوپا و مووشەک و هێزی ئەتۆمی بەهانایەوە نایەت؛ ئەوەی پێویستە بکرێت بریتییە لە تەرخانکردنی بودجە بۆ هۆشیاریی تەندروستی و بەهێزکردنی سیستەمی تەندروستی و دام و دەزگاکان کە گەورەترین سوپان بۆ پاراستن و بەرگریکردن لە دۆخێکی وەک ئێستادا.

دووەم لایەن کە پێویستە فۆکەسی بخرێتەسەر، پەروەردەکردنی منداڵەکانمانە لەکاتێکدا لە مەکتەب نین بۆ ئەوەی لە خوێندن و فێربوون دانەبڕێن و لە هەمان کاتیش هیوا و دڵنیاییان پێببەخشین. رەهەندی جێندەریی کۆرۆناش پێویستی بە پەروەردە و هۆشیارکردنەوەی کورەکان و برا و مێرد و باوکەکانمان هەیە کە لەو ماوەیەدا هەموو کاتیان لەناو ماڵ بەسەردەبن تا رێز لە کچ و دایک و خوشک و هاوژینەکانیان بگرن، هاوکارییان بکەن بۆ راپەڕاندنی کاروبارەکانی ناوماڵ کە ئەرکی ژنی چەندجار زیاد کردووە.

دابەشکردنی ئەرک و کارەکانیی ناوماڵ یەکێکە لەو ئاکارە جوانانەی کە نەک ئەرک و ماندووبوونی ئەندامانی مێ لەناو خێزان کەم دەکاتەوە، بەڵکو بۆ کوڕ و پیاوەکانیش دەبێتە مایەی رێکخستن و بەسەربردنێکی بەسوودی کات، ئومێدێک دروست دەکات، دوورمان دەخاتەوە لە مشەخۆری، چونکە مشەخۆری و بەتاڵی و کارنەکردن مرۆڤ نائومێد و تووڕە دەکەن و لەوانەشە ببنە مایەی توندوتیژی لەناو خێزان. ئەمەش ئاسایشی ناو ماڵ و خێزان دەشێوێنێ لەکاتێکدا ئەمڕۆ ناوماڵ شوێن و دەزگای هەرە سەرەکییە بۆ خۆپاراستن لە ڤایرۆسی کۆرۆنا.

٢٣ی مارچی ٢٠٢٠

-------

## ٢

## رۆژەکانی هەفتەی دووەم

لە لادێکەم ژیان زۆر بە هێمنی دەگوزەرێ. درەختەکانی باخچە بچکۆڵەکەم خەریکە چرۆ دەکەن. ئێستا دراوسێکەم بە مەکینەیەکی دەنگ گەورە فریزی باخچەکەی دەبڕێتەوە و هەست بە ئاسوودەیی دەکات کە بە ئەندازەی باخچەیەک ئازادە.

بۆ چوونەدەرەوە، ئێستا لە فەرەنسا دەبێ مۆڵەتت هەبێ. ئەو مۆڵەتە دۆکیومێنتێکە لە وێبسایتی سەرەکیی حکومەت دانراوە و دەبێ هەمووان داونلۆدی بکەن و پڕی بکەنەوە و هۆکاری دەرچوونیش دەستنیشان بکەن. بەبێ ئەو مۆڵەتە چوونەدەرەوە سزای لەسەرە؛ لە سەرەتادا سزاکە تەنها پارە بوو، بەڵام ئێستا حکومەت قورستری کردووە و لەکاتی سەرپێچیدا دەستگیردەکرێیت و دەخرێیتە زیندانەوە. هەرکەس لە ماڵی خۆی، خۆی دەستبەسەر کردووە و ئەو کەسانەی سەرپێچی دەکەن کەمن.

لە لادێکەم سوپەرمارکیتێکی بچووک رۆژانە کراوەیە و بە روخسەت و دوای پیشاندانی مۆڵەتی دەرچوون بۆمان هەیە بچینە ژوورەوە. ئەو رۆژە من و نەوزاد پێکەوە دەرچووین، بەڵام رێگایان نەدا هەردووکمان بچینە ناو سوپەرمارکێتەکە، وتیان لە هەر خێزانێک یەک کەس بۆی هەیە بچێتە ژوورەوە بۆ ئەوەی قەڵەباڵغی دروست نەبێت. ڕاڕەوی چوونە ژوورەوەشیان لە هی هاتنەدەرەوە جیاکردووەتەوە تا مەسافەی نێوان خەڵک بەگوێرەی پێویست، واتە مەتر و نیوێک دووربێت. لەمڕۆوە، هەندێ لە شوێنەکانی پیاسەکردنیشیان قەدەغە کردووە.

### تۆتالیتاریزمی چاودێری و مەترسییەکانی ئایندە

بێ گومان ئەم پێوەرە نوێیانە لە پێناوی بەرژەوەندیی تەندروستی و سەلامەتیی هاوڵاتییانە. بەڵام سیستەمی دەوڵەت بۆ چاودێریکردن و زاڵبوون بەهێزتر دەکات. یەک لەو وتارانەی لەم ماوەیە خوێندمەوە وتاری یوڤال نەوا هەراری بەناوی "جیهان دوای ڤایرۆسی کۆرۆنا" بوو لە فاینەنشیەل تایمز. لەم وتارەدا نووسەر باس لە مەترسییەکانی سیستەمی چاودێریی دەوڵەتان و حکومەتان دەکات لەسەر مرۆڤ، لەسەر تاکەکانی کۆمەڵگە.

دیارە ئەو چاودێرییە زۆر دەمێکە هەیە و رۆمانە بەناوبانگەکەی جۆرج ئۆروێل جوان گوزارشتی لێدەکات. بەڵام بەهۆی تەکنەلۆژیای مۆدێرنەوە بەهێزتر و ترسناکتر بووە. لە سەردەمی ئێستادا، لە کاتی دانانی پەنجە بەسەر مۆبایلەکانمان، کاتێ کلیلی لینکێک دەکەین، خاوەن کۆمپانیاکان داتاکان تۆمار دەکەن و دەزانن چی دەخوێنینەوە، سەیری چ فیلمێک دەکەین، چ مەیلێکی سیاسیمان هەیە و دەنگ بۆ کێ دەدەین، چ خواردنێک دەخۆین، هتد. بەو ئاراستەیەش لە شاشەکانەوە کەلوپەل و ئایدیۆلۆژیای سەرمایەداری عەرز دەکەن و پێمان دەفرۆشن.

سەرەڕای هەموو ئەمانە، ڤایرۆسی کۆرۆنا مەترسی ئەوەی هەیە کە ئەم سیستەمە نوێیە تەنها جووڵە و کارەکانت چاودێری نەکات، بەڵکو هەست و سۆزیشمان بخوێنێتەوە، چۆن بیردەکەینەوە؟ لە کاتی گوێگرتن لە وتارێکی سیاسی هەست بە چی

دەکەین؟ کە گوێ لە وتاری سەرۆکێک دەگرین چی بە خەیاڵماندا دێت؟ لە چین، بۆ نموونە ئەپلیکەیشنێکیان داهێناوە کە لە ڕێگایەوە هاوڵاتیان ناچار دەکات پلەی گەرما و پاڵەپەستۆی خوێنیان تۆمار بکەن بە مەبەستی ئەوەی بزانن کێ تووشبووە بە کۆرۆنا، جووڵە و هەڵس و کەوتیان دەپێون. یوڤال هەراری دەڵێ دوور نییە لە دوای کۆرۆنا ئەو سیستەمە گەشە بکات و هەمووەمان لە چوارچێوەی چاودێریی زلهێز و زلکۆمپانیاکانی وەکو گوگڵدا هەست و سۆز و جووڵە و بیرکردنەوەمان لە قالب بدرێت و چیتر خاوەنی ئەمانەش نەبین.

بە رای یوڤال هەراری ئەمە جۆرێکی نوێی تۆتالیتاریزمە، تۆتالیتاریزمی چاودێریرکردن کە مەترسیدارە. مرۆڤ دەتوانێ ئەمە ببەزێنێ بەبەهێزکردنی بەهای مرۆڤدۆستانە و گیانی هاوکاری لە نێوان خەڵک، لە نێوان هاوڵاتیان. هەروەها نووسەر دەڵێ ئەمە مەترسییەکی دیکەشی لێ دەکرێ کە بریتییە لە بەهێزبوونی زیاتری ناسیۆنالیزم و گۆشەگیریی ناسیۆنالستانە کە لە ئێستادا پیادە دەکرێت، چونکە دەوڵەتان لە بەرەنگاربوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا کەم هاوکاریی زانستی و پسپۆڕی دەکەن. تەنانەت ئەمریکا دەرگای لەسەر وڵاتانی ئەوروپیش داخست و دەیەوێ بە پارە کۆمپانیایەکی زانستیی پزیشکی ئەڵمانی بکڕێ نەک بۆ ڕزگارکردنی مرۆڤایەتی لەم دۆخە ناهەموارە، بەڵکو بۆ بەرزراگرتنی ئایدیۆلۆژیای ترەمپ و دروشمە رەگەزپەرستییەکەی کە بریتییە لە "ئەمریکای مەزن".

## پەروەردەی ڤیرتوال و قووڵبوونەوەی نایەکسانی

دوای هەفتەیەک لە راگەیاندنی کەرەنتینە، فەڕەنسا خەریکە قۆناغی ئیمێرجنسی تێپەدەپەڕێنێ و پلان و پرۆگرامی کورتخایەن و میدیەم و درێژخایەن دادەنێ بۆ ئیدارەکردنی دۆخەکە. فۆکەسی سەرەکیش لە سەر دوو بوارە: پەروەردە و کولتور. لە ئێستادا، دەسەڵات و زانکۆ و مامۆستا و میدیاکار و دایک و باوکان هەموو بیر لە پلان و پرۆگرامی ئەلتەرنەتیڤ دەکەنەوە بۆ بەردەوامیدان بە خوێندن و فێربوون و مومارەسەی کولتوور.

ئەمڕۆ گوێم لە گفتوگۆیەک بوو لەگەڵ وەزیری پەروەردە باسی ئەوەی کرد کە لە ماوەی یەک هەفتەدا هەموو وزەی خۆیان تەرخان کرد بۆ ئەوەی سیستەمێکی ئۆنلاین بخەنە سەرپێ تا لە ڕێگای ئینتەرنێتەوە قوتابیان بتوانن لە خوێندن بەردەوام بن. ئەم پرۆگرامە ئەمڕۆ کاری پێدەکرێ.

پرۆگرامەکە ئەگەرچی تا رادەیەک سەرکەوتووە، بەڵام بەبێ کەموکوڕی نییە و مەترسی قووڵبوونەوەی نایەکسانی لێ دەکرێ. نەوزاد ی کوڕم هەر زوو بە دەستپێشخەریی مامۆستای ماتماتیک لە رۆژی دووشەممەوە لە ڕێگای ئینتەرنێتەوە دەستی

کردۆتەوە بە خوێندن. سەعات هەشت لە خەو هەڵدەستێ، گوڕ و وزەی جارانی نییە کە یەکسەر حەمامێکی دەکرد و خۆی دەگۆڕی و خۆی ئامادە دەکرد بۆ دەرچوون. ئێستا هەندێ جار خۆشی ناگۆڕێ و فراڤینێکی خێرا دەخوا و بە بێجامەوە دەچێتە بەردەم کۆمپیوتەرەکەی و لەگەڵ مامۆستا و قوتابییەکان یەکدەگرێتەوە. هەرزوو وزەی پێکەوەیی و گروپ وریای دەکاتەوە و بەجۆش و خرۆشەوە دەکەوێتە کارکردن. مامۆستاکەی زۆر بەتەنگ ئەوەوەیە کە هەموو قوتابییەکان ئامادەی کۆرسە ئۆنلاینەکەی بن و کەس غایب نەبێت. بەڵام لە راستیدا، هەموو قوتابیەکان ناتوانن ئامادە بن.

ئەگەرچی لەم دۆخە نالەبارەی کۆرۆنا، ئەمە باشترین ئەلتەرنەتیڤە، بەڵام پسپۆڕان باس لەوە دەکەن کە هەموو قوتابیان ناتوانن بەشدار بن و نایەکسانی و هەژاری تێیدا بە زەقی رەنگ دەداتەوە. لێرەدا، منداڵی چینی هەژار و ئاوارە و پەنابەران زەرەرمەندن؛ ئەوان ناتوانن بێنە سەر خەت، لەبەر ئەوەی ئینتەرنێت یا کۆمپیوتەری خۆیان نییە لە ماڵەوە. بەشێکی زۆری ئەو خێزانانە لە زەواحییەکانی پاریس و شارە گەورەکان لە ئەپارتمانی بچووکدا دەژین، ئەگەر کۆمپیوتەریشیان هەبێ، ئەوە ئەندامە زۆرەکانی خێزان بۆ کاری دیکە بەرکاری دێنن. ئەو منداڵانەی کە دایک و باوکیان فەرامۆشیان دەکەن، ناتوانن خۆیان بسەلمێنن و کۆمپیوتەر بۆ خۆیان و بۆ پەروەردە و خوێندن بەکار بێنن. قوڵبوونەوەی نایەکسانی و دابڕانی چینی هەژار و پەراوێزخراوان یەکێکە لە سەرەنجامە خراپەکانی ئەو قەیرانەی کۆرۆنا و هەموو لێرە، لە فەرەنسا، باسی دەکەن.

ئەم پرۆگرامە نوێیە و هەرسکردنی هەروا ئاسان نییە. جگە لەمە قوتابیانی هەرزەکار و منداڵ پێویستیان بە مۆتیڤی زۆرتر هەیە بۆ ئەوەی بەیانیان لەخەو هەڵسن، بەشداری بکەن، کاتیان رێکبخەن و رۆژەکانیان جوان بکەن. نەوزادی کوڕم ئەمشە و زوو چوو بۆ نووستن و وتی سبەینێ دەبێ سەعات ٨ لەسەر خەت بم. کە شەوشادی کرد، وتی کە زۆر خۆی لەو پرۆگرامەدا نادۆزێتەوە، بەڵام بەردەوام دەبێ. هەروەها وتی، ئەگەر نەتوانێ بە باشی بچێتە پێشەوە، لەوانەیە کۆنکور دوا بخات. منیش پێموت کە دۆخەکە نوێیە و لەگەڵ کات لەوانەیە زیاتر پێی رابێن و بتوانن بچنە پێشەوە.

لەم دۆخەدا، لە فەرەنسا رۆژانە قسە لەسەر رۆڵی رێکخراو و کۆمەڵە خۆبەخشەکان و هونەرمەند و رۆشنبیران دەکرێ بۆ هاوکاریکردن و بەهاناوەهاتنی لانەواز و هەژاران، بەهاناهاتنی ئەو خێزانانەی کە بەهۆی ڤایرۆسی کۆرۆناوە دابڕاون و لە ماڵێکی ٢٠ مەتریدا رۆژەکانیان بەسەر دەبەن. ئەمە مەترسی ئەوەی لێ دەکرێ ببێتە مایەی گرژی و توندوتیژی لە نێوان ئەندامانی خێزان و توندوتیژیی جێندەریش کە لە بەشی رابردوو باسم کرد.

## ڕۆڵی کولتوور لە تێپەڕاندنی ئەم دۆخە

ماوەی هەفتەیەکە فەڕەنسییەکان فۆکەسی زۆریان خستۆتە سەر کولتور و ڕۆلی کولتور بۆ تێپەڕاندنی ئەم دۆخە. ئەوان باس لەوە دەکەن کە کولتور دەتوانێ هاوکار بێت بۆ ئەوەی لە رووی رۆحی و سایکۆلۆژییەوە لە داخران و کەرەنتینە دەرچین و هەست بە ئومێد و جۆرێل لە خۆشی بکەین. مەبەست لە کولتور لەم چوارچێوەیەدا میوزیک و هونەر و شیعر و شانۆ و کێتب خوێندنەوە، سینەما و ئۆپێرا و مۆزەخانە و گالێرییە.

فەڕەنسەکان لە رووی مێژوییەوە هەمیشە شەیدای کولتور بوون و ئەمرۆش لەم دۆخە ناهەموار و سەختەدا کولتور بەکاردەهێنن بۆ خۆبەدەستەوەنەدان، بۆ بەردەوامی و بەختەوەری و دۆزینەوەی هیوا بە دوارۆژ. رادیۆی فرانس کولتور ئەمشەو باسی ئەندرێ مالرۆ ی کرد، کە دەڵێ: 'کولتور لە داخستن دەرمان دەهێنێ' و دەرگامان بۆ دەکاتەوە بەسەر ژیان و جیهاندا.

لەم گۆشەنیگایەوە، کەنالەکانی میدیا، سینەما و ئۆپێرا و مۆزەخانە و شانۆ و گالێرییەکان، خانەکانی شیعر و هونەر لە رێگای هاشتاگ و ئۆنلاینەوە بەرنامەکانیان بە خۆڕایی پێشکەش بە هاوڵاتیان دەکەن. کەنالەکانی رادیۆ و تەلەڤیزیۆن سی دیی کە تۆماری کتێب و رۆمانە بە خۆرایی دەخەنە سەر پلاتفۆرمەکانیان و هانی هاوڵاتیان دەدەن بەکاریان بهێنن بۆ دوورکەوتنەوە لە گۆشەگیری و خۆخواردنەوە. میوزیکژەنەکان بە هەمان شێوە کار و شاکارەکانیان لە رێگای ئینتەرنێتەوە بەخشیوە و لە رێگای سۆشیەل میدیاوە میوزیک دەژنن بۆ فانەکانیان و بۆ کارمەند و کرێکارانی بواری تەندروستی. رونۆ کاپوسۆن کە کۆنسێرتەکانی لە کاتی ئاساییدا زۆر گران بوون، ئەمرۆ لە ژوورەکەی خۆیەوە راستەوخۆ کەمانجە دەژەنێ وەک پشتگیریی بۆ کارمەندانی تەندروستی پەخشی دەکات. کتێبخانەکان وەک سوپەرمارکێت و نانەواخانەکان دانەخراون و خەڵک ئێستا زۆر زیاتر لە پێشوو کتێب دەکڕن و دەخوێننەوە.

نهێنی نییە کە فەڕەنسییەکان زۆر جوان ئەزموونی ژیان دەکەن. ئەوان لەو باوەڕە دان کە لە دەرەوەی گوتار و باس و خواسی سیاسی، مرۆڤ پێویستی بە هونەر هەیە، پێویستی بە شیعر هەیە، پێویستی بە گوتاری سۆسیۆلۆژی و فەلسەفی هەیە کە وەک دەنگی ئەلتەرنەتیڤ دەتوانن بمانهێننەوە لای شتە جەوهەرییەکان و لای رۆح و ئارامیمان بکەنەوە. کە ئەمە دەنووسم، بیر لە خۆمان دەکەمەوە، لە کوردستان کە هەموو شتێک بەسیاسەت کراوە، لە دەرەوەی سیاسەت، مرۆڤی کورد بە زەحمەت خۆی لە شتی دیکەدا دەدۆزێتەوە.

## سیانسپۆ و تێلەکۆنفرانس

لە سیانسپۆ هەرزوو لە ڕێگای ئەپلیکەیشنی زووم-ەوە، کۆرسەکان هەموو گواسترانەوە سەر خەت. لە سەرەتای ئەم هەفتەیەوە مامۆستا و قوتابیان بە ڤیرتوال یەک دەگرنەوە و وانەکان دەوترێنەوە. من لە قوتابییەکانم دانەبڕاوم، لە سەرەتای قەیرانەکەوە بە ئیمەیل لەگەڵیان لەسەر خەت بووم، لەگەڵ هەردوو قۆناغی ماستەر و لیسانس. سەرچاوەی تایبەت بە کۆرسەکانیان بۆ دەنێرم و لە نووسینی پەیپەرەکانیان هاوکارییان دەکەم. قوتابییەکانم تەنها فەڕەنسی نین، بەڵکو کلاسەکانم ئینتەناشنالن و پێکهاتوون لە خەڵکی ئەمریکای لاتینی و ئۆستڕالیا و نیوزیلەند و چین و ئیرلەندا و ئەمریکا، دانمارک، هتد.. زمانی ئینگلیزی هەمووومان کۆدەکاتەوە. لەگەڵ داخستنی دام و دەزگاکان لە فەڕەنسا، قوتابییە بیانییەکان هەموو سەفەریان کرد. هەندێکیان لەبەر جیاوازیی کات لە نێوان فەڕەنسا و وڵاتەکەیان ناتوانن بێنە سەرخەت، بەڵام کۆرسەکان تۆمار دەکرێن و بۆیان دەنێردرێت.

من کە لە بەکارهێنانی ئینتەرنێت باش نیم، دوو ڕۆژ پێش ئێستا وەک زۆربەی مامۆستایانی دیکە، بە ڤیدیۆکۆنفرانس کۆرسێکم وەرگرت بۆ بەکارهێنانی سیستەمەکە و بەردەوامبوون لە وتنەوەی وانەکانم. قوتابییەکانیش بە هەمان شێوە فێرکراون چۆن سیستەمەکە بەکاربهێنن. ئەمانە هەمووی لە ماوەیەکی زۆرکەم ئەنجام دران کە مایەی سەرسوڕمان و بایەخ پێدانی فەڕەنسایە بە پەروەردە و خوێندن.

## ئێتیکی کۆلۆنیالی و پۆست-کۆلۆنیالی

ئەو کۆرسانەی من لە سیانسپۆ دەیانڵێمەوە تایبەتن بە مێتۆدۆلۆژیی جێندەری، واتە تیۆر و مێتود و پرەنسیپە ئێتیکییەکانی پرۆسەی کار و توێژینەوە، بەتایبەتی دەربارەی توندوتیژیی جێندەری لەناو خەڵکی ئاوارە و کامپی پەنابەران و ئەو ناوچانەی کێشە و جەنگیان لێیە.

لە دوا کۆرسم پێش داخستنی زانکۆ، باسی تیۆر و پرەنسیپی ئێتیکیم بۆ کردن. باسی ئێتیکی کاری زانستی و ئەکادیمی سەردەمی کۆلۆنیالیزمم بۆ کردن کە بە ئێتیکی ئەوروپی - ڕۆژئاوایی ناسراوە. لە ڕابردوو، لە ڕێگای دامەزراوە و یاسا و ڕێسای تایبەت بە ڕۆژئاواوە توێژەران ( کە زۆربەی هەرە زۆریان پیاو و پیاوی سپی پێست بوون) لە پەیوەندییەکی قوچەکی دابوون لەگەڵ ئەوانەی توێژینەوەیان لەسەر دەکردن و زۆرجاریش بە کەمتر لەخۆیان سەیریان کردوون. واتە لە پەیوەندیی هێز و دەسەڵاتەوە مامەڵەیان لەگەڵ کردوون. ئەوان لەو باوەڕە دابوون کە توێژەری ڕۆژئاوا و نێر و سپی پێست

زانا و هەڵگری ئێتیکی مۆرالین و تەنها ئەوان دەتوانن 'ئەوانیتر' بخوێننەوە، کێشەکانیان دەستنیشان بکەن و چارەسەر بدۆزنەوە و زانین بەرهەم بهێنن. لەم گۆشەنیگایەوە، رۆژئاوا بە داکۆکیکاری سەرەکیی مافی مرۆڤ دەزانن و بەشێوایەکی ناڕاستەوخۆ دەڵێن دەبێ کولتورەکانی دیکە خۆیانی لەگەڵ بگونجێنن.

لەبەرامبەر ئەو ئێتیکەدا، باسی ئێتیکی پۆست کۆلۆنیالیزم بۆ کردن کە بە ئیندیجینەس ناسراوە. باسی ئەوەم کرد کە هیچ کولتورێک باڵاتر نییە لەسەر ئەویتر و بەردەوامیش لە جووڵە و گۆڕان دان و کار لە یەکتری دەکەن و تێکەڵ دەبن و یەکتری دەبڕن. فێمینیستە ئەکادیمییەکان (کە پیاوانیش دەگرێتەوە، وەک میشێل فوکۆ) بڕوەیان بەو پرەنسیپ ئێتیکە دا، دەسەڵاتزاڵیی پیاو و کۆلۆنیالیستیان خستە ژێر پرسیارەوە. ئەلتەرنەتیڤی ئەوان بریتی بوو لەوەی کە هەموو مرۆڤێک ئەگەر دەرفەتی بۆ بڕەخسێ دەتوانێ ببێتە زانا و بەرهەمهێنەری زانین و زانست. لەم گۆشەنیگایەوە، ئەوان دەڵێن واقیع حەقیقەتێکی رەها نییە کە نەتوانین بیگۆڕین، ژن و مرۆڤی رەشپێست لە ئەزەلەوە کەمتر نین لە پیاو و لە مرۆڤی سپیی رۆژئاوایی، ئەمە واقیعی سیاسی و کۆمەڵایەتییە کە وا بنیاتی ناون. سەرەڕای جیاوازیی نێوان فێمینستان و رەوتە زۆرەکانی فێمینیزم، ئەوانە هەموویان لەسەر پرەنسیپ و ئامانجێک رێک بوون: ئێمە کار و داهێنان و توێژینەوە دەکەین بۆ بەرهەمهێنانی زانین و زانستێک کە ژیانی واقیعی بگۆڕین، بەرەوباشتری ببەین، نەک وەک ئەبستراکت بۆ دەسەڵاتزاڵیی و پایەبەرزی بەکاری بێنین و بیسەپێنین بەسەر کەسانی لانەواز و هەژار و کۆلۆنیالیزەکراو. لێرەوە شتێک لە جیهانی ئەکادیمی گۆڕا و تا ئێستاش بەردەوامە.

من کە پێشتر کۆرسەکەم ئامادە کردبوو، هەرگیز بیرم لەوە نەکردبووەوە لە کۆنتێکستی ڤایرۆسی کۆرۆنادا پێشکەشی دەکەم. قوتابییەکانم زۆر بە قووڵی گوێیان گرتبوو و بە وردی پرسیاریان دەکرد: لەژێر رۆشنایی ئەو تیۆرە ئێتیکیەدا، دەیانویست واقیعی ئەمڕۆ شی بکەنەوە. باسی ڤایرۆسی کۆرۆنامان کرد کە چۆن بە سیاسی کراوە، کە چۆن فەڕەنسا لە پێناوی هاوسەنگی ئابووری و سیاسی (بەتایبەتی لەسەروبەندی هەڵبژاردنەکانی شارەوانی) نایەوێ دام و دەزگاکان (تا ئەوکات) دابخات.

### جەژنی نەورۆز لەبەر رۆشنایی مۆمێک

لە رۆژی نەورۆز، لەگەڵ نەوزاد خواردنێکی کوردیمان لێنا، سەرمێزمان رازاندەوە و جەند مۆمێکمان داگیرساند. بەدەم گوێگرتن لە نەورۆزی حەسەن زیرەک و نەسیمەکەی مەزهەری خالقی پێکەوە ئاهەنگی نەورۆزمان گێڕا. دیارییەکم بۆ نەوزاد کڕیبوو لە پاریس پێشکەشم کرد و زۆر دڵی پێخۆش بوو: دیارییەکە بەرگی یەکەمی کتێبی "مێژووی کوردستان لە سەرەتاوە

تا ساڵی ١٩١٨" کە نووسەری بەلجیکی لوک پاوێلز بە فەڕەنسی نووسیویەتی و ئەمساڵ بڵاوبۆتەوە.

جەژنی نەورۆز هەمیشە من تووشی خرۆشان دەکات، پڕ دەبم لە هەستێکی وروژێنەر کە نە خۆشییە و نە حوزن، نە پێکەنینە و نە گریان. هەستێکی ناسک لەناوەوە شەپۆڵ دەدا، نەک بە ئاراستەی شکان، بەڵکو بە ئاراستەی گەڕانەوە بۆ رابردوو، بۆ منداڵی و یادەوەریی خێزان و براکانم کە هەرسێکیان بەهۆی خەبات لە دژی رژێمی بەعس بوونە قوربانی و دووانیان لە زیندان گولەباران کران. ئاهەنگ گێڕانی نەورۆز لە سەردەمی کۆرۆنا و لە تاراوگە هەڵگری پەیام و مانایەکی گەورەتر بوو بۆ من.

کاتێ لە رێگای سۆشیەل میدیاوە سەیری ئاکاری کورد و چۆنییەتی یادکردنەوەی نەورۆزم کرد، زیاتر خرۆشام. سەرەڕای ئەو دۆخە ناهەموارە، کورد نەورۆزی لەبیرنەچوو، بەڵکو بە شێوازێکی جیا، لە ناو ماڵ و سەر بالکۆن و ناوباخچە و ئەپارتمانەکانەوە یادی ئەو جەژنە دێرینەی کردەوە کە سیمبۆلی ناسنامە و خۆڕاگری و بەرخودانە بۆ نەتەوەی کورد.

کاتێ لە تویتەر بینیم چۆن هەمووان لە پەنجەرەوە لە تەواوی نهومی باڵەخانەکان بە چەپڵە و وتنەوەی "کەس نەڵی کورد مردووە، کورد زیندووە" بە دەنگە ناسکەکەی دەشنێ موراد هاوار دەکەن، کاتێ لە دیاربەکر ئاگری نەورۆز لە سەر سواندەکان دەکەنەوە، لە رۆژئاوا چرا هەڵدەکەن و لە سنە بە دەف و دەهۆڵ و زۆڕناوە لە کۆڵانە چۆڵەکان ئەو رۆژە پیرۆز دەکەن، خرۆشام و چاوم پڕبوو لە ئاو. دەزانم ئەم یادە لەسەردەمی کۆرۆنا سیمبۆلی ئومێد و خۆڕاگری و بەرخودانە، بەڵام ترسم هەیە لەوەی کە لەم سەردەمە رووکەشەدا رواڵەت شتێکمان لێ بشارێتەوە، شتێکی جەوهەری کە کرۆکی بوون و خۆشبەختیمانە. ئالێرە خەیاڵم چوو بۆ دێرە شیعرێکی گۆران کە لە شێوەی پرسیار دەڵێ:

"بە رواڵەت چەن پڕشنگ دار و شیک بوو"

پێچەوانەی ئەوە دڵی تاریک بوو؟

ئەو تاریکییە لێرە وەک هێمای حوزن و ئازار لێک دەمەوە، نەک دڵ رەشی. دەترسم لە پشتەوەی ئەو ئاهەنگ گێڕانە ئازار و مەینەتییەکی گەورە بشارینەوە. بۆ من گرنگە لەم سەردەمی رواڵەتخوازی و جیهانە رووکەشییەی سۆشیەل میدیا، ناخمان لەبیر نەکەین و چۆن گرنگی بە رواڵەت دەدەین، ئاواش بە هانای رۆح و شتە جەوهەرییەکانەوە بێین.

ئەمڕۆ لە رادیۆی فرانس بلو مامۆستایەکی "کی گۆنگ" باسی گرنگیی هاوسەنگیی نێوان جەستە و ناخ، جووڵە و وەستان، مێدیتەیشن و هەناسەدانی قووڵی دەکرد لە پێناوی تەندروستیی بەدەنی و دەروونی و رۆحی. پێشنیازی ئەوەی کرد کە بۆ ئازادکردنی وزەی ناخ و هاوسەنگی، هەموو بەیانیان گوێ لە پارچە میوزیکێک بگرین کە لەسەر ریتمەکەی ناخ بێتە جووڵە و بەناوماندا سەرکەوێ لە کاتێکدا بە قووڵی هەناسە دەدەین. ئەم وێناکردنە بردمییەوە لای درەختەکانی باخچە بچکۆڵەکەم کە لە دوای سەرمای زستان و لە وەرزی نەورۆزدا چرۆ دەکەن. بیرم لەو وزەیە کردەوە کە لە خاکدایە و بەناخی درەختەکان سەردەکەوێ و گیانیان وەبەردێنێتەو، چرۆی درەخت لەناخەوە سەردەکا، تەنها ئەو رووالەتە کە ئێمە دەیبینین.

دوێنێ دکتۆر کەندال نەزان، سەرۆکی ئەنستیوتی کوردیی پاریس تەلەفۆنی بۆ کردم بۆ پیرۆزبایی جەژنی نەورۆز. باسی لەیلا زانا مان کرد کە تەنها لەبەر ئەوەی بە کوردی لە پەرلەمانی تورکیا قسەی کرد، ماوەی دە ساڵ خستیانە زیندانەوە. وتی ئەوەی ئێمەش جۆرێکە لە زیندانی، بەڵام دەستبەسەر نین. لەیلا بە ئیرادە و هێزێکی گەورەترەوە دە ساڵ زیندانی گوزەراند. ئەمڕۆ سەلاحەددین دەمیرتاش لە هەمان دۆخدایە. ئەمە بەشێکە لە ژیانی ئێمەی کورد، راهاتووین بە زیندانی و جەنگ و دەستبەسەری. لەوانەیە هەر ئەمەش وا بکات جوانتر ئەزموونی ئەم قۆناغە بکەین و هاوسەنگی رابگرین.

هەر یەک لە ئێمە بە جۆرێک هاوسەنگی دەدۆزینەوە، بەرهەڵستی دەکەین و بەرەنگاری کۆرۆنا و نایەکسانی و چەوسانەوە دەبینەوە. دەشێ کردەیەک وەک ئەزموونی بەرهەڵستکاری و خۆڕاگری لە دۆخێکی وەک ئێستادا بە فریامان بکەوێ و نەهێڵێ بکەوین.

## رەنگکردنی رۆژەکان بە پێکەنین

ئەوەی ئەمڕۆ بەسەر مرۆڤایەتی و جیهاندا هاتووە سوریالییە. بەڵام هەموومان بەشێوازی جۆراوجۆر ئەزموونی دەکەین. دوو رۆژ پێش ئێستا لە کوردستان ٢٤وە پەیوەندییان پێوە کردم و داوایان لێکردم بەشداری بکەم لە کەمپینی "من لە ماڵ دەمێنمەوە" لە پێناوی خۆپاراستن و پاراستنی خۆشەویستان و هاونیشتمانیان. داوام لە نەوزاد کرد ڤیدیۆکە بگرێ. ئەو رۆژە خۆشترین رۆژی ئەو قۆناغەمان بوو.

لە کاتی گرتنی ڤیدیۆکە، هەردووکمان زۆر پێکەنین، لە ناوەڕاستی ڤیدیۆکە دەماندایە قاقای پێکەنین و نەماندەتوانی بەردەوام بین. دوو دەقیقە قسەکردن، زیاتر لە نیوسەعاتی برد تا تۆمارمان کرد. ئەو کورتە تۆمارە ڤیدیۆیانەی کە لە تەلەفۆنەکەی نەوزاد ماونەتەوە نیوەی جیدی و نیوەی پێکەنین، ئێستا کە سەیریان دەکەین بە هەمان شێوە دەمانخەنە

پێکەنین.

دەشێ ژیان ساتێکی ئاوا بێت، پێکەنینێکی بەکوڵ بێ لەگەڵ کەسێکی خۆشەویست، گفتوگۆیەکی جوان بێ لەگەڵ خۆشەویستان، پیاسەیەک بێ بەدەم قسەکردن و ئارەزووی دیالۆگ و گۆڕینەوەی بیروڕا. دوێنێ شەو پارچە شیعرێکی شەکسپیرم خوێندەوە لە کتێبی "هەر ڕۆژە و شیعرێک" کە نیکۆلاس ئەلبێری کۆی کردۆتەوە و لە توێی بەرگێکی جوان لە لایەن سینکلێر ستیڤنسن-ەوە بە ئینگلیزی چاپ کراوە. ئەو دێڕە شیعرە لە شانۆی "زریان، بەشی ٤، دیمەنی ١" وەرگیراوە و دەڵێ: "ئێمە لە گەردیلەی خەون دروست بووین، ژیانی بچووکیشمان بۆرژانێکە و کۆتایی دێ".

ژیان زۆر ناسکە، "هێڵێکی زۆر تەنکیش" لە مەرگی جیا دەکاتەوە. ئەمڕۆ لێرەین و سبەی لەودیوی ژیان، واتە لە دیوی مەرگ دەبین. لە کاتی کارەساتدا یا ئەوەتا خۆمان دەخۆینەوەو بێ هیوا دەبین، یا بەئاگا دێینەوە و هەوڵ دەدەین قۆناغی کارەساتەکە تێپەڕێنین و بەهایەکی مرۆڤدۆستانە بەرجەستە بکەین. بەهایەک کە مەرجی مرۆڤبوونمان بێت، نەک بەرژەوەندی ئابووری لەسەرەوەی تەندروستی و ئاسایشی گشتیدا دابنێ. تەندروستی و ئاسایش لەمرۆدا لە ئازادیش گرنگترن: ئەوەتا هەموومان لە چوارچێوەی ناوماڵ خۆمان دەسبەسەر کردووە لە پێناوی تەندروستی و ئاسایشی خۆمان و کۆمەڵگەدا. ئەو بەهایە و ئەو هەوڵە تاک تاکانەی ئەمڕۆ لەو دۆخە نالەبارەی کۆرۆنادا دەدەین بۆ جوانکردنی ڕۆژەکانمان، بۆ گێڕانیی ئاهەنگی نەرۆز سەرەڕای کەرەنتینە، پێمان دەڵێ کە مرۆڤ چەند بەستەزمانە و چەندیش ژیانی خۆش دەوێ. بەشێک لەو خۆڕاگرییە و گوڕ و وزەیەی لەم ماوەیەدا من هەستی پێدەکەم بۆ بەهێزکردن و بەرجەستەکردنی ئەو بەها مرۆڤایەتییەیە.

٢٤ی مارچی ٢٠٢٠

---------------------

٣

**بۆچی و بۆ کێ خۆمان جوانپۆش دەکەین؟**

سێیەمین هەفتەی ماڵنشینکردن خەریکە تێدەپەڕێ و ڕۆژ بە ڕۆژ زیاتر هەست بە فشاری ڕۆژگاری کۆرۆنا دەکەم. ئەمە لەوانەیە بارودۆخی هەموومان بێت. خەریکە لەگەڵ ژیانێکی نوێ رادێین کە بەدڵمان نییە، بەڵام لە پێناوی تەندروستیی گشتی هەوڵ دەدەین خۆمانی لەگەڵ بگونجێنین. لەوانەیە ئەم خۆگونجاندنە وردە وردە ببێتە عادەت و خووی پێوە بگرین.

مرۆڤ توانایەکی سەیری خۆگونجاندنی هەیە لەگەڵ سەخترین بارودۆخدا،.لەگەڵ تەنهایی و گۆشەگیری، لەگەڵ دووری لە ئازیزان، لەگەڵ کارکردن لە ڕێگای ئینتەرنێت و بەسەربردنی کاتێکی زۆر لەبەردەمی شاشەی کۆمپیوتەرەکانمان.

بۆ دوورکەوتنەوە لە شاشەکان، ئەم چەند رۆژە لە پەنجەرەی ژوورەکەمەوە زۆر سەرنجی جیهانی دەرەوە دەدەم. جیهانی دەرەوەش جاددەیەکە کە پانتایی حەوشەیەکی بچووک لە ماڵەکەمی جیا دەکاتەوە. جاددەکە ناوی ڤیکتۆر هوگۆ-یە و لە سەنتەری گوندی لوپین ەوە درێژ دەبێتەوە تا بەرزاییەکانی ڤۆگارۆ. ئەم لا و ئەو لای جاددەکە بە درەختی ماخچەی ماڵەکان ڕازاوەتەوە. درەختەکان چرۆیان کردووە و سێبەریان درێژ بۆتەوە تا ناوەڕاستی جادەکە. بەردەرگای ماڵەکەی من تاکە ڕێگایە بۆ چوونە سوپەرمارکێتی لادێکە کە ٥٠٠ مەترێک لێمەوە دوورە. سەرنشینەکانی ئەم گەڕەکە ڕۆژانە تاک و تەرا، بە هەنگاوی هێمن یا قورس بە ئاراستەی سوپەرمارکێتەکە بە بەردەمی ماڵەکەمدا تێدەپەڕن.

دوێنێ کاتێ لە پەنجەرەوە دەمڕوانی، پیاوێکی جوانپۆشم بینی، دەتوانم بڵێم تەمەنی لە سەرەوەی پەنجا ساڵی بوو. قاتێکی ڕەشی لەبەربوو، لە خەتی پانتۆڵەکەی کە لەناو قەدییەوە تا سەر قەیتانی پێڵاوەکانی بە یەک خەتی ڕاست و ڕەوان هاتبۆ خوارەوە، دیاربوو زۆر بە دیقەتەوە وتووی کردبوو. نیوکۆتێکی لەسەرەوە پۆشیبوو کە دوگمەکانی کردبوونەوە و کراسە قرمزییەکەی جوان دیار بوو. ملپێچێکی سووری گەشی لە مل بوو کە زۆر بە ناسکی بە هەردوو لای سنگیدا شۆڕ ببوەوە و لەگەڵ ڕۆیشتن بە نەرمی دەجوولایەوە. شەپقەیەکی ڕەشی لەسەر بوو لەگەڵ چاویلکەیەکی قاوەیی کاڵ کە لەگەڵ ڕەنگی ملپێچ و کراسەکەی جوان گونجا بوو. پێڵاوە بریقەدارەکانی کە دیاربوو تازە بۆیە کرابوون، لە ژێر تیشکی خۆر دەبریسکانەوە. ئەم پیاوە زۆر بە هێواشی هەنگاوی دەنا، هەروەکو ئەوەی لەسەر ئاوازی هەنگاوەکانی سەما بکا. ئاوڕی لەم لا و ئەو لا نەدەدایەوە بە نەرمی و بە دووری چەند مەترێک سەیری پێش خۆی دەکرد. زەمبیلێکی سورباوی بە دەستەوەبوو و دیار بوو بۆ شت کڕین بەرەو سوپەر مارکێتەکە دەچوو.

دیمەنی ئەو پیاوە زۆر سەرنجی ڕاکێشام و بە وردی سەیرم دەکرد تا بە وردی وێنای بکەم. لەو ماوە کەمە خۆم لەبیرکردبوو هەروەکو ئەوەی پەنجەرەی ژوورەکەم شاشەی سینەما بێت و دیمەنی ئەو پیاوەش سەرەتای فیلمێکی ئەفسووناوی. کە بە تەواوی دوورکەوتەوە، کۆمەڵێک پرسیار لە لام دروست بوون: مرۆڤ بۆچی جلی جوان دەپۆشێ؟ بۆ کێ خۆی جوان دەکات؟ ئایا جوانپۆشین و خۆجوانکردن بۆ خۆمانە یا بۆ چاوی ئەویتر؟ ئەی چی لە پشتەوەی ئارەزووی جوانپۆشی و خۆجوانکردن؟ ئەمانە پرسیاری ڕەوان لەم سەردەمی کۆرۆنایەدا کە خۆمان خزاندۆتە ماڵەکانمان و کەس نابینین، ناچینە ئۆفیس، مەوعیدمان لەگەڵ کەس نییە، ناچینە ڕێستۆرانت و قاوەخانە و پیاسەکانیشمان کورت و خێرا و پڕن لە گرژی.

دیمەنی ئەو پیاوە وای کرد سەیرێکی جلەکانی خۆم بکەم؛ لەوەتای ماڵنیشینم، من گرنگی نادەم بە خۆگۆڕین و ماکیاژ (لە کاتی ئاسایشدا ماکیاژ زۆر کەم بەکاردەهێنم). ڕۆژانە دوای یۆگا و مێدیتەیشن، حەمامێکی خێرا دەکەم، هەمان جینز و بلوز دەپۆشم، قژم هەر بە ئاستەم دادەهێنم و دەست بەکارکردن دەکەم. ئەو ماوەیە زۆربەی کاتم بە ئامادەکردنی کۆرسەکانم بەسەر دەبەم کە لە ڕێگای ئینتەرنێتەوە پێشکەشیان دەکەم. جاران کە ڕۆژانە بۆ دەوام دەچووم، بەلامەوە گرنگ بوو جلێکی شیاو و جوان بپۆشم، بیرم لە ڕاگرتنی هاوسەنگی لە نێوان ڕەنگەکانیش دەکردەوە. ئەگەر بوارم هەبوایە جلەکانیشم وتوو دەکرد، سپرەیەکی دژە ئاوم لە بۆتینەکەم دەدا. کرێمم لە پێستم دەدا، گوڵاوێکی خۆشم بەسەرخۆمدا دەپژاند و هەستم بە فرێشی و جۆرە نەشئەیەک دەکرد.

ئەو ڕۆژە دیمەنی ئەو پیاوە هەر لە خەیاڵم بوو و لە کاتی ئامادەکردنی نانی نیوەڕۆ بۆ نەوزادم وەسف کرد. نەوزاد بە وردی گوێی گرتبوو و وتی ڕاست دەکەی، ئەو پیاوە بۆ کوێ دەچوو؟ ئەگەر لە ڕۆژگاری کۆرۆنا نەبوایە، دەمانوت ئەو پیاوە بۆ ئاهەنگ، کەرنەڤاڵ یا بۆ زەماوەند دەچێ؟ لەگەڵ نەوزاد پێکەوە کەوتینە گفتوگۆ دەربارەی هونەر و فەلسەفەی جلپۆشین و خۆجوانکردن.

**جوانپۆشی و ئارایشکردن وەک پرسێکی ئێتیکی و ئێستێتیکی**

نەوزاد ڕای وا بوو کە مرۆڤ بۆ خۆی خۆی جوانپۆش دەکات و لەم کردەیەش بیر لە ئەویتر ناکاتەوە. وتم ئەمە وەک ئایدیا ڕاستە، بەڵام لە واقیعدا پێچەوانەیە. بە نەوزادم وت سەیرێکی خۆت بکە، لە ماوەی ماڵنشینیدا بەیانیان بێتاقەتانە تیشێرتێک و جینزێک دەپۆشی و ریشیشت ناتاشی. پێکەنی و وتی ئەمڕۆ دوای حەمام کراسێکی جوان لەبەردەکەم و خۆم جوانپۆش دەکەم.

دەشێ ئێمە بۆ زەوقی خۆمان خۆمان جوانپۆش بکەین، بەڵام نیگای ئەویتر و چاوی دەرەوە ڕۆڵی زۆریان هەیە؛ ئەگەر لەگەڵ کەسیش مەوعیدمان نەبێ، کەسیش نەبینین، ئەوە لە ناهۆشیاریماندا کردەی خۆجوانکردن و جوانپۆشین بۆ ئەویترە و بە پێی پێوەرە ئێستێتیکییەکانی دەوروبەریش خۆمان ئارایش و جوانپۆش دەکەین. لە ڕووی فەلسەفییەوە، ئەمە پرسێکی ئێتیکی و ئێستێتیکییە. ئەم کردەیە هەوڵێکە بۆ دەرخستنی دیوێکی جوانتری خود و شاردنەوەی لایەنە تاریکەکانیش. هەروەها لەم هەوڵەدا لەوانەیە مرۆڤ تەحەددای سەختیی ڕۆژەکان، یا بێهودەیی ژیان بکات.

ئەو پیاوە جوانپۆشەی بە جاددەی بەردەم ماڵەکەمدا تێپەڕی، لەوانەیە ئەو بەیانییە بڕیاری دابێ تەحەددای پەتای کۆرۆنا

بکات و چێژیشی لە کردەی جلپۆشین و وتووکردن و بۆیاخکردنی پێڵاوەکانی وەرگرتبێ. کێ دەڵێ لە شەووەوە خۆی بۆ ئامادە نەکردووە بۆ ڕەوینەوەی تەنهایی یا بۆ ئەوەی زیاتر هەست بە بوونی خۆی بکات، چێژێک بەخۆی ببەخشێ. چونکە ئەو بەیانییە ئەو پیاوە جوانپۆشە لەو جادە چۆڵەدا لەسەر ئاوازی هەنگاوەکانی سەمای دەکرد و بە جیهانی دەوت سەرەڕای کۆرۆنا من لەم چرکەساتەدا هەم، بەشێوەیەکی جوانیش هەم. دەشێ بەو کارەش ئەو بەشەی ناخی بشارێتەوە کە لەوانەیە شتێک بێ لە نیگەرانی، لە دوودڵی یا ترس.

### کێ دەڵێ بە کردەی جوانپۆشی مرۆڤ بۆشاییەکی رۆحی پڕ ناکاتەوە؟

لەناو ئارەزووی خۆجوانکردن، دەشێ بمانەوێ زیاتر لایەنی ژنانە و لایەنی پیاوانە دەربخەین، دەشێ بمانەوەی منداڵتر، گەنجتر، یا کامڵتر دەربکەوین. لە هەموو ئەم حالەتانەدا، هەمیشە لەناو ئەو ئارەزووەدا کەسێک هەیە کە ئەویترە، مەبەستم نیگای ئەویترە. بەڵام بە رای من، مرۆڤ لەم کردەیەدا بۆشاییەکی رۆحی پڕ دەکاتەوە.

ئەو پاش نیوەڕۆیە نەوزاد کراسێکی سپی پۆشی و بە ڕاڕاوەکەدا تێپەڕی و سەیرێکی منی کرد و بە بێدەنگی پێی وتم ئەوەتا خۆم جوانپۆش کردووە سەرەڕای ئەوەی کە لە ماڵیش دەرناچم. منیش زەردەخەنە گرتمی و پێم وت کە زۆر جوان لێی هاتووە. ئەویش دڵی پێخۆش بوو. لە پەروەردەکردنم هەمیشە هەوڵ دەدەم کە کوڕەکەم سەرڕاست بێ و خاوەن قەناعەت و هەڵوێست بێ، بەڵام لە بیروڕا و بۆچوونەکانی رەها نەبێ، رووبەرێکی بچووک بۆ گومان جێ بهێڵێ و شتەکان بە رێژەیی ببینێ. بۆیە دواتر پێم وت کە خود زۆر گرنگە، بەڵام مرۆڤ بۆ جیهانی دەرەوەش، بۆ چاوی ئەویتریش خۆی جوانپۆش دەکات. ئەو کەسە لەوانەیە دایک بێ، باوک بێ، منداڵەکەت بێ، خوشک و برا یا هاوڕێ یا دۆست و یار یا کۆمەڵگە بێ لە فەزای گشتیدا. پێم وت لەوانەیە مرۆڤ لەناو تەماشا و نیگای ئەویتردا، هەست بە بوونی خۆی بکات، خۆی باشتر هەڵبسەنگێنێ. لەوانەیە ئەمە جۆرێک بێ لە گەڕان بەدوای بوون و ئەزموونکردنی ژیان: واتە من لە نیگای ئەویدیکەدا هەم. لەم هەڵسەنگاندنەدا، دەشێ مرۆڤ هەست بە وزە و مۆتیڤ و جموجۆڵ بکات. لە نیگای کەسی خۆشەیستیش کاتێ بە بێدەنگی سەیرمان دەکات، هەست بە حەزی ئەویتری خۆشەویست دەکەین. هەندێ جاریش مرۆڤ بە خۆ جوانپۆشکردن هەوڵ دەدات ئەو حوزن و نیگەرانییانەی لە چاوی دەرەوەی بشارێتەوە و رێزگرتنێکیش بێ بۆ خودی خۆی و بۆ دەوروبەر.

دەروونناسەکان دەڵێن جوانپۆشی و دەرکەوتن بە شێوازێکی دڵڕفێن جۆرێکە لە تەحەدداکردنی واقیع. ئەوە وتەی ژنێکی فەڕەنسیم بیردەهێنێتەوە کە نەخۆشی شێرپەنجەی هەبوو. ئەو ژنە دەیوت، هەموو جارێ کە چارەسەری کیمیایی وەردەگرم، دەگەڕێمەوە ماڵ و بە جوانترین شێوە خۆم دەگۆڕم و هەست بە بوونی خۆم دەکەمەوە، چێژ لە ساتەکان وەردەگرم. بۆ ئەو

ژنە ئەمە جۆرێک بوو لە کۆڵنەدان و دەیوت: ژیان بەردەوامە و ئارەزووی ژیانیش لە مندا بەردەوامە. ئەوە ئەو پەیامە بوو کە من لە دیمەنی ئەوە پیاوە جوانپۆشەی جادەی ڤیکتۆر هوگۆدا هەستم پێ کرد.

## جەنەراڵ و سەگەکەی لە رۆژگاری کۆرۆنادا

پەنجەرەکەم بۆتە دەلاقەیەک و لێیەوە جیهان دەخوێنمەوە. لە کاتی پشوودا کۆمپیوتەرەکەم دادەخەم و ئامێرێکی وەرزشیی رۆیشتنم هەیە لە نزیک پەنجەرەکە دامناوە و بە دەم وەرزشەوە، سەیری دەرەوە دەکەم. رۆژی هەینی رابردوو، ٢٧ی مارت، پیاوێکی بەساڵاچوو بە جاددەی ڤیکتۆر هوگۆدا تێپەڕی. ئەو پیاوە بە پێچەوانەی پیاوە جوانپۆش و خۆشهەنگاوەکەی رۆژی پێشوو، چاکەتێکی کۆنی سەربازی پۆشیبوو کە لە ئەوانەی جەنگی جیهانیی دووەم دەچوو. لە سەرشانەکانی کۆمەڵێ مەدالیا و ئەستێرە هەبوون کە پایەی باڵای لە ریزی سوپاییدا دەردەخست. لە جلوبەرگ و مەدالیا و ئەستێرەکانی من وای بۆ چووم کە جەنەراڵ بووبێ. بێرییەکەشی کە بە لاری لەسەری نابوو هەر ئاماژە بوو بۆ پایەبەرزی لەناو سوپادا. پۆستاڵێکی خاکی لە پێ بوو و دیاربوو دەیویست بە ریتمی مارشی سەربازی هەنگاو بنێ، بەڵام پیری و سەگەکەی بەرهەڵستییان دەکرد.

جەنەڕاڵ پەتێکی درێژی لە ملی سەگەکەی کردبوو و بەدوای خۆیدا رایدەکێشا. سەگەکە بچووک و بۆر بوو، هەروەکو خاوەنەکەی زیتەڵە و گورج نەبوو. بە پێچەوانەوە، سەگەکە زۆر بەستەزمان دیاربوو و بە زەحمەت رێی دەکرد. وا پێ دەچوو ئەو کۆنە جەنەڕالە بۆ پیاسە هاتبێتە دەرەوە، بەڵام لە پۆشاکەکەیدا رێک وەک ئەوە وابوو بۆ جەنگ بچێت، جەنگێکی مایەپووچ. بێزاری و پیریش تا ئەوپەڕی نائومێدییان کردبوو. ئەمانە بە روونی لە هەنگاوە قورسەکانی، لە رووخساری پڕ لۆچی و لە مامەڵەی لەگەڵ سەگەکەی رەنگیان دابووەوە.

جەنەرال ماندوو دیار بوو و هەر زوو زوو ئاوڕی لە سەگەکەی دەداوە، ئەو دەستەی کە پەتەکەشی گرتبوو بەرەو پێشەوە توڕ هەڵدەدا وەک ئەوەی بیەوێ هاوێنێک هەڵدا، بەڵام ئەو جووڵەیەی تەنها بۆ راپێچکردنی سەگەکەی بوو کە بە سستی و تەمەڵانە دوای کەوتبوو. کاتێ سەگەکە لای دایە قەراغ جادەکە بۆ میزکردن، پیاوەکە بە تووڕەییەوە تێی راخوڕی و هەوڵی دا بەدوای خۆی پەلکێشی بکات، بەڵام سەگەکە بەردەوام بوو لە میزکردن، هەروەکو ئەوەی بیەوێ تەحەددای بکات.

لە دیمەنی ئەو جەنەڕالە لە یەک کاتدا هەستم بە رابردوویەکی شکۆمەندانە و بە خەمێکی گەورە کرد. هەستم بە پیرییەکی پڕ ئازار، بە تەنهاییەکی کوشندە کرد کە هەندێ جار لە رۆژئاوا بە راگرتنی سەگێک دەیڕەوێننەوە. لە رۆژانی شکۆمەندیدا کێ دەڵی ئەو جەراڵە گەنجێکی زۆر قۆز نەبووە؟ کێ دەڵێ رۆژەکانی پڕنەبوون لە شەهوەت و لە ئێوارەکانی پاریسیشدا بە یاوەریی ئافرەتە نازدارەکانی پیگال لەوپەڕی نەشئە و چێژدا نەژیاوە؟ ئەمڕۆش بە جلە سوپاییەکانییەوە و

پەتـی ملی سەگێک رادەکێشێ و لەو جادە چۆڵەدا وەک دۆن کیخۆت شەڕی پیری و شەڕی خەم و شەڕی تەنهایی دەکات. ئەمڕۆ، لە رۆژگاری کۆرۆنادا، ئەو جەنەڕالە لە خەیاڵی خۆیدا بە جلە سوپاییەکەی و مەدالیا و ئەستێرەکانی سەرشانی و بۆ جەنگێک دەچوو کە دوژمنەکەی شاراوە و نادیارە، لە ناوە و لە دەرەوەیە. لە رووخساری ئەو پیاوەدا سێ سیما بە زەقی خۆیان دەنواند: سیمای پیری و سیمای ڤایرۆسی کۆرۆنا و سیمای جەنگ.

مرۆڤ پیر دەبێ، تا دوا ساتیش نازانێ زەمەن دەبڕێ یا ئەوە زەمەنە بەناو ئەودا تێدەپەڕی و بەرەو پیری پەلکێشی دەکات. هەمووومان پیر دەبین، بەڵام پیری لەسەردەمی کۆرۆنا وەکو پیربوون لە سەردەمەکانی دیکە نییە. لەم رۆژگارەدا ئەگەر بشکەویت، ئەوە کەس بە هاناتەوە نایەت و لە خەستەخانەکانیش بڕیار دراوە بۆ رزگارکردنی زۆرترین ژمارەی تووشووان، بەدەنگ پیرەکانەوە نەچن و لێیان دەگەڕێن لە ڤاوشێکی سارد و سڕ بە بێدەنگی سەربنێنەوە. لە کاتی ناشتنیشدا، بەهۆی مەترسی کۆرۆناوە، کەس ناتوانێ بۆ دوا جار لە نزیکەوە خواحافیزیان لێ بکات، باوەشێکیان پێدا بکات و دوا ماڵئاواییان لێ بکات. هەرچەندە ئێستا سەرەتایە، بەڵام تراژیدیا و دەرهاویشتە نامرۆڤایەتییەکانی کۆرۆنا خەریکە وردە وردە و بە زۆر شێواز دەردەکەون.

پەیوەندییەکان ئەمڕۆ هەموو لەسەر بنچینەی توندوتیژی و پێشبڕکێ و زاڵبوون و دەسەڵات بنیات نراون، خۆشەویستی و میهرەبانی و رێز وەک لاوازی و خاڵی بێدەسەڵاتی سەیر دەکرێن. مرۆڤەکان وەک ئاژەڵن، هەندێکیان سەردارن و هەندێکیش کۆیلەن، هەر لەو ئاستەشدا مامەڵەیان لەگەڵ دەکەن. هەندێکیان وەک سەگ لە بەرامبەر مووچەیەکی کەم بەکرێ دەگیرێن بۆ ئاوەدانی یا بۆ خزمەتی سەردارەکانیان. هەندێکیان وەک مێگەل راو دەنرێن، لەسەر سنورەکان پارچە نان و پارچە گۆشتیان بۆ هەڵدەدەن. هەندێکیان لە کامپەکان تێلبەند دەکرێن. هەندێکیشان لە چوارچێوەی چوار دیوار وەک باخچەی ئاژەڵان دەستبەسەر دەکرێن. هەندێکیان سەردەبڕێن بۆ ئەوەی گۆشتەکەیان بخۆین. ئەوە ئێمەین هاوڕێم، نوێنەرایەتی ئەو سەردەمەی مرۆڤایەتی دەکەین.

### پەتای کۆرۆنا یا پەتای بێباکی و تاکڕەوی؟

### ژنێکی پیر لە شەقام کەوت و هاواریکرد، بەڵام کەس بەهانایەوە نەچوو

چیرۆکی ژنێکی بەساڵاچوو کە لە جادە دەکەوێت و هاوار دەکات، بەڵام کەس ناچێت بەهانایەوە لە خەیاڵم دەرناچێ. کاتێ لە رادیۆی فرانس ئەنتێرەوە بیستم، بیرم لە دایکم کردەوە، لە پیریی و ناسک بوونەوە و ئارەزووی پێکەوەبوون و ئاوەدانی

و پێویستییەکی ئێجگار زۆر بە هاوکاری و یارمەتی. ژنێک لە ڕێگای تەلەفۆنەوە باسی ئەوەی کرد کە لە جاددەکەی بەرامبەریان ژنێکی پیری بینیوە ڕەتی بردووە و کەوتووە، هاواری کردووە و کەس بە هانایەوە نەچووە. ئەمە بوو بە باسی دەرهاویشتە نامرۆڤایەتییەکانی کۆرۆنا.

ئەم چیرۆکە منی بردەوە لای ڕۆمانی "کەوتن" ی ئەلبێرت کامو. مرۆڤێک دەکەوێ و ترسێک یا شتێک لە شێوەی بێباکی، لە شێوەی نەبوونی ویژدان وا دەکات کەس بە هانایەوە نەچێت. پاڵەوانی ڕۆمانەکەی کامو، جان باتیست کلێمەنس، هەموو توانا و هێزێکی هەبوو بۆ ئەوەی ئەو ژنە لە خنکان ڕزگار بکات کە لەسەر پردی پاریس خۆی هەڵدەداتە خوارەوە. بەڵام ڕووداوەکە جان باتیست کلیمەنس ناجووڵێنێ و هیچ ناکات. ژنەکە دەخنکێ. دواتر، ئەم ڕووداوە ویژدانی داگیر دەکات، ئیتر لێرە بەدواوە ناتوانێ لە خەیاڵ و ژیان و بیری خۆی دەری بکات، تەواوی ژیان و بوونی دەخاتە ژێر پرسیارەوە. کامو پێمان دەڵێ ئەوە جان باتیست کلێمەنسە کە دەکەوێ و لەناو بێباکی و تاکڕەوی و بێهوودەییدا دەخنکێ.

ژنێکی پیر دەکەوێ و هاوار دەکات و کەس ناچێ بەهانایەوە! ئەمەیە ئاستی مرۆڤایەتیی ئێمە لە سەردەمی کۆرۆنادا. ئەگەر ڕووداوێکی ئاوا ویژدانی ئێمە، ویژدانی مرۆڤایەتی نەهەژێنێ، ئەوە هیچ لەو پەتایە فێرنابین، کە تەنها پەتای کۆرۆنا نییە، بەڵکو پەتای بێباکی و لووتبەرزی و تاکڕەوییە. ئەمە قەیرانی مرۆڤایەتیمانە لە سەردەمی کۆرۆنادا، ئەوە ئێمەین، هەموومانین لەم ڕۆژگارەدا بە هێواشی دەکەوین. چی و کێ دەتوانێ ڕێگری لە کەوتنی مرۆڤایەتی بکات؟

### نایەکسانی و توندوتیژی لە زیادبوون دان

لەگەڵ ئەم قەیرانە، دەرهاویشتە خراپەکانی کۆرۆنا زیاتر مێگەلی مرۆڤ بەرەو کەوتن ڕادەدێرێت. لە ڕۆژە ئاساییەکان ئەگەر یەکێ لە جادە بکەوێ، کەسێک هەیە بە هانایەوە بێت و هەڵی بگرێتەوە، تەلەفۆنی ئیسعاف بکات. بەڵام لە ڕۆژگاری کۆرۆنا، نابێ بکەویت، نابێ نەخۆش بکەویت، چونکە لەبەر مەترسی تووشبوون بە ڤایرۆسی کۆرۆنا، کەس بە هانای کەسەوە نایەت، لە خەستەخانەکانیش نە جێگا هەیە و نە کەرەستەکانی خۆپارێزی و چارەسەر. ئەمڕۆ مرۆڤ بە قۆناغی هەرە ناشیرینی ئەزموونی مرۆڤبووندا تێدەپەڕێ. ڕاستە هەندێ ئاماژە هەن کە گیانی هەرەوەزی و هاوکاری و خۆشەویستی دەردەخەن، بەڵام جارێ زۆر زووە لە کاریگەری و دەرهاویشتە ناشیرینەکانی ڤایرۆسی کۆرۆنا تێ بگەین.

ئەوانەی لە کەرتی تەندروستی کار دەکەن ژیانی خۆیان خستۆتە مەترسییەوە و ڕۆژانە دە بۆ دوانزە سەعات لە خەستەخانەکان کار دەکەن. لە فەرەنسا هەموو ئێوارەیەک سەعات ٨ وەک جۆرێک لە شایان و ڕێزنان لە ماندووبوون و

شەونخونیان چەپڵەیان بۆ لێ دەدەن. کەچی ئەم هەڵوێستە نەبۆتە مایەی ئەوەی خاسیەتە ناشیرینەکانی مرۆڤ بگۆڕێت. هەفتەی رابردوو لە شاری مۆنپۆلیێ خاوەنماڵێک ژنێکی پەرستیار لە ئەپارتمانەکەی دەردەکات گوایە ئەو پەرستیارە مەترسی بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسی لە باڵەخانەکە هەیە. دەرکردنەکەشی لە شێوەی شەڕێکی دەروونی وەک بڕینی ئاو و کارەبا و تانە و توانجی رۆژانە بووە کە ئەو ژنە ٣٧ ساڵە ناچار دەکات کلیلی ئەپارتمانەکەی تەسلیم بکاتەوە.

کرێکار و کارمەندانی کەرتی تەندروستی کە بە پێی ئامارەکان، لە ٧٠% ژنن، زۆربەیان هەژارن و لە دۆخێکی ژیاری باشدا ناژین. لە بەشی یەکەمی کۆرۆنانامەکەم باسی مەترسی زیادبوونی نایەکسانیم کرد و هەفتەی رابردوو وتارێکم دەربارەی زیادبوونی توندوتیژیی خێزانی بڵاوکردەوە. ئەمانە رۆژ بە رۆژ زیاتر دەردەکەون؛ لە ماوەی چوار مانگی رابردوو، توندوتیژیی خێزانی لە سەرانسەری جیهان زیادی کردووە. بە پێی راپۆرتێکی زە گاردیەن لە هەرێمی هووبەی چین-دا کە یەکەمجار ڤایرۆسەکەی لێ بڵاوبۆوە، رادەی توندوتیژی سێ بەرامبەر زیادی کردووە. لە برازیل توندوتیژی بەرامبەر ژنان بە رادەی ٤٠% تا ٥٠% زیاد کردووە. لە ئیسپانیا - کەتەلان هێڵی گەرمی تایبەت بە توندوتیژیی خێزانی بە رادەی ٢٠% زیاتر کەیسی تۆمار کردووە و لە قوبرسیش بە رادەی لە ٣٠%. ئەمانە هۆشدارین بۆ ئەو مەترسییانەی ژنان (منداڵانیش) لەناو خێزان بەرەوڕووی دەبنەوە.

لە فەڕەنسا توندوتیژی بە رادەی ٣٦% زیادیکردووە. حکومەت هێڵی گەرمی تایبەت بە توندوتیژیی خێزانی و کۆرۆنای داناوە و داوا لەو ژنانە دەکات کە ئەگەر نەتوانن لە ماڵەوە تەلەفۆن بکەن، ئەوە لە دەرمانخانەکانەوە کاتێ دەردەچن بۆ کڕینی دەرمان داوای هاوکاری بکەن. دەرمانخانەکانیش ئاگادار کراونەتەوە کە لە کاتی داوای هاوکاری، دەبێ پەیوەندی بە پۆلیسەوە بکەن تا بە هانای ژنە هەراسانکراوەکانەوە بێن. وەزیری ناوخۆی فەرەنسا ئەم هەفتەیە رایگەیاند کە توندوتیژی خێزانی دەبێ وەک ئەولەوییەت گرنگی پێ بدرێ و لە بنکەکانی پۆلیس فەرامۆش نەکرێت.

ئەمڕۆ کە هەموو ئەندامانی خێزان ماڵنشین کراون، نەک تەنها ئەرکی ژنان زۆر لە جاران زیاتر بووە، بەڵکو فشار و بەریەککەوتن و توندوتیژیش زیادی کردووە. من دۆخەکە وەک مەنجەڵی هەڵمپەست وەسف دەکەم کە لەناوەوە فشارێکی زۆر هەیە و دەبێتە مایەی بەریەککەوتن و پێکدادان و تەقینەوە. ژنان لە ماڵەوە لە ژێر فشارێکی زیاتر دان.

ئەمڕۆ بەیانی لەگەڵ ژنە دراوسێکەم کە خانەنشینە بۆ دووەم جار قسەمان کرد: بۆنژۆر، بۆنژۆر... دوای کەمێ بێدەنگی، لێم پرسی تەندروستی چۆنە و چۆن کات دەگوزەرێنێ، پێی وتم باشە، بەڵام نیگەرانی تەندروستیی هاوسەرەکەیەتی کە شێرپەنجەی هەیە و تەمەنیشی لەسەرەوەیە. وتی کە وەک پەرستیار خزمەتی دەکات و دەترسێ ئەگەر وەزعیشی تێک بچێ،

خەستەخانەکان قبوڵی نەکەن، چونکە هەموویان تەرخان کراون بۆ تووشبووانی کۆرۆنا.

ژنە دراوسێیەکم کاتی خۆی، پێش خانەنشینی، کاری گوڵفرۆشی کردووە. جگە لە خزمەترکردنی هاوژینەکەی، دڵی زۆر بە باخچەکەی دەکرێتەوە. لە رۆژانی هەتاودا درک و داڵ بژار دەکا و گوڵەکان ئاو دەدات و ژێر درەختەکان لەگەڵای وشک و خۆشەراکی زستان پاک دەکاتەوە. ئەم بەیانییە پێی وتم کە پیشەکەی پێ خۆش بوو، بەڵام لە تەمەنی پەنجا و یەکساڵیدا دەریان کرد، چونکە خاوەنکارەکەی لەبەر چاوچنوکی زۆرترین کاری بە کەمترین فرۆشیار دەکرد. ئومێدمان خواست کە کۆرۆنا شتێک لەو سیستەمە بگۆڕێ کە هەر یەکێکمان بەجۆرێ دەستەوەستانی بووین. نە من و نە ئەو، زۆر گەشبین نەبووین.

جگە لە نایەکسانی و توندوتیژیی خێزانی، لەم ماوەیەدا رەگەزپەرستی و ستیگماتیزەکردنی کەسانی تووشبوو و ڤێزبوونەوە لێیان زیادی کردووە. هەندێ کەسی رەگەزپەرست، لەوانە سەرۆک ترەمپ دەیانەوێ لە جیاتی کۆرۆنا، ڤایرۆسەکە بە ڤایرۆسی چینی ناودەبات. ئەمانە بوونەتە هۆی زیادبوونی رەگەزپەرستی و زیادەڕۆیی، بەتایبەتی بەرامبەر چینی و کەسانی ئاسیای دوور. هەندێ لەمانە لە رادیۆکانەوە گەواهی ئەو هێرشانە دەدەن کە لەم ماوەیە لە شێوەی لێدان و جوێن پێدان و بێز لێکردنەوە و مۆڕە لێکردن بەرەوڕووی دەبنەوە. بۆ پاراستنی خۆیان، لە ئەمریکا هەندێک لە چینییەکان هانایان بردۆتە بەر کڕینی چەک، بەتایبەتی دەمانچە.

لە داهاتوو مەترسی ئەوە دەکرێ کە مرۆڤەکان چیتر نەتوانن لە نزیکی یەکتر بژین، جیاوازی قبوڵ بکەن و لە کاتی تەنگانە بە هانای یەکترییەوە بێن. جگە لە فشار و ترس و نادڵنیایی هەنووکەییمان، ئەمانە لە رووی دەروونییەوە کاردانەوەی خراپیان دەبێ کە لە ئێستادا کەمتر هەستیان پێدەکەین.

### ساتێ بۆ پیاسەی مراوییەکان لە شانزەلیزێ

کۆرۆنا مرۆڤی لە فەزای گشتی دەرکرد، سروشتی زیندوو کردەوە و پەلەوەر و ئاژەڵ و باڵندەکانی هێنایە سەر جادەکان. لە پاریس، لە کۆنکۆرد و شانزە لیزێ، لە پلاس رێپوبلیک و لوڤر مراوی تاک تاک یا پۆل پۆل لەسەر جادەکان پیاسە دەکەن. لە کاتی ئاساییدا ماشێنێک بە تیژی دێت و پانیان دەکاتەوە، بەڵام کۆرۆنا ماشێنەکانی بێدەنگ کرد، مرۆڤەکانی ماڵنشینکرد و جموجۆڵ و ژیانی هێنایەوە بەر سروشت و بوونەوەر. لە ناوەڕاستی فەڕەنسا، لە نزیک شاری تووغ مامز و ئاژەڵە کێوییەکانی لە کەناری لواغ پاڵ دەکەون و باڵندەکان لەسەر پشتیان دەنیشن و لە هاوسەنگییەکی سروشتیدا

جوانییەکی میلانکۆلییانە نەخش دەکەن.

بەیانیان سەرچڵی درەختەکانی باخچەکەم پڕ دەبن لە باڵندە و چەشنی ئۆرکێسترایەکی پڕ هارمۆنی دەخوێنن. لە ڕۆژە ئاساییەکان، نە من بوارم هەبوو ئەو ئاوازە ببیستم، نە باڵندەکان لەبەر دەنگی ماشێن و پاس و هاتوچۆی خەڵک دەیانتوانی بە ئارامی بنیشنەوە.

دوێنێ بەیانی لەسەر مێزی ناو چێمەنی دراوسێکەم سەگێکم بینی قنج و جوان لە ناوەڕاستی مێزەکە وەستابوو و سەرنجی منی دەدا کە لەودیوی تامانی باخچەکەوە بە سەرسامیەوە سەیرم دەکرد. ئەو سەگە تووکنە ئاسوودە دیاربوو بەوەی کە تەواوی رووبەری مێزێکی داگیر کردووە و مرۆڤیش لەو دەوروبەرە نییە بە نیگا و ئاماژە و تووڕەییەوە بیهێننە خوارەوە. لە ڕۆژە ئاساییەکان، کاتێ کەمێ خۆر هەڵدێ، باخچەی دراوسێکەم پڕ دەبێ لە میوان، سەرمێز دەرازێندرێتەوە و ئەگەر سەگەکەیان لە مێزەکە نزیک بێتەوە ئەوە بە شێوازێک  تێی دەگەیەنن کە نابێ لەوێ بێت و دەیهێننە خوارەوە.

فەرەنسییەکان زۆر حەزیان لە ئاهەنگ و سەما و میوزیکە. لە ویکێندی ڕۆژە ئاساییەکان، کۆدەبنەوە و بە دەم خواردن و خواردنەوە ئەو ناوە پڕ دەکەن لە دەنگ و پێکەنین و میوزیک. فەرەباڵغییەک کە زۆرجار بۆ دراوسێ پیر و هێمنەکان دەبێتە بارگرانی. لە ڕۆژگاری کۆرۆنا، هەمووان ئارامن و لە جێگای ئەوان، باڵندە و پەلەوەر و ئاژەڵەکان لە باخچە و سەر جادە و مەیدان و سەر پلاژەکان دەخوێنن و پیاسە دەکەن.

لەم بارەیەوە هەزاران پۆستەری گاڵتە و نوکتەئامێز دەبینین لە شاشەکانمانەوە. یەکێک لەو پۆستەرانەی سەرنجی راکێشام کۆمەڵێ ئاژەڵ بوون کە بە کۆڵانە و جادەکاندا پیاسە دەکەن و لە ژێرەوە نووسراوە، "ئاژەڵەکان سەردانی باخچەی مرۆڤ دەکەن". بیرم لە مێژوو کردەوە؛ لە سەردەمی کۆلۆنیالیزم کە سپییپێستەکان ژن و پیاوی ڕەشپێستیان لە قەفەس دەکرد و لە پارکە گشتییەکانی پاریس و لەندەن وەک ئاژەڵ نمایشیان دەکردن و خەڵکیش بە بێ خۆخستنە پرسیارەوە دەهاتن بۆ سەیرکردنیان. ئەم مێژووە زۆر دوور نییە و ئێستای مرۆڤایەتیش بەشێکی گەورەی مۆرکی ئەو رابردووەی هەڵگرتووە.

## خۆگونجاندن لەگەڵ دۆخە سەختەکان

"ئەگەر ناتوانی جیهان بگۆڕی، خراپتریشی مەکە" ئەلبێرت کامو لە ماوەی ماڵنشینکردندا، جگە لە نووسین و خوێندنەوە، من زیاتر سەرقاڵی وتنەوەی کۆرسەکانمم لە ڕێگای ئینتەرنێت و سیستەمی زووم-ەوە کە زانکۆی سیانسپۆ هەر زوو خستییە

خزمەتی و مامۆستا و قوتابیان. قوتابییەکانم ماندوون و دەڵێن ناتوانن تەرکیز بکەن. ئەوانەی کە دەرفەتیان بۆ رەخسابوو هەر زوو پاریسیان بەجێهێشت و گەڕانەوە وڵات و شاری خۆیان. بەڵام ژمارەیەکی زۆر لە بەشەکانی ناوخۆ لە پاریس ماونەتەوە و وەک دەستبەسەر لە چوارچێوەی ژوورێکدا دەژین.

لە کۆرسی سێشەممەی رابردوو، قوتابییەکم باسی سەختی ژیانی رۆژانەی خۆی دەکرد بە تایبەتی کە لە بەشەکەیان یەکێک تووشی کۆرۆنا بووە، لە نهۆمی یەکەم کەرەنتینە کراوە. ئەم دۆخە نیگەرانییەکی زۆر بۆ تەواوی قوتابییەکانی ئەو باڵەخانەیە دروست کردووە. سەرەڕای ئەم نیگەرانی و دابڕانە، قوتابییەکان لە هەر شوێنێک بن، بەردەوام دێنە سەرخەت و ئامادەی کۆرسەکان دەبن، پەیپەری کۆتایی ساڵ دەنووسن کە هەر بە ئۆنلاین پێشکەشی دەکەن. ئەو گفتوگۆ و ئاڵوگۆڕییەی نێوانیشمان کار ئاسانی دەکات. منیش بەردەوام خۆم دەگونجێنم بۆ وتنەوەی کۆرسەکان و تاقیکردنەوە و هەڵسەنگاندنیان. واتە لە یەک کات کۆرسەکان بەردەوامن، لە هەمان کاتیش خۆگونجان و نەرم و نیانی هەیە بۆ ئەوەی فشاری سەر قوتابییەکان کەمتر بێتەوە.

زانکۆی سیانسپۆ هەرزوو کارئاسانی کرد و بیرۆکراسیی جارانی نەهێشت و بڕیاری دا کاتی زیاتر بداتە قوتابییەکان بۆ ناردنی پەیپەر و تاقیکردنەوە شەفەهییەکان. ئەم هەڵوێستە زۆر گرنگ بوو و جۆرێک لە خۆشی بە قوتابیان و دایک و باوکانیان بەخشی. ئەگەر ئێمە نەتوانین لە کاتە سەختەکان جیهان بگۆڕین، هەروەکو کامو دەڵێ، با هەوڵ بدەین خراپتری نەکەین.

هەروەک پێشتریش نووسیبووم، هەموو فۆکەسی فەرەنسییەکان لەسەر کولتور و پەروەردەیە. ئەم هەفتەیە هەندێ بڕیاری نوێ دەربارەی سیستەمی تاقیکردنەوەکان بۆ قوتابیانی ئامادەیی دەرچوون، بەتایبەتی تاقیکردنەوەکانی بەکالۆریا. لە کاتێکدا حکومەت جەخت دەکاتەوە لەسەر ئەوەی کە هاونیشتمانیان دەبێ لە ماڵەوە بمێننەوە بۆ خۆپاراستن و رێگریکردن لە بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسەکە، لە هەمان کات لە خەمی ئەوە دایە ئەمساڵی خوێندنی قوتابیان لە فەڕەنسا نەفەوتێ. بۆیە کارئاسانی دەکات و سیستەمی توندوتۆڵی دەیان ساڵەی خۆی دەگۆڕێ بۆ ئەوەی وەڵامی پێداویستییەکانی ئێستای سەردەمی کۆرۆنا بداتەوە. سیستەم هیچ ناگەیەنێ ئەگەر لە خزمەتی مرۆڤ نەبێ. کۆرسەکان لە رێگای ئینتەرنێتەوە بەردەوامن، دایکان و باوکان هان دەدرێن و رێنمایی دەکرێن بۆ ئەوەی رۆڵی گەورەتر ببینن لە پەروەردەکردن و فێرکردنی منداڵەکانیان، کاتی زیاتریان لەگەڵ بەسەر بەرن.

سەرەڕای هەموو ئەمانە، لە فەڕەنسا نیگەرانییەکی زۆر هەیە سەبارەت بە دابڕانی قوتابییە هەژارەکان لە سیستەمی

خوێندن. بەتایبەتی ئەوانەی کۆمپیوتەریان نییە، یا هێڵی بەردەوامی ئینتەرنێتیان نییە لە ماڵەوە و ناتوانن ئامادەی کۆرسەکانی سەر ئینتەرنێت بن. لەم بارەیەوە حکومەتی فەرەنسا بڕیاری داوە بە تەلەفۆن پەیوەندیی بە دایک و باوکانی ئەو منداڵانە بکات و هۆکارێکی دیکە بدۆزێتەوە تا هەمووان سوودمەند بن و کەس دانەبڕێت. سەرەڕای ئەم هەوڵانەش، بە هۆی نایەکسانیی و هەژارییەوە کۆمەڵگە دابەش بووە بەسەر دوو چین و مەترسی ئەوەش دەکرێ لە داهاتوو فاسیلەی نێوان ئەو دوو چینە گەورەتر بێت. قووڵبوونەوەی ئەم نایەکسانیە لەگەڵ زیادبوونی توندوتیژیی خێزانی و ڕەگەزپەرستی و نەخۆشی دەروونی یەکێکە لە نیگەرانییە گەورەکان بەرامبەر بە داهاتوو و جیهانی دوای کۆرۆنا.

ئەگەر لە فەرەنسا دۆخەکە ئاوا بێت، ئەی لە کوردستان دەبێ چۆن بێ؟ دیارە لە کوردستان ساڵانێکی زۆرە سیستەمی خوێندنی باڵا بە دەست بیرۆکرسییەکی وزەبەر و کات بە فیڕۆدەر گیری خواردووە. زۆربەی هاوکارانم لە بواری خوێندنی باڵا بە گلەیین و دەیانەوێ ئەو سیستەمە بگۆڕن. لەوانەیە ئێستا باشترین کات بێ بۆ چاککردنی ئەو دۆخە و دەستکاریکردنی سیستەمی خوێندنی باڵا لە زانکۆ و پەیمانگا حکومییەکان.

ئێمە دەزانین وڵاتانی ڕۆژهەڵات زیاتر بەرخۆرن و کەمتر تەکنەلۆژیای نوێیان تێکەڵ بە سیستەمی پەروەردە و فێربوون کردووە. جگە لەمە، خەڵکێکی زۆر لەبەر هەژاری دەستیان بە ئامێرە پێشکەوتووەکانی تەکنەلۆژیا ڕاناگات. جگە لە بەرکاهێنانی فەیسبووک و ئینستراگرام و هۆکارەکانی دیکەی ڕابواردن و کاتبەسەر بردن، خەڵک لە ڕۆژهەڵات شارەزاییان کەمە لە بەکارهێنانی ئەو تەکنەلۆژیایە بۆ پەروەردەکردن و فێربوون. تەنانەت لە وەزارەتەکانیش سیستەمێکی پوختی کۆمپیوتەری و پەیوەندیکردنی مۆدێرن نییە بۆ کارکردن. ئەمانە هەمووی مەترسین و پێویستە بەرپرسانی ئەو بوارە کاری جدی لەسەر بکەن. لە کوردستان توانا و بەهرە و هاندەر (مۆتیڤاسیۆن) و دەرفەتی زۆر هەیە، بەڵام حیزبایەتی و شەڕی ساردی نێوان لایەنەکان، بەتایبەتی لە بواری پەروەردە و خوێندنی باڵادا، خەیاڵی خەڵکی داگیرکردووە، حەزی داهێنانی کز کردووە و گیانی دەسپێشخەری و هەرەوەزی پەککخستووە.

٤ی ئەپریلی ٢٠٢٠

--------------------

## ٤

ماوەی دوو هەفتەیە کۆرۆنانامەکەم نەنووسیوە. لەم ماوەیەدا زۆر شتم لای خۆم تۆمار کرد، یادەوەرییەکان، ڕووداوەکانی ڕۆژانە، کارەکانم، وەسفی دیمەنەکان، ئەو هەستەی دیمەن و ڕووداوەکان دەیوروووژێنن. دوێنێ کۆتایی کۆرسەکانم بوو لە زانکۆ، دوا کۆرسم لە ڕێگای ئینتەرنێتەوە پێشکەش کرد و ئەمڕۆ هەست بە بارسووکی دەکەم، دەتوانم بپەرژێمە سەر نووسین بە کوردی و شتە تایبەتەکانی خۆم.

ئەمڕۆ ٢٥ی نیسانە، دەرەوە ئارامە، بارانێکی نەرم دەبارێت، درەختەکانی باخچە بچکۆلەکەمان دوای زستانێکی وشک ئێستا بە تەواوی چرۆیان کردووە. گژوگیا بالایان کردووە و لاسکی سەرەوەیان لە ژێر بارستایی دڵۆپە باران کەمێ لار بۆتەوە. کزە بایەکی هێمن سروشتی تەڕی خستۆتە لەنجەیەکی هاوسەنگ و شەنگەوە. لە ژوورەوە من بە دیار کۆمپیوتەرەکەمەوە دانیشتووم، بەدەم گوێگرتن لە گیمنۆپیدیی ئێریک ساتی، خەریکی نووسینی بەشی چوارەمی کۆرۆنانامەکەمم. میوزیک و باران و لەنجەی چڵە درەخت و لاسکە گیاکان لەبەر شنەی بایەکی نەرم هەستێکی میلانکۆلییانە دەبەخشن کە دەربڕینی ئاسان نییە، یان باشترە بڵێم هەندێ جار وشە دەرەقەتی هەستەکە نایەت، پێی ناوێریت و ناتوانێت گوزارشتی لێ بکات. ئەمە پرسیاری لا دروست کردم: ئایا وشە هەست و بیرمان دەنووسێتەوە؟ یا هەست و بیر وشە دادەهێنن و دەیهێننە گۆ؟ بەڕای من، ئەگەر وتن یا نووسین دەرهاویشتەی ئەم هاوکێشە دیالێکتیکە نەبێت، ئەوە نابووت و پووچە، بەتاڵە لە مانا، یا دەبێتە لاسایی کردنەوە.

### کەرەنتینە یا ماڵنشینکردن

ئێستا کە باسی وشە و مانا، گوزارشت و ئەزموون، زمان و هەست دەکەم، هەڵوەستەیەکم کرد لەسەر ئەو وشە و زاراوانەی لە سەردەمی کۆرۆنا ئێمە لە زمانی کوردی بۆ گوزارشتکردن لەو ئەزموونە دژوارە بەکاریان دێنین. میدیای کوردی دەخوێنمەوە، دەبینم هەمووان کەرەنتینە بەکاردێنن کە بە رای من لە جێی خۆی نییە. ئەوەی ئێمە ئەزموونی دەکەین ئەمڕۆ ماڵنشینبوونە نەک کەرەنتینە. کەرەنتینە ئەو هەلومەرج و کات و شوێنە دەگرێتەوە کە ئەو کەسانەی لە دەرەوە دەگەڕێنەوە یا بەهۆی هەلومەرجی تایبەتەوە گومانی ئەوەیان لێ دەکرێ ڤایرۆسەکەیان هەڵگرتبێ بۆ ماوەیەکی دیاریکراو لێی دەمێننەوە تا دڵنیابوون لەوەی کە سەلامەتن و هەڵگری ڤایرۆسەکە نین.

## مەرگی رەش و رەگی وشەی کەرەنتینە

کەرەنتین ( بە فەرەنسی کارەنتێن) وشەیەکی ڤینیقییە و واتای چل رۆژ دەگەیەنێ. ئەمرۆ لە زمانانی سەر بە خێزانە زمانی لاتینی بە واتای ژمارە ٤٠ دێت. ئەم زاراوەیە یەکەم جار بەم شێوەیەی ئێستا لە سەدەی چواردە لە لایەن فینیقییەکانەوە بەکارهاتووە بۆ کەرەنتینەکردنی ئەو گەشتیارانەی لە گەشتەکانیان لە ئەفریقا و یوراسیا دەگەڕانەوە بە مەبەستی پاراستنی دانیشتوانی ڤینیسیا لە مەرگی رەش. مەرگی رەش ئاماژە بوو بۆ تاعوون کە یەکێکە لە گەورەترین پەتا جیهانییەکان و لە ئەنجامیدا نزیکەی دوو ملیۆن کەس گیانیان لە دەست دا. ئەو گەشتیارانەی کە دەگەڕانەوە لە کەشتییەکانیان گۆشەگیر دەکران، سەرەتا بۆ ماوەی سی رۆژ و دواتر بۆ ماوەی چل رۆژ تا دڵنیابوون لەوەی کە گەڵگری هیچ دەردێک نین.

بۆیە کەرەنتینە جیاوازە لە ماڵنشینکردن و ئەو هەلومەرجەی کە لە سەردەمی کۆرۆنا ئێمە ئەزموونی دەکەین. ماڵنشینکردن واتە هەلومەرجی مانەوە لە ماڵەکانمان بۆ خۆپاراستن و رێگرتن لە بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسەکە. ماڵنشینکردن دابڕان و گۆشەگیرکردن نییە، جیاوازە لە کەرەنتینە کە کەسەکە لە شوێنێکی داخرا و بە تەنها و دوور لە هەموو کۆنتاکت و پەیوەندییەک بە داخراوی دەمێنێتەوە، تەنانەت خواردنیشی بە شێوازێک پێ دەدرێ کە هیچ بەریەککەوتنێک لەگەڵی دروست نەبێ. ئێمە کە ماڵنشینکراوین، راستە لە فەزای گشتی یا جیهانی دەرەوە دابڕاوین، بەڵام لەگەڵ ئەندامانی خێزان و منداڵ و هاوژین و خۆشەویستانمان لە پەیوەندی داین، دەتوانین بچین بۆ پیاسە تا مەسافەیەکی دیاریکراو، دەتوانین بچین بۆ سوپەرمارکێت. تەنها ئەو کاتە ئەو پەیوەندییانە دەپچڕێن کە کەسێک لە ئێمە تووشی دەردەکە بێت. بۆیە من لە نووسینەکانم هەر لەسەرەتاوە وشەی ماڵنشینکردن و مانەوە لە ماڵم بەکارهێناوە. ئەگەر لە زمانی کوردی بتوانین وشەیەکی جوان دابڕێژین کە گوزارشتی تەواو لەو ئەزموونە نوێیەمان بکات، بۆچی بەکاری نەهێنین و زاراوەیەک بەکاربێنین کە لە جێی خۆیدا نییە؟

## گوندی لویین لە نێوان دوێنێ و ئەمڕۆدا

هەروەکو لە بەشەکانی دیکەی ئەم کۆرۆنانامەیە نووسیبووم، لەوەتای ماڵنشینکراوین من لەگەڵ خێزانەکەم ژیان لە گوندی لویین دەگوزەرێنم. گوندێکی بچووک لە دووری پێنج کیلۆمەترێک دەکەوێتە باکوری رووباری لواغ-ەوە. کە باس لە دوێنێ و ئەمرۆ دەکەم مەبەستم سەردەمی پێش کۆرۆنا و سەردەمی ماڵنشینکردن نییە، بەڵکو مەبەسستم سەردەمی جاران، هی سەدەکانی رابردوو و سەردەمی ئێستایە.

ماڵەکەم دوور نییە لە کێڵگەی دەغڵ و دەشتایی و دارستان. زۆربەی ڕۆژان لەگەڵ کوڕەکەم بەناو ئەو سروشتە رووتەدا پیاسە دەکەین. بە لاڕێیەکدا گوزەر دەکەین کە چوارچێوەی دەشتاییەکی سەوز پێک دەهێنێ و لە دوورەوە دەڕوانێتە کۆشکی شاهانەی لوبین. دوێنێ کە پیاسەمان دەکرد، کۆشکەکە لە دووری چەندان کیلۆمەتر سەوزاییەوە زۆر سەرنجی ڕاکێشیین. ئاسمان نزم خۆی دەنواند و پارچە هەورەکان تا بەرزایی دینگە و تاوەرە خڕ و بڵندەکانی کۆشکەکە داکشابوون. کۆشکی پڕ هەیبەت و سەوزایی بێپایانی چواردەوری و هەورو نزمەکان دیمەنێکی شکۆمەندانەیان پێک هێنابوو؛ ئەو دیمەنە لەیەک کاتدا ئەفسانەیی و دڵگیر و سامناکیش خۆی دەنواند. دینگە و تاوەرە مەزنەکانی کۆشک لە شێوەی قەڵا بە ستایلی سەدەکانی ناوەڕاست بنیات نراون و بە پردە بەردی سپی پێکەوە بەستراونەتەوە.

ئەو کۆشکە لە سەر گردێکە، بەرزترین شوێنی گوندەکەیە و ڕێک بەرامبەر کڵێسایەکی کۆنە لە دۆڵی کەسکی لواغ. لە دامێنی گردەکە کۆمەڵێ خانووی بچووک هەن کە لە جاددەی سەرەکی نزیکن و جاران هی ڕەعییە و جووتیار و کاسبکاران بووە کە لە خزمەتی ئەرستۆکرات و ئاغا و فیۆدالەکان کاریان کردووە. سیمای دیوار و پەنجەرە و هەڵکەوتەی ئارکیتێکتی کۆشکەکە لەسەر ئەو گردە و خانووە بچووکەکانی دامێنی مرۆڤ پەلکێشی ناو مێژوو دەکەن.

ئەگەرچی لە دوای شۆڕشی فەرەنسی ئەرستۆکراتەکان دەسەڵاتیان نەما و فەرەنسا بوو بە کۆمار و ڕەعییەش بە هاوڵاتی، بەڵام چینایەتی و پەیوەندییەکانی هێز و دەسەڵات بە شێوازی دیکە هەر بەردەوامن. ئەمەش لە هەڵکەوتەی خانووبەرە و شوێنی نیشتەجێبوون و نەخشەی شار و گوندەکان بە تەواوی هەستی پێدەکرێ.

یەکەم بەردی بناغەی ئەو کۆشکە لە شێوەی قەڵا لە سەدەی دەی زایینی دانراوە، واتە هەزار ساڵ پێش ئێستا. دواتر لە سەدەی دوانزە و سێزدە کاری زیاتری لەسەر کراوە و هەمیشە نۆژەن کراوەتەوە بە بێ ئەوەی سیمای کۆن و ڕەسەنی لەناوبچێت. لە سەردەمی شۆڕشی فەرەنسیش کە شۆڕشگێڕەکان هێرشیان کردە سەر کۆشکی ئەرستۆکراتەکان و تاڵانیان کردن و تێکیان دەدان، بە هۆی نزیکی کوڕێکی دۆقی لوبین لە شۆڕشگێڕەکان، هێرش نەکرایە سەر کۆشکی لوبین و وێران نەکرا. بۆیە سەرەڕای نۆژەنکردنەوەی، سیمای کۆن و ڕەسەنی وەک خۆی پاراستووە.

ئەوەی سەرنجڕاکێشە بۆ من ئەوەیە کە ئەو کۆشکە ماوەی پێنج سەدەیە، واتە پێنج سەد ساڵ ئەوەی هەمان خێزانی تێدا دەژی. کە ئەمەم بیست بیرم لە ڕەگ و ڕیشە و گرنگیی جێگیربوون کردەوە. ئەوان ڕەگیان قووڵە و جەنگ و ڕووداوە دڵتەزێنەکانیش پەی پێ نەبردوون. بەڵکو بە سروشتی وەکو درەختێکی پێنج سەد ساڵە لە سەر ئەو گردە ڕەگیان داکوتاوە و ژیانێکی هێمن دەژین. هیچ کەس کوڕ و کچانی شازادەکانی لوبین نابینێ، لە ئاهەنگە فۆلکلۆری و کۆبوونەوە

شەعبییەکانیش بەشداری ناکەن. ئەوان ژیانی خۆیان هەیە و نەکەس خۆی لە ژیانیان هەڵدەقوتێنێ و نە ئەوانیش تەدەخولی ژیانی خەڵکی ئاسایی دەکەن.

من بێگانەم لەم گوندە. لە خانوویەکی بچکۆلەدا کرێنشینم کە سێ سەد کیلۆمەتر لە باشوری ناوەڕاستی پاریسەوە دوورە. جگە لە هەرزانی ژیان لەم دەڤەرە و نزیکی لە سروشت کە هۆکار بوون لەوەی من لێرە بژیم، هۆکاری سەرەکی ئەوەبوو کە من پێڵاوی غەریبیم لێرە داکەندبوو، لە شاری تووغ کە ٢٥ کیلۆمەتر لە لوویین دوورە. لە ساڵی ١٩٨٩ کە بۆ یەکەم جار هاتمە فەڕەنسا لێرە خوێندنی زمانی فەڕەنسیم تەواو کرد. من بێگانەم لێرە و لەو کاتەی یەکەمجار رووم کردە ئێرە تا ئێستا زیاتر لە دە جار ماڵم گواستۆتەوە، حەوت وڵاتم گۆڕیوە. کە گەیشتم لە سفرەوە دەستم پێکردەوە و بە ئیرادە و خوێندن و کاری بەردەوام گەیشتم بە ئاستی پرۆفیسۆر لە یەکێ لە باشترین زانکۆکانی فەڕەنسا. هەرگیز خۆم وەک قوربانی نابینم، بەڵام کاتێ مرۆڤ رزگاربووی جەنگ و زیندان بێ، کاتێ بێ ماڵ و دەوڵەت بوویت، ئیتر هیچ شوێنێ ماڵی تۆ نییە، ئەوە جگە لەوەی مەرجەکانی ژیانی مەنفا و پەنابەری ناچارت دەکەن بە ژیانێک کە بژاردەی خۆت نییە. بە بەراورد لەگەڵ خانەوادە و نەوەکانی دۆڤی لوویین کە پێنج سەد ساڵە لە هەمان خانوو (کۆشک) دەژین، من خۆم وەک قەرەج دێتە بەرچاو. ئەوان جێگیر و رەگاژوو و خاوەن دەوڵەت و ستاتو و هەموو شتێکن، من چیم لێرە؟ بۆ لێرەم؟

### جەنگەکان و ژیانی پەرتوبڵاوی مرۆڤی کورد

ئەم پرسیارانە لەم سەردەمەی کۆرۆنا منیان بردەوە لای رابردوو. من لەناو گەرمەی جەنگ و کاتی سەرهەڵدانی بەعسییە قەومییەکان لە دایکبووم. نەوەی ئێمە لەوساوە تا ئێستا دەیان جەنگمان بینیوە، کوشندەترین زەمەنمان گوزەراندووە. دەیان جار خانوومان تێکدراوە و راو نراوین. ئێمە بە رێکەوت گەورە بووین و بەسەر ژیلەمۆی جەنگ بە پێخاوسی هاتین و بە رێکەوت گەیشتینە ئێرە. من چیم نەدی؟ زیندانی بەعس و مەرگی باوک و سێ برای شەهید، مەرگی دەیان ئەندامی خێزان و خزم و دراوسێ و هاوشار کە بەر لێشاوی ئەنفال کەوتن و نەگەڕانەوە. دوای راپەڕین ئاهێک بە دەروونماندا هات، بەڵام هەر زوو شەڕی نەگریسی ناوخۆی نێوان پارتی و یەکێتی بەرپابوو، شەڕی خۆکوژی نێوان براکان هەڵگیرسا. ئەم شەڕە لە هەمووان کاریگەرتر بوو، چونکە ئومێدی کوشت، بەهای ئەخلاقی و جوانییەکانی لەناوبرد. پرسە و رەشپۆشی دایک و خوشک و کچەکان گوێیان لێ نەگیرا و رووڕەش و ریسوا کراین کاتێ ژنەکان لەبەردەم پەرلەمانی کوردستان داوایان کرد برا سەرکردەکان بچن لە رێگای پەرلەمانەوە چارەسەری کێشەکانیان بکەن نە کە لە رێگای گولەی تفەنگەوە، داوایان کرد ویژدانیان بجولێ و دوای ئەنفال و هەڵەبجە یەکتری نەکوژن. ئەفسووس، تفەنگ و رق درەنگ بێدەنگ کران و ئاشتیی نێوان براکانیش، سەرەڕای ئیرادەی چەند سەرکردەیەکی ئاشتیخواز و پێشکەوتوو لە هەردوو لا، تا ئێستا لە شێوەی

شەڕێکی سارد بەردەوامە کە لە زۆر چرکەساتدا ترسی تەقینەوەمان لادروست دەکات. کاتێ لە میدیاکان بەرەنگاری یەک دەبنەوە و لەشکرەکانیان لەسەر سۆشیەل میدیا و لاپەڕە ڤیرچوالەکان ناقوڕەی جەنگ لێ دەدەن، ترسێک لە ناخەوە داگیرم دەکات و رەنگم هەڵدەبزڕکێ. ئایدیۆلۆژیای رق و دووبەرەکی و شارچییێتی و رەنگچییێتی و جەهل وەک ژەهر بەسەرمان دادەبارێ. ئەوانەی لەم دۆخە سوودمەند بوون ئیسلامییەکان بوون کە ئەگەر دەرفەتیان بۆ بڕەخسێ، ئەوە کوردستان دەکەنە داعشتان.

## زینێ وەرتێ و مۆتەکەی جەنگ

بۆچی لەم کۆرۆنانامەیە باسی ئەمانە دەکەم؟ لە ماوەی دوو هەفتەی رابردوو، هەواڵەکانی کوردستان زۆر نیگەرانییان کردم، بەتایبەتی دۆخی زینێ وەرتێ و دروستبوونی جۆرێک لە گرژی لە نێوان حیزبە کوردییەکان وهاوتا لەگەڵ لە سێدارەدانی موستەفا سەلیمی. ئەم دوو رووداوە لەوانەیە هیچ پەیوەندییان پێکەوە نەبێ، بەڵام ئاماژەن بۆ نەبوونی یەکگرتوویی کورد، بۆ خۆخۆری و گیانی براکوژی. بارودۆخی جیۆپۆلیتیکی و رۆڵی دەوڵەتە دوژمنەکانی دەوروبەریش لە دروستکردنی گرژی و تێکبەردانی کورد  وەک ژەهر دەمانکوژێ. کاتێ هەواڵی گرژییەکانی زینێ وەرتێ م دەخوێندەوە، دەترسام جارێکی دیکە، سەرەڕای مەترسییەکانی کۆرۆنا حیزبەکان ئەڤلانییەت لەدەست بدەن، دەترسام پردی نێوان رۆژەکان بپچڕێن و نێوانی ئەمڕۆ و سبەینێمان، وەک دوێنێ و پێرێ ببێتە رووداوێکی خوێنڕێژ، ببێتە شەڕێکی دیکە و ئیتر جارێکی دیکەش سەرەڕای هەموو کەموکوڕییەکانی هەرێم، ئەوەی بنیاتمان ناوە لەناوبچێ.

لەو چرکەساتانەدا بیر لە دایکەکان دەکەمەوە، بیر لە دایکم دەکەمەوە کە سێ کوڕی هەبوو هەرسێکی بوونە خۆارکی جەنگ و فیدای کوردستان؛ بیر لە بێوەژنەکانی ئەنفال دەکەمەوە کە لەسەر پێچکەی چاوەڕوانی ملوانکەی نائومێدی دەهۆننەوە؛ بیر لە ئاوارەکان دەکەمە کە هەموو جوگرافیایان بۆتە خێمەیەک لە کامپ و شەڕی کۆرۆنا و هەژاری و نایەکسانی و توندوتیژی دەکەن؛ بیر لە پەنابەرەکانی سەر سنوری تورکیا دوورگەی لێزبۆس و کەنارەکانی ئیتاڵیا دەکەمەوە کە تەلبەند دەکرێن و وەک ئاژەڵ پارچە نانیان بۆ فڕێ دەدرێت؛  بیر لە منداڵە هەتیوەکان دەکەمەوە کە خەون بە ژەمێک نان، بە جەژنانەوە دەبینن ؛ بیر لە کچ و ژنە ئێزیدییەکان دەکەمەوە کە کرانە کۆیلە و زیندەبەچاڵ کران و ئەوانەی گەڕانەوەش خەون بە ئاشنابوونەوە بە ژیان دەبینن؛ بیر لە نەوەی سێیەمی دوای جەنگی دووەمی جیهانی و جوولەکەکان دەکەمەوە کە لە شێوەی خوێندکارێکی خەمناک لە یەکێ لە کۆرسەکانم دەربارەی کارەساتە تراژیدییەکانی جەنگ پێی وتم بەشێک لە باوانی لە ئۆشڤیتز لە ناو فڕنەکان سووتێندراون و نەنکیشی  لە لایەن سەربازەکانی سوپای سوور لە بەرلین لاقە کرابوو و هەرگیز نەیوێرا بوو بیدرکێنێ تا دوای  مردنی لە دەستنووسێکیدا ئاشکرا بوو؛ بیر لە موهاجیرە مەغریبی و کورد و پاکستانی و

فەلەستینییەکانی ئەوروپا دەکەمەوە کە هەمیشە بێگانەن و لە ناوچە هەرە دابڕاو و دواکەوتووەکانی شار بەسەریەکدا کەوتوون و ژیانێکی لانەواز دەگوزەرێنن؛ بیر لە ڕەشپێستەکان دەکەمەوە کە لەبەر جیاوازیی ڕەنگ و ڕوخساریان کۆلی مێژووی کۆیلایەتییان هەڵگرتووە و ژیانێکی شایستەیان پێ ڕانابینن. ئەمانە دیسان دەمبەنەوە لای دایکم کە قەناعەتی وابوو لە دوای مردن لە کۆڵانە بەرینەکانی بەهەشت چاوی بە کوڕە جوانەمەرگەکانی ڕۆشن دەبێتەوە.

لەو ساتانەدا من دەترسم. لە کاتی خوێندنەوەی هەواڵەکانی زینێ وەرتێ، سەرەڕای بوونی هەندێ سەرکردە و سیاسەتمەداری ئاشتیخواز لەناو پارتی و یەکێتی، دەترسام وەک سالانی ڕابردوو شەڕێکی دیکەش خۆی بەسەرماندا بسەپێنێ و بێهوودە گەنجەکان ناچار بکات بە شانازییەوە خۆیان فیدا بکەن؛ ژنەکان بێدەسەڵاتانە بچنە بەرەکانی شەڕی براکوژی و شیرینی ببەشنەوە بۆ هاندانی پێشمەرگەکان. من بیرم لە هەموو ئەوانە دەکردەوەوە و قەناعەتی تەواویشم بەوەیە کە هیچ جەنگێ ڕەوا نییە، کە لە جەنگەکان کەس براوە نییە، هەموومان دۆڕاوین. بۆیە کاتێ سەرۆکی هەرێم نێچیرڤان بارزانی هاتە سەرخەت و دۆخەکە ئارام بووەوە، من لە ناخەوە، لەو دەشتە چۆڵ و سەوزەی لووین هەناسەیەکی قووڵم هەڵکێشا و بە نەوزادی کوڕم وت: دەشێ کورد لە ڕابردوو دەرسی وەرگرتبێ، هیوام خواست کە هەرگیز نەک هەر 'براکان' جارێکی دیکە نەکەونە جەنگێکی دۆڕاوەوە، بەڵکو هیچ جەنگێک لەسەر ئەم زەمینە ڕوونەداتەوە. نەوزاد وای زانی باسی جەنگی کۆرۆنا دەکەم، منیش وتم لە زۆر شوێنی سەرزەمین، ڤایرۆسێک هەیە بەناوی ڕق کە جەهل برەوی پێ دەدا، ئەو ڤایرۆسە لە کۆرۆنا ترسناکترە.

### دوا کۆرسی زانکۆ و وتەکانی کچێکی فیلیپینی

لە دوا ڕۆژی کۆرسەکان، قوتابییەکم کە بە ڕەسەن خەڵکی فیلیپینە، بابەتی تاقیکردنەوەکەی لەسەر کرێکار و خزمەتکارانی ناوماڵ لە وڵاتانی عەرەبی پێشکەش کرد. وڵاتانی عەرەبی، بەتایبەتی وڵاتانی کەنداو گەورەترین ڕێژەی کرێکار و خزمەتکاری بیانییان هەیە. ئەو کرێکارانە کە خەڵکی فیلیپین و نیپاڵ و تایلەند و وڵاتانی ئەفریقان، زۆربەیان ئافرەتن و ماڵ و منداڵی خۆیان بەجێ دەهێڵن بۆ پەیداکردنی بڕێک پارە لەبەرامبەر کار و ماندووبوونێکی زۆر. بە پێی بەڵگە و فاکتەکان زۆربەی ئەو ئافرەتانە لەناو ماڵەکان توندوتیژییان بەرامبەر دەکرێ و لە هیچ لەو وڵاتانەش، بە هەرێمی کوردستانیشەوە، یاسایەکی تایبەت نییە بیانپارێزێ. هەموویان لەژێر ڕەحمی ئەو کۆمپانیا و گروپانەدان کە لە شێوەی سیستەمی کۆیلایەتیی مۆدێرن ئاڵوگۆڕیان پێ دەکەن، جگە لە مافی مانەوە و هەندێ پشکنینی پزیشکی لە ڕووی جینۆکۆلیجییەوە، مافەکانیان فەرامۆش و پێشێل دەکەن.

ئەو قوتابییە فیلیپینیە باسی ئازارە رۆحیی و دەروونی و جەستەییەکانی ئەو کچ و ژنانەی کرد. جگە لەوەی لە خێزان و منداڵەکانیان دادەبڕێن، بەدەست ئەو سیستەمەوە مەینەتبارن، وەک کۆیلە مامەڵەیان لەگەڵ دەکرێ. هەندێکیان توندوتیژیی سێکسیان بەرامبەر دەکرێ تا ئاستی لاقەکردن، بەڵام ناتوانن سکاڵا بکەن یا بیدرکێنن، لە ترسی لەدەستدانی کارەکەیان و تۆڵەی سەردارەکانیان. هەروەها باسی ئەو ئازارانەی کرد کە لە ئەنجامی نەزانینی زمان و خوورەوشت دەیکێشن؛ ئەو ئافرەتانە لە تەنهاییدا خۆیان دەخۆنەوە و تەنانەت ناتوانن نوێژی رۆژانە و مەراسیمە ئایینییەکانی خۆشیان پیادە بکەن لە ترسی سەردارەکانیان، هەندێکیان ناچار دەکرێن بیروباوەڕی ئیسلامی پیادە بکەن. لەو رۆژەوە بیر لە ژیانی ئەو ئافرەتانە لە سەردەمی کۆرۆنا دەکەمەوە: چۆن رۆژگاری کۆرۆنا دەگوزەرێنن؟ چۆن لەناو ئەو هەموو تەنهاییە و ئەو هەموو کارە جەبرییە دەتوانن ساتێ بدۆزنەوە بۆ هەناسەدانێکی قووڵ؟ ئەی ئەگەر نەخۆش بکەون، کێ بە هانایانەوە دێ؟ لە کاتی توندوتیژی هانا بۆ کێ دەبەن؟ ئەمانە هەموو پرسیارن و پێویستیان بە توێژینەوەی ئەکادیمی هەیە کە سەنتەرەکانی جێندەر و رێکخراوەکان لە هەرێمی کوردستان دەتوانن کاری لەسەر بکەن.

رەگی ئەم سیستەمە کۆیلایەتییە قووڵە، دەشێ بگەڕێتەوە بۆ جەنگەکان، بۆ کۆلۆنیالیزم، بۆ ئیمپریالیزم و سیستەمی پیشەسازی و سەرمایەداریی جیهانی، بۆ حوکمڕانیی نابەجێ، بۆ پەیوەندییەکانی هێز و دەسەڵات و سروشتی شەڕانگێزیی ئەوانەی خۆیان بە سەردار و گەورە و زاڵ دەزانن و موڵکداریی ئەوانی دیکە دەکەن. دەشێ هەموو ئەمانە بن پێکەوە؛ کۆیلایەتیی مۆدێرن بەشێکی دانەبڕاوە لە توندوتیژیی بنەڕەتی - ستروکتورال کە بە زۆر شێوە لە ژیانمان رەنگی داوەتەوە.

هەفتەی رابردوو هاوڕێی ئازیزم شیلان گەیلانی لە شاری سنەوە پەیامێکی بۆ ناردم و نووسیبووی: تۆ لە رووی نووسینەوە چالاکیت، ئایا کارەکانیماڵەوەش خۆت دەیانکەی یا کەسێک هەیە کارەکانت بۆ بکات؟ منیش پێکەنیم و لە وەڵامدا وتم کە وەک پرینسیپ من باوەڕم بەوە نییە کەسێک وەک خزمەتکار راگرم و کاری ناوماڵی پێ بکەم. لە واقیعیشدا لە دژی ئەو جۆرە سیستەم و ئاکارانە خەبات دەکەم. منیش وەک هەر کەسێکی دیکە، بەشێکی کاتی رۆژانەم بە کاروباری ناوماڵ بەسەر دەبەم، هەر لە چێشت لێنانەوە تا قاپ شوشتن و ماڵ پاککردنەوە و هتد. بەڵام وەک پرینسیپ هەموو ئەندامانی خێزان دەبێ بەشدار بن لەئەنجامدانی ئەو کاروبارانە. ئەمە سادەترین بنەمای یەکسانییە، ئەگەر لە ژیانمان رەنگ نەداتەوە، کەواتە درۆ لەگەڵ خۆمان دەکەین.

### لە فەرەنسا چ باسە؟

لە ١٦ی نیسان سەرۆک ماکرۆن سێیەم وتاری دەربارەی کۆرۆنا پێشکەش کرد و رایگەیاند کە لە ١١ی مانگی مایسەوە

دۆخەکە ئارام دەبێتەوە و ژیانی ئاسایی دەست پێدەکاتەوە. لەو کاتەوە لە فەرەنسا باس لە قۆناغی دوای کۆرۆنا دەکرێت. لە میدیاکان زۆر قسە لەسەر کردنەوەی مەکتەبەکان و بوژانەوەی ئابووری و چۆنییەتیی خۆپاراستن دەکرێت. لە رووی ئابوورییەوە نیگەرانییەکی زۆر هەیە و میدیاکان قسە لەسەر رێگرتن لە قەیرانی دارایی و بێکاری دەکەن. بەڵام وەڵامی تەواویان پێ نییە و هەمووان لەناو نادڵنیایی و ترسدا دەژین. بابەتێکی دیکە کە لە فەرەنسا زۆر قسەی لەسەر دەکرێ، پرسی ژینگەپارێزی و مامەڵەی مرۆڤە دوای کۆرۆنا لەگەڵ سروشت. توندوتیژیی خێزانیش کە لە فەرەنسا بە رێژەی ٣٦% زیادیکردووە، بۆتە جێگەی بایەخ و زۆر باس دەکرێت.

فەرەنسییەکان بە شێوەیەکی مێژوویی بەهێزن لە هونەری گوتار دارشتن و ئاخاوتن. بۆ هەموو دیاردەیەک ئارگیومێنت دروست دەکەن، دەیبەستنەوە بە رابردوو و بەدوای رەگی کێشەکاندا دەگەڕێن بەمەبەستی دەدۆزینەوەی چارەسەر لەسەر بنچینەی ستراتیژی و بیرکردنەوەی قووڵ. ئەوەی مایەی نیگەرانییە ئەوەیە کە کەس وەڵامی دڵنیاکەرەوەی پێ نییە، تەنانەت ئەمڕۆ لە گفتوگۆیەکدا فەیلەسوفی هاوچەرخ ئێتیەن بالیبار وتی سەرۆک ماکرۆن و حکومەتیش دڵنیانین کە دەبێ چی بکرێ بۆ ئەوەی ئابووری ببوژێتەوە، بۆ ئەوەی قوتابی بە بێ ریسک بگەڕێنەوە قوتابخانەکان، بۆ ئەوەی دارمانی بنەمای ئابووری و رێژەی بێکاری قەیرانێکی دارایی هاوشێوەی قەیرانی ساڵی ١٩٢٩ دروست نەکەن. قەیرانی ١٩٢٩ کە بووە هۆی دارمانی بازاری جیهانی وەک مۆتەکە بەسەر سەری وڵاتانی رۆژئاوا دەخولێتەوە.

میدیاکان کە هەندێکیان کەوتوونەتە ژێر کاریگەریی خراپی تەکنەلۆژیای مۆدێرن و سۆشیەل میدیا و عادەتی نابووتەوە، یاری بە هەست و سۆزی خەڵک دەکەن. بەڵام کەناڵە گرنگ و زۆرباشەکانیان وەک لومۆند و لیبراسیۆن و رادیۆکانی فرانس کولتور و فرانس ئەنتێر و کەناڵی ئارتێ، هەمیشە بە وردی تویژینەوە دەکەن و لەخۆیانەوە قسە ناکەن و لایک و کلیکی ماڵپەرەکانیان نەکردۆتە پێوەر بۆ کاریگەری و گرنگییان. ئەو کەسانەی ئەو کەناڵانە داوەتیان دەکەن بۆ ئەوەی رای خۆیان بڵێن لەسەر دۆخەکە، کەسایەتیی بەناوبانگ و فەیلەسوف و رەخنەگرانی بەتوانان کە لەسەر بنچینەی فاکت و بیرکردنەوە دەوێن، رەخنە دەگرن، راستییەکان ناشێوێنن. ئەوەی لەخۆیەوە قسەی بێ بنەما دەکات، ئەوەی وەک فەیک نیوز شت رادەگەیەنێ لەم کەناڵانە جێگایان نابێتەوە. هەمیشە خۆزگە دەخوازم لە کوردستانەکەی ئێمەش مرۆڤ پێش قسەکردن و هاتنەگۆ تویژینەوەی بکات، دیراسەی پرسەکان بکات، فێری رەخنەگرتن بێ بە ئاگیومێنت و بە بێ جوێندان، بە وردی بیری بکاتەوە ئینجا بنووسێ.

پاراستنی سروشت و رێگرتن لە پیسبوونی ژینگە بابەتێکی دیکەی گرنگن لە میدیاکانی فەرەنسا و جیهان بە گشتی. لە ئەنجامی کۆرۆنا و کەمی فڕۆکەبازی لە ئاسمان و کەمی ئۆتۆمبیل و شەمەندەفەر، هەمووان هەست بە سازگاریی هەوا

دەکەین و ئۆکسجینی پاک دەچێتە سییەکانمانەوە. ئاژەڵەکانیش ئاسوودە و ئازادترن. بەڵام تا چەند جیهان دەتوانێ بەوجۆرە بمێنێتەوە و ژینگە بپارێزێ لە کاریگەرییە پیسەکانی ژیانی مۆدێرن و سەرمایەداریی جیهانی؟ ئەمەش پرسیارێکە و لێرە وەڵامیان پێ نییە. ئەوەی دەوترێ و هەمووان دەیزانین ئەوەیە کە مرۆڤ جا لە هەر شوێنێک و سەر بەهەر دەوڵەت و ئایین و نەتەوە و گروپێک بێ، ناتوانێ خاوەنداریی ئەو بستە زەوییە بکات کە ناوی گۆی زەوییە، ئێمە هەموومان بەشێکین لە گەردوون، هیچ کەس خاوەن و چەقی گەردوون نییە، هەمووومان پێکەوە دەبێ بیپارێزین.

توندوتیژیی خێزانی کە بە پێی ئامارەکان لە ماوەی ماڵنشینکردن لە سەرانسەری جیهان زیادی کردووە، لە فەڕەنسا زۆر قسەی لەسەر دەکرێت. وەزیری کاروباری یەکسانی مارلێن شیاپا بەردەوام لەسەر خەتە، لەگەڵ ڕێکخراو و پارێزگار و شارەوانییەکان ستراتیژی بەدەنگەوەهاتن دادەڕێژن بۆ پاراستنی ئەو ئافرەتانەی لە ماڵەوە فشاریان لەسەرە و بەرەوڕووی توندوتیژیی دەروونی و عاتیفی و جەستەیی دەبنەوە.

لە کوردستانیش بە گوێرەی هەندێ ڕاپۆرت توندوتیژییەکان کەمیان کردووە. ئەمە جێگای خۆشحاڵییە، بەڵام من دڵنیانیم لە دروستیی ئەو ڕاپۆرتانە، چونکە ئێمە سیستەمی کۆکردنەوەی ئامار و زانیاریمان وەکو پێویست کارا نییە. بەم دواییە لایەنە بەرپرسەکان و میدیاش خەریکن ئەم پرسە بە هەند وەردەگرن. هەفتەی ڕابردوو لە ڕێگای ڤیدیۆوە لە بەرنامەی دەروون و دیاردە بەشداریم کرد. دیارە بۆ من گرنگ بوو لەسەر ئەم پرسە قسە بکەم و سوپاسیان دەکەم بۆ بەرنامەکە و بۆ داوەتکردنم، بەڵام نائومێد بووم کە بوارم پێنەدرا قسەکانم تەواو بکەم. سەرەڕای هاوکاری و بوونی هەندێ هاوڕێی بەتوانا لەو کەنالانە، زۆرجار لە پەیوەندیم لەگەڵ کەنالەکانی ڕاگەیاندن لە کوردستان نائومێد دەبم. لەوانەیە ئەوە پەیوەندی بەوەوە هەبێ کە لەبەر تێکەڵیم بە میدیای نێودەوڵەتی، چاوەڕوانیم لەوان زۆرتر بێت لەوەی کە ئەوان دەتوانن بیکەن.

### جیهانی سبەینێ

جیهانی سبەینێ هەرگیز وەکو جیهانی دوێنێ نابێت. ئەمە بابەتێکی گرنگی گفتوگۆی میدیا و سیاسەتمەدار و ڕۆشنبیر و ئەکادیمیستانە. هەندێک لە ڕووانگەی ئابوورییەوە ڕاڤەی دەکەن، هەندێک لە ڕووانگەی جیۆ-سیاسییەوە، هەندێک لە ڕووانگەی کولتوری و پەروەردە و ژینگەوە، هەندێ لە ڕووانگەی زانستیی و تەکنەلۆژییەوە شی دەکەنەوە. هەندێکیش لە ڕووانگەی ئایینییەوە باسی جیهانی داهاتوو دەکەن.

ئەوانەی لە رووانگەی ئابووری و سیاسی و کولتوری و زانستییەوە راڤەی جیهان دەکەن لە ژێر رۆشنایی قەیرانەکانی کۆرۆنا و دەرهاویشتەکانی لە داهاتوو، پێ لەسەر گفتوگۆ و هاوکاری و پشتگیریی دەوڵەت وحیزب و حکومەتەکان دادەگرن بۆ چاککردنی کەموکورییەکانی بواری حوکمرانی، بۆ دابەشکردنێکی مرۆڤانەی سامان و دەرامەتی ئابووری، بۆ دوورخستنەوەی جەنگ و بەرقەرارکردنی ئاشتی. لە ئاشتیشەوە دەتوانرێ کار بکرێت بۆ ژینگەپارێزی و پێشخستنی زانستی و کولتوری و تەکنەلۆژی بەجۆرێک کە ببنە هۆکاری بۆ بەهێزکردنی کەرتی تەندروستی و ئاسایش و پەروەردە و کولتور، نەک ببنە مایەی بەهێزکردنی سوپا و موشەک و هێزی ئەتۆمی.

ئەوانەی لە رووانگەی ئایینییەوە قسە دەکەن، ئینجیل و تەورات و قورئان دەکەن بە سەرچاوە و ڤایرۆسی کۆرۆنا و رووداوەکان رووانگەی ئەو "کتێبە پیرۆزانەوە" لێک دەدەنەوە. ئەوانە زۆربەی کات باس لە مەترسی دارمانی مرۆڤایەتی و هاتنەدیی رۆژی حەشر لەسەر زەمین دەکەن. لە رێگای ئەمەشەوە ترسی خەڵک ئیستیغلال دەکەن و یاری بە هەست و سۆزییان دەکەن بۆ راکێشانیان بۆ کڵێسا و سیناگۆگ و مزگەوت. ئەمە لەوانەیە ببێتە مەترسیی و دواتر بۆ مەبەستی ئادیۆلۆژی و سیاسیی توندڕەو بەکاربهێنرێ و جەستەی ژنیش بکرێتە مەیدانی شەڕەکانییان.

لە کاتی کارەسات و قەیرانەکان مرۆڤ پێویستی بە رۆحانییەت هەیە، پێویستی بە گەڕانەوە بۆ ئەو هێزە مەزن و ئەفسووناوی و نادیارە هەیە کە ناوی یاهودا، ئەڵلا ، خودا یا گۆدە. ئەمە جیاوازە لە بە ئایدیۆلۆژیکردنی ئایین بۆ مەبەستی سیاسی. رۆحانییەت لەم سەردەمە دژوارە گرنگە بۆ گەڕانەوە بۆ خود، بۆ شتە جەوهەرییەکان، بۆ رێکخستنی پەیوەندیی نێوان تاک و خودا. بەڵام کاتێ نائەقلانییەت مرۆڤ راپێچی ناو ترس و سزا و دۆزەخ بکات و بەرەو توندڕەویی ئایینی بەڵێنی بەهەشتیان پێ بدا، ئەوە دوای کۆرۆنا مەترسی توندڕەویی و تیرۆری ئاینی لێ دەکەوێتەوە.

مرۆڤ بوونەوەرێکی لاوازە، لە مردن دەترسێ، بەڵام ژیان خۆی گەشتێکە بەرەو مەرگ. با لە شتە سادەکانەوە دەست پێ بکەین؛ ئەزموونی کۆرۆنا دەشێ دەرفەتێک بێ بۆ گەڕانەوە بۆ رەهەندە جەوهەرییەکان، بۆ شیعر و هونەر، بۆ دوورکەوتنەوە لە بەرخۆری و زۆرخۆری و حەزی پووچەڵی سەرفکردن. دەشێ دەرفەت بێ بۆ مێدیتەیشن و رامان لە جوانی و سیحری ژیان. دەشێ خۆشەویستی بێ، دەشێ ساتێکی ئارام بێ لەگەڵ یەکتری، لەباوەشکردنی ئازیزێک بێ. دەشێ پێکەوەبوونێکی جوان بێ لەگەڵ ئەوانی دیکە، ئەوانەی کە پێویستیان پێت هەیە، کە خۆشیان دەوێ و خۆشت دەوێن. دەشێ دوورکەوتنەوە بێ لە رق و کینە، لە توندوتیژی و توندڕەویی ئایینی و ئایدیۆلۆژیی سیاسی.

## سڵاوێک لە جوانی

لەم بۆچوونەوە، لە ماوەی دوو هەفتەی رابردوو جگە لە ئامادەکردن و وتنەوەی کۆرسەکانم، لەگەڵ هاوڕێی هونەرمەند ڕێبوار سەعید پرۆژەیەکی شیعری و هونەریمان راگەیاند بە مەبەستی هۆشیاری رای گشتی دەربارەی گرنگی ئاسایش و ئارامی لەناو خێزان و بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی. پرۆژەکە دایەلۆگێکی جوانی سەردەمی کۆرۆنا بوو لە نێوان دوو هاوڕێ لە دووری هەزاران کیلۆمەترەوە و بە "رێناز" ناوزەد کرا وەکو سیمبۆلێک بۆ تێپەڕاندنی سنورەکان، بۆ نزیکبوونەوە لە سەردەمی کۆرۆنا و بڕینی دوورییەکان و بەرجەستەکردنی هاوڕێیەتی. ڕێبوار سەعید بە هێما و هێڵ و فیگەرە رەنگدارەکانییەوە و منیش بە وشە و شیعر و ئاوازی زمان بۆ ماوەی هەفتەیەک کارمان لەسەر ئەو پرۆژەیە کرد کە بۆ هەردووکمان سڵاوێک بوو لە جوانی بۆ رەواندنەوەی توندوتیژی، بۆ بەرجەستەکردنی هاوڕێیەتی و نەهێشتنی رق و توندوتیژی لە نێوان مرۆڤەکان.

زۆر خۆشحاڵ بووم کە دوو هاوڕێی ئازیز و هونەرمەندی پڕبەهرە و توانا، فرمێسک مستەفا و میدیا رەئوف بێگەرد، بڕیاریاندا لە رێگای نمایشەوە ئەو پرۆژەیە دەوڵەمەند بکەن و بیبەنە ئاستێکی دیکەی هونەرییەوە. بەمە هەموومان هەڵوێستێکی ئێتیکی - ئەخلاقی دەنوێنین. ئەو پرۆژەیە هەمووماني کۆکردەوە لە دوو کۆبوونەوەی ئۆنلاین لە رێگای زوومەوە کە بەهادار و جوان بوو لەم رۆژگاری کۆرۆنا و ماڵنشینکردنەدا. دوای کۆبوونەوەی یەکەم پێشنیار کرا کە داوەتی دوو خانمی هونەرمەند و بەتوانای دیکە، دەشنێ موراد و تریفە کەریمیان و هەروەها دەرهێنەر مامۆستا سالار سەعید بکرێت بۆ زیاتر دەوڵەمەندکردنی پرۆژەکە. میدیا گەڕایەوە بۆ توخمی ئاو، فرمێسک بۆ خاک و خۆڵ، تریفە و دەشنێ لە رێگای دەنگە ناوازەکەیان، لە رێگای میوزیک و چالاکییە ئینسانییەکانیانەوە، مامۆستا سالار لە رێگای تەکنیکە کاریگەرەکانی دەرهێنانەوە، هەمووان پێکەوە یەکتری و ئەم پرۆژەیە تەواو دەکەین. ئەمە لەوانەیە سیمبۆلێکی بچووکی پەیوەندیی جوان و کاری هەرەوەزی بێت لەم سەردەمە دژوارەدا؛ گومانی تێدانییە کە ئەمڕۆ پەیوەندیی نێوان مرۆڤەکان لە جیاتی خۆشەویستی و رێز و هاوکاری و پشتگیری، بۆتە پەیوەندیی بەرژەوەندخوازی و رکابەری و لێکدان و دژایەتیکردن جا بە هەر بیانوویەک بێت. کارکردنی پێکەوەیی لە رێگای هونەرەوە، داوەتێکە بۆ تێپەڕاندنی ئەو بارودۆخەیە، بۆ گەڕانەوە بۆ سروشی مرۆڤانەمان، بۆ تۆلێرانس و یەکتری قبوڵکردن سەرەڕای جیاوازییەکان. ئەم پرۆژەیە سڵاوێکە لە جوانی سەرەڕای دژوارییەکانی سەردەمی کۆرۆنا بە ئامانجی دابینکردنی ئاشتی و ئارامی لە جیهانی سبەینێ.

٢٨ی ئەپریلی ٢٠٢٠

٥

## کۆتایی

بەرەبەیانی ئەمڕۆ لەگەڵ دەرکەوتنی گزنگ، کاتێ ڕووناکی بە هێواشی سەرەتاتکێی دەکرد و تاریکیی شەوی شەق دەکرد، قووقەی کەڵەشێری لادێ بێداری کردمەوە. ئەو دەنگە تێکەڵ بوو بە جریوەی باڵندە هەمەجۆرەکان کە کۆنسێرتێکی ناوازەیان پەخش دەکرد لە کاتێکدا لەسەر چڵی درەختەکانی باخچە باڵەفڕکێیان دەکرد و خەریکی ئەڤینبازی بوون. ئەو بەرەبەیانییە کەشێکی دەروونیی نزیک لە میلانکۆلیی دەورووژاند. هێمن  و ئارامبەخش و ئەفسووناوی، لەو کەشەدا کاتێ بە ئاگا هاتمەوە یەکسەر هەستم بە زیندوویی خۆم کرد.

مرۆڤ لەم ساتانەدا هەست دەکات ژیان بەردەوامە و ڕۆژێکی نوێ بە هەموو ئەفسوون و لوغزەکانیەوە باوەشی بۆ دەکاتەوە. جا ئەگەر پەلەی چوونە دەوامت نەبێت و حەز بە نەرمە وەرزش و مێدیتەیشن بکەیت، هەر لەسەر جێگاکەوە پەنجەی پێ و دەستەکانت بە هێواشی دەجوولێنیتەوە بە مەبەستی ئەوەی دوای چەندین کاژێر لە مانەوە لە یەک باردا، سووڕی خوێن بگەڕێنیتەوە بۆ ئەندامەکانی لەشت. ئینجا خۆت لێکدەکێشیتەوە و چەند هەناسەیەکی قووڵ لە ڕێگەی سک و سییەکانتەوە دەدەیت و ئۆکسجین بە هەموو دەمار و خانەکانی لەشتدا بڵاودەکەیتەوە. ماوەی دوو ساڵ زیاترە، دوای بینینی کلیپی مامۆستایەکی یۆگا، من فێربووم لەو بەیانییانەدا، هەر لەسەر جێگا چەند ڕاهێنانێکی یۆگا بکەم و هەوڵ دەدەم تا بتوانم بە تەندروستی و هەستێکی جوانەوە سڵاو لە ڕۆژەکان بکەم. لێتان ناشارمەوە، ئەمە هەندێک جار ئاسان نییە.

ئەو بەرەبەیانییە دوای چاوکردنەوە، لە کاتێکدا دەمویست زیاتر بچمە ناو دۆخی ئارامبەخشی قووقەی کەڵەشێر و کۆنسێرتی باڵندەکان، لەناکاو گرەی ماتۆڕێک دۆخەکەی شڵەژاند و سەرم هەژا و ڕاچڵەکیم. ماتۆڕەکە وردە وردە دوور کەوتەوە، بەڵام هێشتا گرەی دەنگی بە تەواوی ئاوا نەبووبوو، ئۆتۆمبێلێک بە تیژی بە شەقامەکەدا ڕەت بوو و باڵندەکانی تووڕەتر ڕاونا. ئەو بەیانییە بیرم کەوتەوە کە فەرەنسا بە فەرمی بڕیاری ماڵنشینکردنی تایبەت بە کۆرۆنای هەڵگرتووە و ژیان گەڕاوەتەوە "باری ئاسایی".

"باری ئاسایی" لێرەدا دەخەمە ناو جووتە بەرزەفاریزەوە، چونکە بۆ من ئەو دۆخە هیچ ئاسایی نییە: بۆنی بەنزین و دووکەڵ و هاڕەی ماتۆڕ و ئۆتۆمبێل ئەو بەیانییە سرووشتیان تەواو پیس کرد. ئەو ڕۆژە درەختەکان لە جیاتی سەوزی، ڕەنگێکی بۆری ڕۆناوییان لەسەر نیشت و کۆتر و باڵندەکانیش کەمتر بوونە میوانی باخچە و سەر مێزی ناو چیمەنەکەم.

ئیتر "باری ئاسایی" ژیانی مۆدێرن و پڕ لە ژاوەژاو و ماشێن، واتە باری نائاسایی بۆ سرووشت و گۆی زەویی کەنەفت و ماندوو. ئەمە سەرەتای قۆناخی دوای کۆرۆنایە.

لە مانگی رابردوودا لە فەرەنسا حکومەت بە فەرمی قوتابخانەکانی کردنەوە، رێستۆرانت و بارِ و قاوەخانەکان پڕبوونەوە لە خەڵک، سینەما و هۆڵی کۆنسێرتەکان کرانەوە، دەوامی فەرمی دەستی پێکردەوە، بەڵام ئەمانە هەمووی بە مەرج. من هەر لە گوندەکەی خۆمم لە ناوەڕاستی فەرەنسا و لە رێگەی ئۆنلاینەوە کارەکانم رادەپەڕێنم.

### ئازادیی دوای کۆرۆنا

یەکەم رۆژی دوای نەمانی کەرەنتینە و ماڵنشینی کە بۆ یەکەم جار دەرچووم بەو شەقام و کۆڵانانەدا پیاسەم کرد کە لە ماوەی چەند مانگی رابردوودا چۆڵ و بێدەنگ بوون، هەستێکی تایبەتم لا دروستبوو. سەرەتا خۆشحاڵ بووم کە بەبێ بەڵگەنامەی دەرچوون و مۆڵەت دەتوانم بچمە دەرەوە و ئەو مەودایە ببڕم کە پێشتر قەدەخە کرابوو.

ئەو رۆژە خۆم جوانپۆش کرد، بە هێواشی هەنگاوم دەنا، سەیری هەموو شت و کەس و جووڵەیەکم دەکرد وەکو ئەوەی نوێ بن بۆم! سەرەتا بە بینینی خەڵک سەرسام بووم، سەرنجی روخساری دەمامکدراو و رەفتاری خەڵکم دەدا و هەستم بە خۆشییەکی سادە و پەنهان دەکرد. خۆشیی پیاسە و دیداری یەکتری، خۆشیی قسەکردن لەگەڵ کەسێکی دیکە و پێکەنین و دانیشتن لە تارمەی قاوەخانەکان، خۆشیی سەیرکردنی دووکان و کۆشکی رۆژنامە و گۆڤارەکان و راکردن بەدوای پاس و قیتار و پەڕینەوەی خێرا لە شەقامە بەرینەکان پێش ئەوەی ترافیکلایتەکە سوور ببێت. خۆشیی بینینی کچ و کوڕە عاشقەکان کە یەکتریان لە ئامێز دەگرت، هی ئەو برادەر و کەسانەی کە ناولەپی هەردوو دەستیان لەبەر سنگیان دەنووساند بە یەکترییەوە و بە ئاماژەیەکی بوداییانە سڵاویان لە یەکتری دەکرد. ئەمانە هەمووی نەشئەئامێز بوون. بەڵام زیاتر لە جاران هەستم بە بۆنی پیسیی بەنزین و دەنگی گڕی ماتۆڕ و ئۆتۆمبێل و قیتارەکان دەکرد و بیرم کەوتەوە کە دوای سێ مانگ لە قەدەخەی هاتووچۆ و ماڵنشینکردن، کەمتر بەرگەی ئەو دەنگەدەنگ و ژاوەژاوەی ژیانی شار دەگرم.

جگە لەمانە، ئەو ئازادییە مەرجێکی دیکەی هەبوو، مەرجی دەمامکپۆشی و رێزگرتن لە دووریی مەترێک لە نێوان مرۆڤەکان. لە رۆژانی گەرمادا دەمامکپۆشین ئاسان نییە، بەڵام خەڵک هەموو بەکاری دەهێنن. نەک لەبەر ترس لە سزا و غەرامە، بەڵکو خەڵک لەو دەڤەرە ئەمە وەک خاسیەتێکی شارستانی لێک دەدەنەوە، وەک رەفتارێکی سیڤیل و جوان بۆ رێزگرتن لە خۆیان و لە کەسانی دەروبەریان پەیڕەوی دەکەن: واتە بۆ خۆپاراستن و پاراستنی کەسانی دەوروبەر پەیڕەوی دەکەن لەم

سەرزەمینە کە ئێمە دەتوانین بیپارێزین و جوانی بکەین. دوێنێ لەناو پاس یەک - دوو هەرزەکار دەمامکەکانیان داگرتبوو، ژنێک بە ڕێزەوە داوای لێ کردن پابەندی ڕێنماییەکان بن و ئەوانیش بە داوای لێبوردنەوە دەمامکەکانیان بەستەوە. لە دڵی خۆمدا گوتم چەند خۆشە ژیان لەگەڵ خەڵکی مەدەنی و هۆشیار و بەڕێز. ئێمە زۆر جار باجی گەمژەیی خەڵکانی دیکە دەدەین کە بە نەزانی و یاریی سیاسی و ئایدیۆلۆژیای ئایینی و ناسیۆنالیستی باربوو کراون، بە ڕەفتارەکانیان خۆیان و کەسانی دەوروبەریشیان هەراسان دەکەن.

لە هەفتەی یەکەمی ئەو "بارە ئاساییە"دا دوو هاوڕێی فەرەنسیم بە ناوی خاتوو ئان ماریڤێن و مارکی هاوسەری بۆ ئێوارەخوانێک داوەتیان کردین. ئەو ڕۆژە زۆر تایبەت بوو. دەمە و ئێوارە خۆم جوانپۆش کرد و تەنکە ماکیاژێکم کرد. نەوزادیش ریشی تاشی و کراسێکی شینی ئاسمانیی پۆشی. لە فەرەنسا کە دەچیت بۆ میوانداری، عادەت وایە چەپکە گوڵێک یا بوتڵێ شەراب لەگەڵ خۆت ببەیت و پێشکەش بە خانەخوێی بکەیت. ئێمە ئەو ڕۆژە گوڵمان دەست نەکەوت، بەڵام بوتڵێک شەرابی شینۆنمان لەگەڵ خۆمان برد، لەو بوتڵانەی کە نەوزاد لە یاریی شەترەنجی تایبەت بە ناوچەی ئەندر ئێ لواغ بردبوویەوە. کوڕەکەم بەمە زۆر دڵخۆش بوو.

ئەو ئێوارەیە بە ڕاستی هەستمان بە ئازادیی دوای کۆرۆنا کرد. ئان و مارک ژەمە خواردنێکی فەرەنسیی خۆشیان ئامادە کردبوو. کوڕە گەورەکەیان کە برادەری نەوزاد بوو لەوێ نەبوو و گەڕابووەوە بۆ پاریس. بەڵام هەردوو کوڕە ناوەنجی و بچووکەکەیان لەگەڵمان دانیشتن و تا درەنگانێک ماینەوە و جگە لە باس و خواسی دونیا، زۆر باسی کوردستان و دۆخی ئێستای ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستمان کرد. مارک گۆڤاری پاشکۆی لومۆندی دەرهێنا و گوتی لەو ماوەیەی دوایی دوو وتاری لەسەر کورد خوێندووەتەوە. هەروەها گوتی لەکاتی خوێندنەوەی بیری لە ئێمە و لە کوردستان کردووەتەوە. چوو لە کتێبخانەکەی ڕۆژنامەکەی هێنا و بە گرنگییەوە باسی دەکردن؛ وتارەکان یەکێکیان هی حەمید بۆزئەرسلانی هاوکارم بوو لە سکووڵی خوێندنی باڵای زانستە کۆمەڵایەتییەکان. ئەوی دیکەشیان هی ئالان کەڤال بوو: دوو کوردی دایاسپۆرا کە بە قەڵەم و فیکر خەبات بۆ مافی کورد و ناساندنی کوردستان بە جیهانی دەرەوە دەکەن. بیرم کردەوە ڕۆڵی کوردانی دایاسپۆرا چەند لە خەباتی ئێمە بۆ دادوەری و سەربەخۆیی گرنگە. بیرم لەو هەموو کار و خەباتە کردەوە کە ساڵانێکی زۆرە لەگەڵ هاونیشتمانییەکانم لە دایاسپۆرا دەیکەین بۆ هۆشیارکردنەوەی ڕای گشتیی جیهانی لەبارەی ئەو ستەمەی لە هەر چوار پارچەکەی کوردستان بەرامبەر نەتەوەی کورد دەکرێت. ئەو هەستەم هەر زوو بەرەو پەستی چوو، کاتێک بیرم لە پەرشوبڵاویی کورد و نەبوونی ستراتیژیی نەتەوەیی و براکوژی و حیزبایەتیی تەسک و گرووپگەرایی و شارچێتی کردەوە. ئای کوردبوون بۆ کەسانی هۆشیار چەند سەختە! لەو کاتانەدا بە قووڵی هەست بە بێدەوڵەتی و خەمێکی قورس دەکەم.

هەست دەکەم بۆ هەمیشە لە رەگ هەڵکێشراوم و هەرگیز لە پارچە زەوییەک جێگیر نابم کە بە حەقیقی و کردەنی ناوی بنێم کوردستان، یا "ماڵ".

## یەکەم سەفەری دوای ماڵنشینکردن

لەناو فارگۆنی شەمەندەفەرەکە بە دەمامکەوە لە دووریی مەترێک لەوانیدیکە دانیشتووم. لە بڵندگۆکەوە دەنگێکی بەگوڕ دەبیستم و دووپاتی دەکاتەوە کە ڤایرۆسی کۆرۆنا تەواو نەبووە، تکایە دەمامکەکانتان ببەستن، هەرکەس دەمامک نەبەستێت بە بڕی ۱۳۷ یۆرۆ سزا دەدرێت.

شەمەندەفەرەکە لە جۆری تی جی ڤی بوو، واتە شەمەندەفەری خێرا کە ۳۰۰ کیلۆمەتر بە سەعاتێک دەبڕێت. ئەو رۆژە یەکەم سەفەرم کرد بۆ پاریس بۆ کۆبوونەوەیەکی تایبەت بە کار. دڵم خۆش بوو کە ژیان تا رادەیەک هاتووەتەوە "باری ئاسایی"، بەڵام توانای بەرگەگرتنی ژاوەژاو و پیسیی ئاوهەوام کەم بووبووەوە. هەروەک کۆتایی جەنگ، هەستم دەکرد ترسێک زاڵە، خەڵک لە یەکتری دڵنیا نەبوون، لە کەشی گشتی و لە بەریەککەوتن دەترسان. کەس لەگەڵ کەس قسەی نەدەکرد، لەژێر دەمامک بزەیەکم بۆ ژنێک کرد کە کورپەکەی لە باوەشدا بوو و لە دووریی مەترێک لە من بە پێوە وەستابوو تا بیخەوێنێت. نازانم لە چاوەکانم بزەکەی منی بینی یا لە ژێر دەمامک ون بوو؟

چاو دەشێت لەو کاتانەدا لە نێوان مرۆڤەکاندا ئەندامێکی گرنگی پەیوەندی بێت، لە نێوان هاوڕێیان کە ئیتر نابێت چیتر یەکتری لە باوەش بگرن، یەکتری ماچ بکەن، یا تەوقە بکەن، نابێت لە نزیکی یەکتری دابنیشن یا تەنانەت گوزەر بکەن. ئاماژە و نیگا و تەماشاکردن و جووڵەی دەست و لەش لەکاتی گفتوگۆ و پەیوەندیدا هەمیشە گرنگ بوون، بەڵام هەستم کرد لە سەردەمی کۆرۆنادا گرنگییان زیاتر بووە، هەرچەندە لەژێر دەمامک و لە دووریی مەترێکدا کەمتر هەستیان پێدەکرێت.

یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی شارستانییەت و رێزگرتن لەوانی دیکە ئێستا بووەتە رێزگرتن لە دووری و تەوقەنەکردن و دەمامکبەستن. ئەگەر ئەمانە نەکەیت، نەک هەر تەنیا بەرپرسی ناو وێستگەی شەمەندەفەر و پۆلیس لێت دێنە دەنگ، بەڵکو خەڵکیش بیرت دەهێننەوە کە بۆ پاراستنی خۆت و هاووڵاتییان دەبێت بەو رێنماییانەوە پابەند بین. بەشێوەیەکی گشتی خەڵک لە فەرەنسا و لەو دەڤەرەی من بە رێنماییەکانی دوای ماڵنشینکردن پابەندن و لە فەزای دەرەوە و لە شوێنە داخراوەکان رەچاویان دەکەن.

ئەو ڕۆژە لەناو شەمەندەفەرەکە هەندێک لە گەشتیارەکان سەریان بەسەر شاشەی مۆبایل و تابلێتەکانیاندا شۆڕکردبووە و دیار بوو خەریکی سۆشیال میدیا یان یاری و سەیرکردنی فیلم بوون. یەک - دووانێکیان چاویان لێکنابوو و بۆرژابوون، منیش لە پەنجەرەی فارگۆنەکەوە سەیری دەرەوەم دەکرد. شەمەندەفەرەکە زۆر بە تیژی بەناو سرووشتی جوانی ناوەڕاستی فەرەنسا و ناوچەی ئاندر ئێ لواغدا تێدەپەڕی. دیمەنێکی سەرنجڕاکێش کە هەمووی کەسکایی و رووبار و جوانی بوو. کێڵگەی گەنم و گەنمەشامی و گوڵەبەڕۆژە کەتان بە ڕەنگی زەرد و سەوز و مۆرێکی ئاچوغەوە لە تابلۆی ئیمپرێشنیستەکان دەچوو. لەنێوان ڕۆشنایی و سێبەری درەختەکانی کەناری ئەو کێڵگانە جوانییەکی تایبەت دەبینرا کە مرۆڤی تووشی سەرسامی و شاگەشکەبییەکی خەمئامێز دەکرد، حاڵەتێکی ڕۆحیی ئەفسووناوی و پڕ لوغز کە وەسفکردنی ئاسان نییە.

ئەو ڕۆژە من بە هەموو هێزی بینینم سەیری دیمەنەکانم دەکرد و دەمویست ئەو جوانییە بگرم، لەناویدا جێگیر بم و لە خەیاڵمدا تۆماری بکەم. ئەو دیمەنانە هەوێنی ناوێزەن بۆ ڕۆح، بەتایبەتی لەکاتی مێدیتەیشن کە وەک دیمەنی زیندوو دەیانهێنمەوە یاد و ئیتر بەناویاندا گوزەر دەکەم، لە واقیع دادەبڕێم و دەچم بۆ حاڵەتێکی دیکە، چەشنی وەجد و عیرفان. لەو ساتانەی مێدیتەیشندا بە خەیاڵ وەک دەروێش بە دەوری خۆمدا دەسووڕێمەوە و لە سەمایەکی سۆفیانەدا فوو بە دەوری خۆمدا دەکەم وەک ئەوەی بمەوێت ئەو پشکۆیە بگەشێنمەوە کە لە ناخمدا وەک ئاگر دادەگیرسێت. ئەگەر ئیماندار بیت و باوەڕت بە خودا هەبێت، جا ئەو خودایە هەرچییەک بێت و هەر ناوێکی هەبێت وا هەست دەکەیت دەگەیتە ئاستێکی میتافیزیکی و ڕوخساری خودا دەبینیت. یا تێکەڵ دەبیت بە جوانی و وەک رووبار بێ دەربەست بەناو سرووشتدا گوزەر دەکەیت، خڵتە و خاشاک و ژاوەژاو و جەنجاڵیی ڕۆژەکان رادەدێری و دووریان دەخەیتەوە، دەبیت بە چەم یا کانییەکی هێمن کە زیخ و چەوی ناخی روون و ڕۆشن لەژێر تیشکی خۆردا دەدرەوشێتەوە. ئیتر ئەوەیە وەجد و عیرفان لە مێدیتەیشن؛ مرۆڤ هەموو جارێک بەو حاڵەتە ناگات، بەڵام جار هەیە دەتوانیت ئاگایی جێبهێڵیت و لە نائاگاییدا دۆناودۆن بیت، ببیتە درەخت، یا وەک شنەبی لەشسووک و شانەکانت بێ ئازار شۆڕ بنەوە ناو ئاوی رووبار و چەم، هەست بە نەشئە و ئارامی و تەندروستیی دەروونی و جەستەیی دەکەیت. ئەمەش ئامانجی مێدیتەیشن و خەڵوەتە کە ئەگەر تێیدا سەرکەوتوو بین بۆ ژیان لەو سەردەمە جەنجاڵەدا زۆر هاوکارمان دەبێت.

### دواساتەکانی ماڵنشینکردن

لە کۆتایی نیسان و مانگی ئایاردا گۆشەگیری و ماڵنشینکردن خەریک بوو دەبوون بە سەنگێکی قورس و بەرگەگرتنیان ئاسان نەبوو. هاوڕێکانم لە تەلەفۆن هەموویان باسی ئەوەیان دەکرد کە لە سەرەتادا بە شێنەیی ئەزموونی ماڵنشینکردنیان کردووە، بەڵام لە کۆتاکاندا ڕۆژەکانیان سەخت و تەنهاییان کوشندەتر بووە. منیش هەستم بەمە دەکرد و وەک پێشوو چالاک نەبووم. هەموو بەیانیان وەک جاران هێزی یۆگا و مێدیتەیشنم نەبوو، بۆ پیاسەی ڕۆژانەش وەک پێشوو گورجوگۆڵ

نەبووم، لە کاتێکدا دەبووایە کارەکانی زانکۆ بەجێبهێنم، کەمتر لە بواری داهێنان و نووسینەکانی خۆم و کاری تایبەت بە کوردستان چالاک بووم. نەوزادی کوڕیشم بە هەمان شێوە: ئەو زۆرتر دەخەوت و کەمتر بەشداریی لە کۆرسەکانی لە رێگەی ئۆنلاینەوە دەکرد. ئەمە هەندێک جار بۆ من دەبووە مایەی نیگەرانی، بەڵام متمانەم بەهێز و ئیرادەی کوڕەکەم ئەوەندە بەرزبوو کە هەرگیز نەبووە کێشە و گرفت. بە پێچەوانەوە، لەم بارەوەیە زیاتر گفتوگۆمان کرد، لەنێوان خۆمان و لەگەڵ هاوڕێکانیشماندا. هەستمان دەکرد دۆخی کۆرۆنا زۆر درێژەی کێشاوە و رۆژانەمان بووە بە رۆتین و هاندەرمان کەمتر بووە. ناوەناوەش لە روانگەی فەلسەفییەوە قسەمان لەسەر چەمکی تەمبەڵی و کارنەکردن دەکرد و پێمان وابوو کە زۆر ئاساییە هەندێک جار مرۆڤ لە تەواوی رۆژێکدا هیچ نەکات. بەڵام ئایا ئەو هیچ نەکردنە بەراستی تەمبەڵی و بێبەرهەمییە؟ بێئەنجامە؟ بە رای من ئەم هیچ نەکردنە لە زۆر رووەوە دروستکردنی فەزایەکە بۆ بیرکردنەوە، بۆ خەیاڵ و تێڕامان. لێرەش پرسیارێک خۆی رەپێش دەخست: ئایا ئەمانە جۆرێک نین لە ئازادی؟ من لەو ساتانەدا پشت لە واقیع دەکەم و دوور لە کێشە و بەربەرەکانێ و ناکۆکی خۆم ئازاد دەکەم.

وابەستەنەبوون بە کاری رۆژانە جۆرێکە لە پچڕان لەگەڵ دۆخێک کە مێشک هەمیشە قاڵە و جەستە بەردەوام لەسەر پێیە و دەروونمان دایم نیگەران و پەشێوە. هەندێک فەیلەسوف ئەم دۆخە بە تایبەتمەندێتیی مرۆڤی سەردەم و شارستان ناو دەبەن. دوورکەوتنەوە لەم دۆخە جۆرێکە لە دابڕان و پێویستە، جۆرێکە لەو خەڵوەت و مێدیتەیشنەی پێشتر باسم کرد، گەشتێکە بەناو خود، کەشفکردنە، گەڕانەوەیە بۆ لای جیهان و ژیان بە شێوەیەکی جیاوازتر، یا بۆ وەجد و عیرفان. ئەمە جۆرێکە لە ئازادی، چونکە بەبێ ویست و هۆشیاری و کردەوەی تۆکمە ناکرێت.

### کوردبوون: کاتێک جەستە و سەر لێک دەترازێن و دەبین بە دوو لەتەوە

ئێمە زۆر جار جەستە فەرامۆش دەکەین و وەکو پێویست ئاگامان لێی نییە. کاتێ بۆ ماوەی چەندین سەعات بە دیار شاشەی کۆمپیوتەرەکانمانەوە دادەنیشین، یا بە سەعات لەسەر تەلەفۆنین و لە یەک باردا بێ جووڵە دەدوێین، یا بەشێوەیەکی ناهاوسانگ دەوەستین و بە سەعات ناجووڵێینەوە. کاتێک لەم دۆخانە دەردەچین کە هەڵدەستین جەستە هاوار دەکات، هاوار لە شێوەی ئازارێکی زۆر لە شان و پشت و ئەژنۆکانمان هەڵدەستێت. جەستە پێمان دەڵێت ئەم حاڵەتە سرووشتی نییە، سرووشتی مرۆڤ بەرگەی ئەمە ناگرێت و پێویستە ئاگات لێم بێت. ئاگات لە خۆت بێت. لەم حاڵەتەدا هیچ نەکردن واتای تەمبەڵی یا هەڵهاتن لە کار و بەرپرسیاری ناگەیەنێت، بەڵکو بۆ تەندروستیی جەستە و ئاوەز مەرجێکی گرنگە، ئەمەش جۆرێکە لە ژیری و لە حیکمەت، تەنانەت هەندێک زانا ئەمە بە مافی مرۆڤ دەزانن، بەتایبەتی لەم سەردەمە جەنجاڵەی سۆشیال میدیا و قەرەباڵخییەی سەر تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لە ئارادایە. مێدیتەیشن بەو شێوەیەی باسم کرد،

دەمهێنێتەوە لای خۆم و سەر و جەستەم پێک دەگەیەنێتەوە.

جگە لەمە، من وەک کورد و زۆربەی ئێوە لەنێوان دوو جیهاندا دابەش بووم، کار و بەرپرسیارێتییەکانم سنووری نەتەوەیی و جوگرافی دەبەزێنن. رووداوەکانیش هەمیشە بیرمان دەخەنەوە کە دەبێت هەمیشە لەسەر هێڵ بین و هەڵوێست وەربگرین. بە واتایەکی دیکە، ئێمە ئەمرۆ لە سەردەمێکدا دەژیین جگە لە کاری رۆژانەی ناومالّ و بەرپرسیارێتیی کاری دەرەوە و نووسین و داهێنان، وای لێ هاتووە کە دەبێت هەمیشە لەسەر هێڵ بین و لەبارەی هەموو ئەو ناهەقی و توندوتیژییانەی لە جیهاندا دەگوزەرێن هەڵوێست و قسەمان هەبێت.

لەو ماوەیەدا کۆمەڵێک رووداوی دڵتەزێن و ناشایستە روویان دا. لە ئەمریکا پۆلیس لە بەرچاوی دنیا جۆرج فلۆیدی خنکاند، لە زۆربەی وڵاتانی دنیا خەڵک بۆ بەرگریکردن لە ژیانی رەشپێستەکان هاتنە سەر شەقام، مێژوویان خستە ژێر پرسیارەوە و یادەوەریی گشتییان زیندوو کردەوە، یادەوەریی لەبارەی رۆڵی رۆژئاوا لە کۆیلایەتی و کۆلۆنیالیزمدا. کەچی سەرەڕای ئەمە، سیستەمی دادوەری لە ئەمریکا دەبووایە چاوەڕێی راپۆرتی پزیشکی بکات بۆ ئەوەی بیسەلمێنێت کە جۆرج فلۆید بە راستی خنکێنراوە و لە ئەنجامی نەخۆشی و تەنگەنەفەسیی پێشوەختە نەمردووە! خاتوونێکی ناسکی وەکو دەشنێ موراد لە کوردستان رەشەبا کراسەکەی هەڵدەداتەوە و لەم ساتەدا وێنەیەکی دەگرن و لە سەر سۆشیال میدیا بڵاوی دەکەنەوە و دەیانەوێت حەیای ببەن، سووک و رسوای بکەن، وێنەکان وەک پاکانە و بیانوو بۆ بێشەرەفکردنی ئەو کچە بەکاردەهێنن بە ئامانجی لەناوبردن تا ئاستی کوشتنی سیمبۆلی. تورکیا کە دووژمنی سەرسەختی کوردە، پەکەکەی کردووەتە بیانوو بۆ سەرکوتکردنمان لە هەرشوێنێک کە کورد سەر هەڵبڕێت. بەو بیانووەوە ئەردۆغان سوپای خستووەتە گەڕ و سنوورەکان دەبەزێنێت، خاکمان داگیر دەکات و بۆردومانی خەڵکی سیڤیل دەکات. ئێران کە شەڕی بەوەکالەت لە ناوچەکە دەکات، هەرێمی کوردستانی کردووەتە ئامانج و نەک هەر بێباکانە بۆمب بەسەرماندا دەبارێنێت، بەڵکو ژێربەژێر رژێمی ئاخوند حوکمی عێراق دەکات و کار بۆ لەناوبردنی هەرێمی کوردستان دەکات.

ئەمە بۆ کەس جێگەی سەرسوورمان نییە و پلانی سیاسیی دەوڵەتانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەرامبەر بە کورد ئاشکرا و دیارە. ئەوەی جێگەی نیگەرانی و تێرامانە، دابەشبوونی کورد و پەرشوبڵاویی هێزە کوردییەکانە کە خەریکە دەبێتە هۆی ئەوەی ئەو کەمە پایە و سەنگە هەرێمایەتی و نێودەوڵەتییەی کورد هەیبوو لە دەستی دەدات. ئەمە نەخۆشییە لەناو کورددا و لە پەتای کۆرۆنا ترسناکترە. هەموو تاکێکی کورد بەدەست ئەو نەخۆشییەوە دەناڵێنێت و زۆربەش لە هەموو بوارەکان پەیڕەوی دەکەن بە فێمینیستەکانیشەوە. ئەو هێزە کوردییانەی کە بە کاریگەریی ئەو وڵاتانە شەڕی خۆکوژی و دابەشبوون دەکەن ستراتیژیی نەتەوەییان نییە و خەریکە ئامانجی ئەو دووژمنانە دەهێننە دی. هەرێمی کوردستان کە سەرەڕای هەموو

کەموکوڕییەکانی مایەی ئومێدە و دەشێت یەکەم دەرفەت بێت بەرەو ئازادیی و سەربەخۆیی لە داهاتوو، بەڵام بەهۆی پەرشوبڵاوی و خۆخۆری و بەرژەوەندخوازی و تاکڕەوییەوە خەریکە ئەو ئومێدە دەکوژێتەوە. ئەگەر کار ئاوا بڕوات، ئەوە گومان دەکرێت کە لە ئایندەیەکی نزیکدا هەرێمی کوردستان لەناوبچێت و ناوچەگەری و شارچییێتی لە شێوەی سلێمانیستان و هەولێرستان جێگەی بگرێتەوە. ئەگەر مرۆڤ توانای نەبێت کەڵک لە وانەکانی رابردوو وەربگرێت، ئەوە مێژوو دووبارە دەبێتەوە.

ئێمە لە هەموو ئەم سات و لەکاتی ئەو رووداوانەدا دەبێت لەسەر هێڵ بین، داوامان لێ دەکرێت بێینە دەنگ، هەڵوێستمان هەبێت، ئەمەش فشارێکی زۆر لەسەر دەروون و جەستەمان دروست دەکات. جگە لەوەی کە ژیانی کەسیی هەریەکێکمان پڕە لە کێشە و تەحەددا و بێ ئاڵۆزی نییە. بۆیە هەندێک جار کە فشارێکی زۆرم بۆ دێت، من بە دروستی دەزانم بێدەنگ بم، نەکەومە ژێر باری سۆز و هەست، من دژی ئەوەم نمایش بۆ رای گشتی بکەم و وەک پۆپیولیست بۆ لایک و کلیک و فۆڵۆوەر خەڵک و خۆشم لە خشتە بەرم. ئەمە راستگۆییە لەگەڵ خۆم و لەگەڵ خوێنەرانیش. لەو سەردەمە ناشیرینەدا هەندێک جار نۆرم و دۆخەکە مرۆڤ بەرەو گوتە و رەفتارێک دەبەن کە گوزارشت لە خۆیان نییە، بەڵکو گوزارشتە لە نۆرمەکان و بۆ پڕکردنەوەی بۆشاییەکی ناخە لە پێناوی لایک و کلیک و چەپڵەی عەوام. هەروەکو ئەلبێرت کامو دەڵێت: "جوامێر ئەو کەسە نییە کە دەبێت لەو ساتانەدا شتێک بکات، بەڵکو ئەو کەسەیە کە توانای هەبێت رێگە لە خۆی بگرێت و هیچ نەکات، ئەو کارە نەکات کە لەژێر پاڵەپەستۆی عەوامدا هەمووان بە رەوای دەزانن بیکەن".

لە چەند هەفتەی رابردوودا من بیرم لە هەموو ئەمانە دەکردەوە. هەندێک جار پەست و بێزار، زۆر جار تووڕە و سەرسەخت بووم، بە تایبەتی لەو کاتانەی کە دەمبینی هەق دەخورێت و راستی پێشێل دەکرێت و سنووری نێوان هەقیقەت و درۆ خەریکە بە تەواوی لەناو دەچێت. ئەگەرچی لەبەرامبەر ئەم دۆخەدا تووڕەم، بەڵام هەرگیز رقن نیم، رێگە بە خۆم نادەم رق و کینە و دژایەتیکردنی کەسانێک ببنە هاندەری کار و چالاکییەکانم، چونکە بە باوەڕی من رق نەک هەر نەخۆشییە، بەڵکو وەک ژەهرە و کوشندەیە بۆ خۆمان و بۆ ئەو دۆزەی کاری بۆ دەکەین. گەورەیی مرۆڤ لەوەدایە بەر لە رق و تۆڵە بگرێت و وەک رووبار رێ بکات، تێکەڵ بەوانە ببێت کە لە دەرەوەی رق و ئیرەیی و شەڕانگێزییەوە ئۆقیانووس دروست دەکەن. لەو ماوەیەدا جگە لە کاروبارەکانی خوێندنی باڵا، زۆرم دەخوێندەوە و دڵخۆش بووم کە توانیم گوتارێک بە ناوی "سەردەمی پاش حەقیقەت" بنووسم و بڵاوم کردەوە.

### سەردەمی پاش حەقیقەت

بە کورتی، بۆ ئەو خوێنەرانەی ئەو وتارەیان نەبینیوە، "سەردەمی پاش حەقیقەت" باس لەوە دەکات کە ئێمە ئێستا لە

قۆناخێکدا دەژیین حەقیقەت چیتر وەک کۆنسێپت و فاکت، وەک بەڵگە و داتا مانای نییە، بەڵکو بووەتە را و بۆچوون و مشتومڕ و ئەجێندای کەسیی کەسانێک کە بۆ گەیشتن بە ئامانجی سیاسی و ئابووری و پایەی کۆمەڵایەتی دەیشێوێنن. لەم سۆنگەیەوە، حەقیقەتی مرۆڤەکان چیتر گرنگ نییە، تۆ لە چ ئاستێکی فیکری و مەعریفیدایت گرنگ نییە، بەڵکو ئەوەی گرنگە ئەوەیە کە چۆن بتوانیت ئەم یارییە بکەیت، چۆن بتوانیت خەڵک لە خشتەبەریت، چۆن بتوانیت پرۆفایلێکی جوان بۆ خۆت دابڕێژیت و خۆت بگەیەنیتە پایەی دەسەڵات و یاری بە هەستی خەڵک بکەیت و سنووری نێوان حەقیقەت و درۆ ببەزێنیت بە جۆرێک کە، هەروەک هانا ئارنت دەڵێت، مرۆڤ ئیتر نەتوانێت درۆ و راستی لە یەکدی جیابکاتەوە. بە رای هانا ئارنت تۆتالیتاریزم ئا لەم خاڵەوە دەست پێدەکات.

کۆنسێپتی پاش حەقیقەت باس لە لێکترازان دەکات لەگەڵ سەردەمێک کە کۆمەڵێک بەهای ئەخلاقی و پرەنسیپ هەبوون لە پەیوەندییەکانی نێوان خەڵک، لە پەیوەندیی نێوان دەسەڵات و هاووڵاتی، نێوان میدیا و رای گشتی. لە سەردەمی پاش حەقیقەت بەهاکانی وەکو راستگۆیی و ئازادیی رادەربڕین لەسەر بنەمای رێزگرتن لە ئازادیی کەسانی دیکە، هەستکردن بە بەرپرسیارێتی لەناو کۆمەڵگە، ئەقڵ بۆ راڤەکردن و تێگەیشتن و بەرگریکردن لە حەقیقەت، ئەمانە نەمان و فەرهەنگێک دروست بوو کە ئاڵۆزی و دژوارییەکانی جیهان سادە و بچووک دەکاتەوە بۆ دوو سەنگەر و دوو جەمسەری رەها و دژ بە یەک: چاک و خراپ، خوداوەند و ئەهریمەن، ئێمە و ئەوان. سەردار و فۆڵۆوەر و دەرویشانی ئەم دوو سەنگەرە یەکدی تەواو دەکەن و بە مەبەستی سەپاندنی دەسەڵات و قۆرخکردنی رای گشتی بە سۆز و مەزاج یاری بە هەستی خەڵک دەکەن.

لە هەرێمی کوردستان رەفتار و فەرهەنگ و سیاسەتی پاش حەقیقەت زۆر بە زەقی دیارە و پیادە دەکرێت. لەگەڵ هەر کەسێک قسە دەکەیت، دەبینیت کە رۆژانە ئازار دەچێژێت و دڵتەنگ و نیگەرانە و لەگەڵ خۆی و لەگەڵ دەوروبەری ناکۆکە، هەست بە غەدر و بێدادی دەکات. تاکی کورد لە بارودۆخێکی ناهەموار و پڕ نیگەرانی و سترێس ئەزموونی ژیان دەکات. میدیای ناپیشەگەر و دیجیتاڵیی ٢٤ سەعاتەی حیزبەکان بەبێ وەستان هەواڵی نادروست و بەبێ بەڵگە و بنەما بڵاودەکەنەوە کە ختووکەی خەڵک دەدەن، مێشکی خەڵکی پێ دەشۆنەوە و توانای بیرکردنەوە و ئەقڵانیەتیان دەکوژن. تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانیش بوونەتە سەکۆی خودپەرستی و هەڵپەرستی و خۆنمایشکردن کە بەپێی مەزاج و ئەجێندای گرووپ و حیزب و میدیا و رۆشنبیرە ئۆلیگارشییەکان جێبەجێ دەکرێت. فەیسبووک و ئینستاگرام و تویتەر و هتد. لەلایەن ئەو گرووپانەوە بە ترس و هەواڵی درۆ و رقاوی تەنراون. لەم سەکۆ و میدیایانەدا رای گشتی نییە، بەڵکو یاریکردن بە هەست هەیە؛ پەیوەندییەکان تێکچوون، زمانی زبر و ناشیرین بووەتە باو تا ئاستی جنێودان و لەخشتەبردن کە لە رێگەی بەکارهێنانی ئەکاونت و ماڵپەڕ و پەیجی ساختە و رەفتاری نابەجێ و ئازاربەخش دەکرێت. گوتار و نووسینی سەنگین و زانستی و ئەکادیمی و بەڵگەئامێز ئیتر بە دەگمەن دەخوێنرێنەوە و لە بەرامبەردا سادەکاری و گوتاری هەستبزوێن و

رواڵەتکاری تا ئاستی پۆرن بە مەبەستی مێشک شووشتنەوە و خەساندن و مۆنۆپۆلیزەکردنی رای گشتی زاڵە. سەنگی مەحەکیش بوو بە ژمارەی کلیک و لایک و فۆڵۆوەر.

## کۆتایی ساڵی ئەکادیمی

جگە لە نووسینی ئەو وتارە و وتارێکیش بە زمانی ئینگلیزی، هەر لەو ماوەیەدا کاروبارەکانی خوێندنی باڵا و زانکۆم زۆر لەسەر کۆبووبوونەوە، بەتایبەتی راستکردنەوەی تاقیکردنەوەی قوتابییەکانم و رادەستکردنی ئەنجامی کۆتایی نمرەکان بە زانکۆ و سازدان و بەڕێوەبردنی وێبینارێکی تایبەت بە کاریگەریی کۆرۆنا لەسەر پەنابەر و ئاوارەکان فشاری زۆری بۆ دروست کردبووم. لەکاتی نمرەدانان بۆ قوتابییەکانم ئەمساڵ خۆم لەبەردەم بەرپرسیارێتییەکی ویژدانیی گەورەدا دەبینییەوە: قوتابییەکانم بەشێکی زۆریان بیانی بوون، لە وڵاتانی دیکەوە هاتبوون و لە ماوەی ماڵنشینکردن لە ژوورێکی بچووکی سێ - چوار مەتری لە باڵەخانەیەکی چیمەنتۆساز لە پاریس خۆیان مات کردبوو. ئەوان زیاتر لە هەموو کەس هەستیان بە تەنیایی و گۆشەگیری و مەترسییەکانی کۆرۆنا دەکرد. سەرەڕای ئەمەش، لە کاتی کۆرسەکان لە رێگەی زوومەوە، هەموویان ئامادە دەبوون و بەشدارییەکی چالاکانەیان دەکرد.

ئەو گوتارەی کە قوتابییەکانی ماستەرم دەبوایە بینووسن ئاسان نەبوو (چوار هەزار وشە لەبارەی توندوتیژیی سێکسی و جێندەری لە کاتی جەنگ و ناکۆکییەکان). کەچی هەر هەموویان گوتارەکانیان ئامادە کرد و لە تاقیکردنەوەی زارەکییش لە رێگەی زوومەوە پێشکەشیان کرد. چۆن بتوانین لەم بارودۆخەدا حەقانی و دادوەرانە نمرە و هەڵسەنگاندنەکان دابنێین؟ بۆ من ئەمە ئەزموونێکی ئاسان نەبوو. دوو لە گوتارەکان ئەوەندە جوان و بەهێز بوون بڕیارم دا کە لە گۆڤارەکەی زانکۆی بریستڵ بە ناوی گۆڤاری توندوتیژیی جێندەری، کە من تێیدا ئێدیتەری رۆژهەڵاتی ناوەڕاستم، بڵاویان بکەینەوە. بەڵام لەبەر ئەوەی گۆڤارەکە ئەکادیمییە و بەبێ را و هەڵسەنگاندنی دوو پسپۆڕ لە بوارەکە (ئەوەی کە بە ئینگلیزی پێی دەڵێن پییە ریڤیو) مەحاڵە بە فیلتەری تەحریردا تێپەڕن و بڵاوببنەوە، بۆیە رۆژێکم تەرخان کرد بۆ نووسینی هەندێک سەرنج و تێبینی و بۆ قوتابییەکانم نارد و داوام لێ کردن لەژێر رۆشنایی سەرنج و تێبینییەکان وتارەکە دەوڵەمەندتر بکەن. ئەوانیش سوپاسگوزار بوون و دوای چەند رۆژێک گوتارەکانیان چاک کرد و ناردیانەوە بۆم.

وێبینارەکەی سیانسپۆ لەبارەی کاریگەریی کۆرۆنا بوو لەسەر پەنابەر و ئاوارەکان کە ئامادەکردن و بەڕێوەبردنی خرابووە ئەستۆی من. بەشێوەیەکی گشتی ئەو وێبینارە زۆر بە باشی بەڕێوەچوو. ئامانجمان ئەوە بوو بە دەنگ پەنابەر و ئاوارەکانەوە بچین و بە بەڵگە لەبارەی کۆرۆنا و بارودۆخی ئەو ئاوارە و پەنابەرانە زانیاری و زانین بەرهەم بهێنین،

بەتایبەتی لە روانگەی جێندەرییەوە. ئامانجی سەرەکیمان بریتی بوو لەوەی کە شرۆڤەی ئەکادیمی و فاکتەکان لێک بدەین و گوتارێکی بەڵگەئامێز و تۆکمە دابرێژین و بیخەینە بەردەم سیاسەتمەدار و دارێژەرانی پۆلەسی لە یوئێن و یەکێیتی ئەوروپی و حکومەتانی ناوچەکە تا کاری پێ بکەن بە ئامانجی باشترکردنی دۆخی پەنابەر و ئاوارەکان و دابنیکردنی پێداویستییەکانییان لە سەردەمی کۆرۆنادا.

## سەدای گریانی گۆی زەوی و تەنیایی ئێمە

ئەمە دوابەشی ئەو کۆرۆنانامەیە کە ئەزموونێکی دەگمەن لە جیهانێکی بریندار و سەردەمێکی دژوار و سەخت بەیاد دەکات. ئەزموونی ماڵنشینکردنی سەردەمی کۆرۆنا فێرگەیەک بوو بۆ من پڕ لە پرسیار و تێڕامان. بینیم مرۆڤ چەند ناسکە و چۆن دەبێت ئاگامان لێی بێت، ئاگامان لە خۆمان و لە یەکدی بێت، ئاگامان لەوە بێت هەستی یەکدی بریندار نەکەین، لە بەرامبەر یەکدیدا بێباک و تاکڕەو و بەرژەوەندیخواز نەبین. مرۆڤ زۆر ناسکە و هێڵێکی تەنک، زۆر تەنک، لە مەرگی جیا دەکاتەوە؛ لەنێوان ژیان و مەرگدا هێڵێکی تەنک هەیە کە دەشێت لە چرکەیەکدا بپچڕێت و لە ژیانەوە بکەوینە دیوی دووەم و بە ئێجگاری ون ببین. بۆ ئەوەی کە دەمێنێتەوە لەو دیوەی ژیان، چەند گرنگە ویژدانی ئاسوودە بێت!

لەم ئەزموونەدا درکمان بە گرنگیی پەیوەندیی مرۆڤ لەگەڵ مرۆڤ کرد، درکمان بە گرنگیی ئاشتی و پێکەوەیی کرد، پێکەوەبوونێکی جوان لەگەڵ خۆمان، لەگەڵ هاوژینەکانمان، لەگەڵ کوڕ و کچەکانمان، لەگەڵ خوشک و براکانمان، لەگەڵ دایک و نەنک و باوانمان، لەگەڵ ئەوانی دیکە کە جیاوازن لە ئێمە. درکمان بەوە کرد کە چەند گرنگە لە پەیوەندییەکانماندا لەگەڵ یەکدی تووندوتیژ نەبین، زمانی زبر و ناشیرین بەکارنەهێنین و رێز لە خۆمان و لەوانی دیکەش بگرین. رێزگرتن جەوهەر و بنچینەی هەموو پەیوەندییەکانە، تەنانەت خۆشەویستییش بەبێ رێزگرتن واتای نامێنێت.

بینیمان کە پەتای کۆرۆنا وەک مەنفا وایە، لە رەگ و ریشەوە هەڵماندەکێشێت و لە پانتاییەک جێگیرمان دەکات کە جێگەی حەز و ئارەزووی ئێمە نییە. تێگەیشتین کە تەندروستی و ئاشتی و ئاسایش بە ئەندازەی ئازادی بۆ مرۆڤ گرنگن. ئەمانەش بە هێزی سوپا و چەک و تەقەمەنی نایەنە دی. سوپا لەو ساتەوەختەدا چ سوودێکی هەیە لە بەرامبەر کەرتی تەندروستی؟ ئێمە بینیمان لە ساتەوەختی کارەساتێکی وەک کۆرۆنا، بۆ پاراستن و خۆشگوزەرانیی کۆمەڵگە، کەرتی تەندروستی زۆر لە سوپا و چەک و تەقەمەنی گرنگترە. ئەمەش هۆشیارییەکی نوێیە بۆ سەرانی سیاسی لە سەرانسەری جیهان و هیواخوازم کە لێیەوە فێربن و ئەو بودجە زەبەلاحەی لە پڕچەککردنی سوپا و کڕینی مووشەک و تۆپ و چەکی

کۆمەڵکوژی خەرجی دەکەن، تەرخانی بکەن بۆ کەرتی تەندروستی و بۆ پەروەردە، کە گرنگترین و ماندووترین کەرت بوون لە ماوەی کەرەنتینە و ماڵنشینکردن.

بینیمان رووداوێک لەوپەڕی جیهان، لە شارێکی چین رووددەدات و تەواوی مرۆڤایەتی تووشی سڕبوون دەکات، جووڵەی ئابووری دەوەستێنێت و دەبێتە مەترسی بۆ سەر تەندروستیی هەموو مرۆڤەکانی سەر گۆی زەوی. ئەمە پێی گوتین کە ئێمە هەمووماان بە جۆرێک لە جۆرەکان لە بەرامبەر یەکدی بەرپرسیارین، بەرپرسیارین بەرامبەر بەوەی لە دەوروبەرمان رووددەدات، بۆیە پێویستە بە هۆشیارییەوە هەڵسوکەوت بکەین. پێویستە لەمانەوە فێر بین رەها نەبین، بێباکانە رەفتار نەکەین، بێباکانە حوکم نەدەین، بەڵکو فێرببین خۆمان بخەینە جێی ئەوانی دیکە تا زیاتر لێیان تێبگەین و لەم کردەیەشدا تاکڕەو و خۆپەرست نەبین، بەڵکو پێکەوە بۆ دروستکردنی پەیوەندی و واقیعێکی جوانتر بۆ خۆمان و دەوروبەرمان هاوکار بین.

بینیمان لەکاتی کارەسات و پەتایەکی وەک کۆرۆنادا جیاوازی لەنێوان سەرۆک و هاوڵاتییەکی سادە و عەوام نییە؛ ڤایرۆس دەوڵەمەند و سەرکردە و هەژار ناناسێت، هەمووماان پێکەوەین لەم گەشتەدا و پێکەوە بەرەوڕووی تەحەدداکان دەبینەوە و ئەزموونی سەرەنجامەکانی دەکەین. بینیمان چۆن وەک لافاوی نووح هەمووماان سواری کەشتیی کەرەنتینە و ماڵنشینکردن بووین بۆ مانەوەی خۆمان و بوونەوەرەکانی سەر ئەم زەمینە خۆمان گرمۆڵە کرد و ماڵنشین بووین.

بینیمان تەکنەلۆژیای نوێ بووە جێگرەوە و رەهەندێکی نوێی بە کار و پەیوەندییەکان بەخشی. ئایا گوتنەوەی کۆرس و وانەکان، کارکردن و کۆبوونەوە و کۆنفرانس لە رێگەی زووم و سکایپ و گووگڵ و هتد. دەتوانن ببنە جێگرەوەی کارکردنی کلاسیکی؟ ئەی پەیوەندیی مرۆڤ لەگەڵ مرۆڤ دەچێتە کوێی ئەم هاوکێشەیەوە؟ ئایا لە داهاتوودا ئەمانە دەبنە هۆکاری سەرەکیی کار و پەیوەندییەکانمان؟ ئەی مرۆڤ لەم پانتاییە پڕ تەنیایی و ماشێنبازییەدا چی بەسەردێت؟

ئێمە بینیمان سەرەڕای دوورییەکان، مرۆڤ حەزی پێکەوەبوونی زۆر بەهێزە. هاوڕێ و دۆست و خۆشەویستان، ئەندامانی خێزان، هونەرمەند و میوزیکژەن و نووسەران دەتوانن پێکەوە بن و پێکەوە هەڵبکەن. دەتوانن لە پەیوەندییەکی جواندا بن، دەتوانن پێکەوە هاوکار بن، داهێنان بکەن و لە بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی و مەترسی و ناشیرینییەکانی سەردەم بەشداربن. ناسنامەی ئێمە دەشێت لەو پێکەوەبوونەدا لە خۆشەویستیدا بەرجەستە ببێت. دەشێت لە فەرهەنگ و هونەر و داهێناندا بەرجەستە ببێت بە جۆرێک کە ببێتە هۆکار یا هاندەرێک بەرەو جوانیی ژیان و هاوڕێیەتی و پێکەوەبوونێکی مرۆڤانەتر.

درکمان بەوە کرد کە مرۆڤ چەقی گەردوون نییە، گەردوون هەمەجۆرە و لە سیستەمێکی بایۆدایڤێرسیتیدا گەشە دەکات. ئێمە لە پەیوەندیی راستەوخۆداین لەگەڵ ئەو هەمەجۆرییە، لەگەڵ سرووشت، لەگەڵ مرۆڤ و بوونەوەر و ئاژەڵ و باڵندە و زیندەوەرەکان، وەک بوونەوەری ئەم گەردوونە پێکەوە بەستراوینەتەوە، پێکەوە گرێ دراوین و دەبێت لەو ئەزموونە کورت و سەختەوە ئەوە فێربین کە رێز لەو پەیوەندییە لەگەڵ سرووشت و زیندەوەر و بوونەوەرەکان بگرین بە هەموو جیاوازییەکانمانەوە.

بینیمان کە ژنە سەرکردەکانی جیهان وەک ئەنگێلا مێرکێل و جاسیندا ئاردێرن و هتد. چەند جوان و بەتوانایانە ستراتیژیی بەرەنگاربوونەوەی کۆرۆنایان دارِشت و وڵاتەکانیان باشتر لە دۆناڵد ترەمپ و بۆریس جۆنسن لە مەترسی و مەرگ و نەخۆشی پاراست. ئەمەش پێی گوتین کە رەوا نییە تائێستا توخمی نێر حوکمی جیهان بکات، رەوا نییە ئافرەت تائێستاش وەک "زەعیفە" و "شەرەفی پیاو" سەیر بکرێت، بخزێنرێنە ناو ماڵ و ژوورە تەنیاکانەوە و لە کایەی سیاسی و فەرمانڕەوایی وەدەربنرێت.

بینیمان کە مرۆڤ تائێستاش لەبەر جیاوازیی رەنگ و رەگەز و زمان سووکایەتی بەرامبەر دەکرێت، دەکوژرێت و لە شار و گەڕەک و دەڤەر راودەنرێت. بینیمان کە ئەگەر هۆشیار بین دەتوانین ئەو دۆخە وەک بەرگری و هەڵوێست بۆ بەرەنگاربوونەوەی چەوساندنەوە و توندوتیژییەکان بەکاربهێنین. درکمان بە گرنگیی ئەوە کرد کە هەبوونی جیاوازی نابێت ببێتە بەربەست بۆ پێکەوەبوون و گفتوگۆ و هاوکاری، بەڵکو جیاوازیی نێوان من و تۆ دەکرێت ببێتە مایەی دەوڵەمەندی لە ژیان، دەوڵەمەندیی فیکر و پەیوەندی و کار و داهێنان.

درکمان بەوە کرد کە سەرەڕای کارەساتەکان، نابێت بیرمان بچێت سەما بکەین، گۆرانی بچڕین، کتێب بخوێنینەوە و خەون ببینین و هەست بە جوانی بکەین و تێیدا جێنشین بین، دڵفراوان و لێبوردە و بەخشندە بین. دوور لە رق و ئیرەیی و خۆخواردنەوە فەزیلەت لە رۆژەکانماندا بچێنین و کار و کردەوەکانمانی پێ رەنگین بکەین.

لە سەرووی هەمووی ئەمانەوە گوێمان لە سەدای گۆی زەوی بوو، بینیمان گۆی زەوی دەگری و داوامان لێ دەکات بە هێواشی بەسەریدا هەنگاو بنێین، لێمان دەپارێتەوە هێور ببینەوە و ئاگامان لێی بێت، ئەگەرنا بەرەو نەمان و تێکشانی دەبەین، لەگەڵ ئەویش هەموومان لەگەڵ داهاتووی مرۆڤایەتی لەناو دەچین و تێک دەشکێین. مەترسییەکانی ڤایرۆسی کۆرۆنا هەر ماون، ئێستا قۆناخی سەرەتای سەردەمێکی دیکەیە کە ئەگەر مرۆڤایەتی سوودی لێ وەربگرێت، دەتوانێت گۆی زەوی و خۆی و داهاتووی مرۆڤایەتییش بپارێزێت.

## دوا گوتە

ئەو کۆرۆنانامەیە نزیکترین دەقی من بوو لە خوێنەر، چونکە لە ڕێگەی ئەم دەقەوە وەک شاهێدحاڵێک ویستم ئەو ئەزموونە تایبەتەی کۆرۆنا تۆمار بکەم، نەک تەنیا بۆ خۆم و خۆشەویستانم، بەڵکو بۆ ئێوەش، بۆ دروستکردنی پەیوەندییەکی مرۆڤانە و فیکری لەگەڵ خوێنەرانی هاوزمانم. خۆشحاڵم ئەگەر ئەو گوتانە کەمێک کاریگەرییان هەبێت و بۆ داهاتوو سوودێک بگەیەنن و بۆ خوێنەرانیش بووبێتە مایەی چێژ لە خوێندنەوە و تێڕامان و پرسیار. لە هەر وشەیەکدا بیرم لەوە کردووەتەوە کە خوێنەر نائومێد نەکەم. تا بۆم کرابێت ئەزموون و ژیانی خۆم تۆمارکردووە و لەگەڵ خوێنەر ڕاستگۆیانە دواوم، ئەوەش، سەرەڕای ماڵنشینکردن و دووری و گۆشەگیریمان، جۆرێک بوو لە گفتوگۆ و پەیوەندی، جۆرێک بوو لە پێکەوەیی و ڕەواندنەوەی تەنیاییمان.

سەرچاوە: ماڵپەڕی ڕووداو - ڕێکەوتی: ١٧ی جوولای ٢٠٢٠

---

**کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ڕەحمان نەقشی**

**ڕەزبەری ٢٧٢٠ی کوردی = ئۆکتۆبەری ٢٠٢٠ی زایینی**